

مونیر حەداد دادوەری پێشووی دادگای باڵای تاوانەکان:

**ڕژێمی بەعس تەجروبەی کیمیایی و بایلۆجیی لەسەر زیندانییانی کوردی فەیلی کردووە**


گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سییەم (١٣٩٤)- (١٨)ی کانونی یەکەم ٢٠٢٣


# عێراق لە ساڵی ٢٠٢٤دا

# چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان، یان دووبارە هەڵپەساردنەوەیان






# هاتنی تیپی زەیتوونی کۆریای باشوور بۆ کوردستان

٩٥

لە بابەتی عێراق و رووخانی رژێمدا ئەمەریکا هەوڵێکی زۆری دیپلۆماسیی خستبووە گەڕ بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارەی وڵاتان رازی بکات کە سوپا و سەربازەکانیان رەوانەی عێراق بکەن، تەنانەت ئەگەر هێزێکی رەمزیش بێت. لەو چوارچێوەیەدا کۆریای باشوور لەو وڵاتانە بوو وەڵامی هەڵەکانی ئەمەریکای بە ئەرێنی دایەوە و بەشدار بوو. بۆ ئەم مەبەستەش شاندێکی کۆری سەردانی زۆربەی ناوچەکانی عێراقیان کرد و لە درێژەی سەردانەکەیاندا سەردانی هەرێمی کوردستانیشیان کرد. دوای بەسەرکردنەوەی ناوچەکانی عێراق و کوردستان، بڕیاریان دا ئامادەن تیپێکی سەربازییان رەوانەی عێراق بکەن بە مەرجێک لە کوردستان جێگیر بکرێن. ئەمەریکاش داوای لێ کردین کە بەهاتنی تیپی سەربازی کۆری رەزامەند بین. دواتر تیپێکی سەربازی کۆری بە ناوی (تیپی زەیتوون) هاتنە کوردستان و لە نزیک هەولێر جێگیر کران.

ئەوەی راستی بێت ئەفسەر و فەرماندە و سەبازە کۆرییەکان، نموونەی رەوشتبەرزی و ئەخلاق و پەروەردە بوون. لە ماوەیەکی زۆر کەمدا پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ دامودەزگا حکوومی و سەربازییەکان و پێشمەرگە و جەماوەری کوردستان دروست کرد، هاوکارییەکی زۆر و بەچاوی مرۆڤدۆستانەیان هێنایە کوردستان و خزمەتێکی بەرچاویان بە خەڵکی کوردستان کرد، چەندان قوتابخانە و نەخۆشخانەی بچووکیان دروست کرد، یان سەر لە نوێ نۆژەنیان کردنەوە. بڕێکی بەرچاو و دیاری کەرەستە و پێداویستیی قوتابخانە و قوتابییانیان دابین کرد. دەوڵەتی کۆریای باشوور بایەخی بە بوونی هێزەکانی لە کوردستان دەدا و، سەرۆککۆمار و وەزیری بەرگریی کۆریا بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی سەربازەکانیان سەردانی هەولێریان کرد. بوونی تیپی زەیتوونی کۆریا هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ دروستبوون و بەستنی پەیوەندییەکی بەهێز و پتەوی نێوان گەلی کوردستان و گەلی کۆریا.

لە کاتی سەردانی نێچیرڤان بارزانیدا بۆ کۆریا پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرد و رێزێکی زۆریان لێ نا و لە شەقامەکانیش کاتێک خەڵکی کۆریا زانییان کێ هاتووەتە وڵاتەکەیان، بەخێرهاتنێکی گەرمیان دەکرد. تیپی زەیتوون بۆ ماوەی دوو ساڵ لە کوردستان مانەوە و دواتر گەڕانەوە وڵاتەکەیان. دونیایەک مەمنوونیان بووین و خۆشحاڵ بووین بە دۆستایەتی و بوونیان لە کوردستان.

## چاپکراوی نوێ




بەرگی هەشتەمی کتێبی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان) لە نووسینی(نەجمەدین عەزیز سمایل) بە بەرگێکی ناوازە و بە(٥٣٦) لاپەڕەی قەبارە گەورە کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە. ئەم کتێبە بریتییە لە بیبلۆگرافیایەك کە ناو و ژیاننامە و چالاکییەکانی ژمارەیەك نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیر و هونەرمەند و ڕۆژنامەنووسی تێدایە، نووسەر زۆر کارامە و لێزانانە توانیویەتی بە شێوەیەکی ئەدەبی و داڕشتنێکی کوردییانە پەی بەم ئەرکە ببات و شان بداتە بەر ئەرکی قورسی نووسین و ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە.

نووسەری ئەم کتێبە زۆر بە وردی ئاماژەی بە ڕۆڵ و چالاکییەکانی ئەم پۆلە ڕۆشنبیرو کەسایەتییە کردووە. ئەو لە هەندەرانەوە ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووە و بە سوود وەرگرتن لە خودی کەسایەتییەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری وێنە و ئەرشیڤەکان، یانیش پشتبەستن بە کوردیپیدیا و پەیجی خۆیان ئەم بەرهەمەی پێشکەش بە خوێنەران کردووە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ناودار مامۆستا فەرهاد عەونی پێشەکی ئەم بەرگەی نووسیوە بە ناونیشانی (یاخوا ئەستێرەکانی هەمیشە لە گەشانەوەدا بن) جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم کارە ئەوە نییە کە بە خێرایی بە سەریدا تێپەڕین، بەڵکو دەبێ هەڵوەستەیەکی لەسەرەخۆی بۆ بکرێ، بە مەبەستی لێکدانەوە و شیکردنەوەی ژیانی ئەو ئەستێرانەی ئاسمانی کوردستانیان گەشاندۆتەوە لە چەندین بواری جیاوازدا. ئەوەی جێی باسە کاری هەڵەچن و پێداچوونەوەی زمانەوانی لەلایەن هاوکارمان بەهادین جەلال مستەفا و دیزاینی بەرگ و ناوەوەی لەلایەن عوسمان پیرداود ئەنجام دراوە، لە ئێستاشدا نووسەر سەرقاڵی ئامادەکردنی ژیاننامە و چالاکییەکانی ژمارەیەکی دیکەی ڕۆشنبیر و کەسایەتییەکانە بۆ بەرگی نۆیەم کە هیواخوازە لە ئاییندەیەکی نزیکدا چاپ بکرێت. دەستخۆشی بۆ نووسەر (نەجمەدین عەزیز سمایل) بە هیوای بەرهەم و سەرکەوتنی بەردەوام.




## چاپکراوی نوێ

یەکێك لە شاکارەکانی زانکۆی جیهان کە لە ساڵی ٢٠٠٣ دا چاپ و بڵاوکرایەوە (ئەتڵەسی کوردستان ٩٧٧- ١٩٦٤زایینی )یە، لە ئامادە و پێشکەشکردنی دکتۆر (نەوزاد یەحیا باجگر)، نەخشەی ئەم ئەتڵەسە لەلایەن هەمزە ڕەحمان کۆکراوەتەوە.

دکتۆر نەوزاد یەحیا باجگر سەرۆکی دەستەی ئەمینداریێتیی زانکۆکانی جیهان سەبارەت بەم ئەتڵەسە لە پێشەکیی بڵاوکراوەکەدا نووسیویەتی: نەخشە گرنگترین بەڵگەی مێژووییە، تاپۆیەکە خاوەندارییەتیی خاك دەسەلمێنێت، ئەتڵەسی کوردستان (١٠٧) نەخشەی گرنگ و دەگمەن دەگرێتە خۆ، لەم هەزار ساڵەی دواییدا لەنێوان(٩٧٧-١٩٦٤ز) لە چەند وڵاتێکی بیانیدا ئامادەکراون و بڵاوبوونەتەوە، تێیاندا ئاماژە بە ناوی کوردستان کراوە، بەمە دەیسەلمێنن کە کورد خاوەنی ئەم خاکەیە. هەر لە درێژەی پێشەییەکەیدا هاتووە: زانکۆی جیهان خۆی بە بەختەوەر دەزانێت ئەم ئەرکە پیرۆزەی ئەنجام داوە، زیاتر لە شەش ساڵە لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ کۆکردنەوەیان، لە ئەرشیفی عوسمانی و چەند وێبسایت و سەرچاوەیەکە وەرگیراون و وەك خۆیان خراونەتە ڕوو، زانکۆی جیهان وەك دیارییەك پێشکەش بە مێژووی کوردی دەکات لە پێناو دەرخستنی ڕاستییە مێژووییەکان.

(ئەتڵەسی کوردستان ٩٧٧-١٩٦٤زایینی ) لە (١١٤) لاپەڕەی قەبارە گەورە بە دیزاینێکی ناوازە و شایستە




چاپکراوە، یەکەم نەخشەی نێو ئەتڵەسەکە بۆ ساڵی ٩٧٧ی زایینی دەگەڕێتەوە کە نەخشەیەکە بە ڕەش و سپی بڵاوکراوەتەوە کە بە خەتی دەست نووسراوە، دوا نەخشەش هی ساڵی ١٩٦٤ی زایینییە کە بە زمانی ئینگلیزی چاپکراوە.

گرنکیی ئەم ئەتڵەسە ناوازەیە لەوەدایە کە ماندووبوونێکی زۆری دکتۆر نەوزاد یەحیا باجگر و کاک هەمزە ڕەحمانی پێوە دیارە لە ڕووی گەڕان بە دوای سەرچاوەکان و ئەو ژێدەرە باوەڕپێکراو و ڕێگەپێدراوانەی کە بۆ ئامادەکردنی ئەم ئەتڵەسە پشتی پێ بەستوون و لە کۆتایی ئەم بڵاوکراوەیەدا ڕیزی کردوون.

لە هەمان کاتدا کاتێ سەیری ئەم ئەتڵەسە ناوازە دەکەین ڕێزبەندیی نەخشەکانمان بەرچاو دەکەوێت کە بە پێی ساڵەکان چاپکراون، بۆیە دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەوانەی بەدوای ڕاستییەکان و ڕابردوو و دیرۆکی کوردستاندا دەگەڕێن و دەیانەوێت زانیاری کۆبکەنەوە، زۆر بە ئاسانی دەتوانن چاو بەنێو نەخشە بڵاوکراوەکاندا بخشێنن و ئەوەی مەبەستیان بێت سوودی لێ ببینن. لە هەمان کاتدا قوتابیانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا و توێژەرانیش بۆ ئامادەکردنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانیان پشتی پێ دەبەستن.

لە ڕاستیدا ئەو هەوڵەی دکتۆر نەوزاد یەحیا باجگر شایانی پێزانینە و کتێبخانەکانی کوردستانی دەوڵەمەند کردووە، بە هیوای سەرکەوتن و بەرهەمی زیاتر.

د. ئەحمەد سەفار :




**له بەغدا شتێک نییه بە ناوی دەستوور و یاسا و بودجە، تەنانەت وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراقی فیدراڵیش سەربەخۆیی خۆی لە دەست داوە**

پرۆفیسۆر جەیمس سپێرلینگ :



**تا ئایندەیەکی نزیک ڕووسیا و ئۆکرانیا شەڕی شەکەتکردنی یەکتر دەکەن**

ماهیر سورچ :



**چەکدارانی پەکەکە لە هەر شوێنێک بن نائارامی و گێرەشێوێنی دەنێنەوە**

پرۆفیسۆر ستیڤن زونێس



**دەکرێت شەڕی ئیسرائیل و حەماس لە کۆنترۆڵ دەربچێت**





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار رەحمان


بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری


Web: www.gulanmedia.com

ماموستا ئومێد عومەر سەعدوون :



**بوونی سێ حزبی ئیسلامی لە کوردستان بۆ کۆمەڵگەی ئێمە کێشەیە**

**ئەو خێزانانەی منداڵی ئۆتیزمیان هەیە بە بارودۆخێکی سەختدا تێپەڕ دەبن**



ئالین:

**هونەری کوردی هۆکاری پاراستنی زمان و کلتوورمانە**



**کانزای زینک بەرگریی لەش بەهێز دەکات**



**درۆنێک بچووکتر لە مۆبایلێک**



لڤین نووری :

**پەرە بەتواناکانم دەدەم بۆ بەدەستهێنانی خەونەکانم**







## عێراق لە ساڵی ٢٠٢٤دا

# چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان یان دووبارە هەڵپەساردنەوەیان

**لەناو ئەو پشکەی هەرێمە کە بە ١٢,٦٪ خەملێنندراوە و لەناو بوجەی عێراقدا وەک مووچەی تەواوی فەرمانبەران جێگەی بۆ نەکراوەتەوە**

**لە ئاداری ٢٠٢٣وە بە بڕیاری لێژنەی دادوەریی پاریس «کە عێراق سکاڵای لەسەر تورکیا تۆمار کردبوو»، هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بە ڕێگەی تورکیا بۆ بەندەری جیهان ڕاگیراوە**

**پێداویستیی ناوخۆی عێراق بۆ نەوت، زۆر لەو ڕێژەیە زیاترە کە هەرێمی کوردستان بەرهەمی دەهێنێت، بۆیە دەکرا نەوتی هەرێمی کوردستان بەکار بهێنرایە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆی عێراق**

لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢، حکومەتی هاوپەیمانیی ئیدارەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بە سەرۆکایەتیی محەمەد شیاع سوودانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق متمانەی وەرگرت و، ئەو بەرنامە وەزارییەشی پێشکەش کرد، کە لایەنەکانی ناو هاوپەیمانییەکە (بە کورد و شیعە و سوننەوە) لەسەری ڕێك کەوتبوون.

ئەو بەرنامە وەزارییە دووبەش بوو، بەشێکیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پێویستی بە دەرکردنی یاسای تازە هەبوو، بۆیە دەبوو لەلایەن پەرلەمانەوە یاسای بۆ دەربکرێت، وەك دەرکردنی «یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی، یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و چەند یاسایەکی دیکە»، بەشێکی دیکەشی پەیوەندی بە حکومەتەوە هەبوو، وەك «جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال، کاراکردنەوەی لێژنەی ماددەی ١٤٠، ئامادەکردنی پڕۆژە یاسای حکومەتی فیدراڵی بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و.. هتد».

ئەم بەرنامە وەزارییە ئەگەرچی لەسەر ئاستی هەردوو لایەنی جێبەجێکار و یاسادانان هەوڵێك هەبووە بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێن، بەڵام دروستکردنی لەمپەر و ئاستەنگ بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە وەك خۆی و لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، بووەتە هۆکاری ئەوەی لە زۆر بواردا ناوەڕۆکی ئەم بەرنامەیە بەتاڵ بکاتەوە، یان نەتوانراوە وەك ئەوەی هەیە جێبەجێ بکرێت.

ساڵی ٢٠٢٣ کە سەرەتای دەستبەکاربوونی حکومەتەکەی سوودانی بوو، کاری گرنگی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پەسەندکردنی بودجەی عێراق بوو بۆ ساڵانی «٢٠٢٣و٢٠٢٤و٢٠٢٥»، ئەم پڕۆژەیە یاسایە لە سەرەتادا و بە هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، توانرا پڕۆژە یاسایەکی بوجەی هاوسەنگ و ڕێکوپێك بۆ حکومەتی عێراق دابڕێژرێت و ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت، بەڵام لە ناو پەرلەماندا لەلایەن ئەو فراکسیۆنانەی کە هەتا ئێستاش بە ئەقڵییەتی شۆڤێنی سەیری گەلی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، بە جۆرێك دەستکاریی بڕگە و ماددەکانی ئەم پڕۆژە یاسایە کرا، کە جارێکی دیکە هەرێمی کوردستانی لە شایستە داراییەکانی خۆی و مووچەی فەرمانبەرانی بێبەش کردەوە.

هۆکار و فێڵی سەرەکی بۆ بێبەشکردنی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە مووچەی خۆیان، (کە ئەوانیش پێویستە وەك تەواوی مووچەخۆرانی دەوڵەتی عێراق لە کاتی خۆیدا مووچەی خۆیان وەربگرن)، ئەوەیە، کە لەناو پڕۆژە یاسای بودجەی عێراقدا مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەناو ئەو پشکەی هەرێمە کە بە ١٢,٦٪ خەملێندراوە و لەناو بوجەی عێراقدا وەك مووچەی تەواوی فەرمانبەران جێگەی بۆ نەکراوەتەوە، هەر بۆیە کاتێك باس لەوە دەکەن، دەبێت لە کۆی خەرجی کردەیی «الانفاق الفعلي» پشکی ١٢,٦٪ هەرێمی کوردستان بدرێت، ئەوا پشکی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی نزیکەی ٥٠٪ کەم دەبێتەوە و بەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دابین بکات. ئەمە لە کاتێکدا لە پرۆسەی داڕشتنی پڕۆژە یاسای بودجەی عێراقدا پشکی ١٢,٦٪ هەرێمی کوردستان بەو شێوەیە دیاری کراوە کە پێویستە لە کۆی تەواوی بودجەی فیدراڵی تەرخان بکرێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەو بڕگەیەی خەرجی کردەیی کە لەناو یاسای بوجەی عێراقدا هەیە، ئایا پێویستە حکومەتی عێراق پێوەی پابەند بێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە ڕاشکاوانە دەڵێین: بەڵێ، ئەو بڕگەیە بە ڕێگەی زۆرینە و کەمینەی ناو پەرلەمان لەناو یاساکەدا جێگیر کراوە، ئامانجیش لە دانانی ئەم بڕگەیە بۆ ئەوە بووە بە «یاسا» هەرێمی کوردستان برسی بکەن و لە شایستە داراییەکانی خۆی بێبەشی بکەن، هەروەك چۆن ڕژێمی ئاپارتاید لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕەشپێشستەکانی باشووری ئەفریقای بە یاسا دەچەوساندنەوە و لە مافەکانی خۆیان بێبەبەشی دەکردن، هەر ئەمەش وای لە ماندێلا کرد، کە لە بەردەم دادگای ئاپارتایدا بە دەنگی بەرز بڵێت: «ئێمە ئەو یاسا ڕەت دەکەینەوە کە دەتانەوێت ئێمەی پێ بچەوسێننەوە و، نەهامەتیی گەلەکەم ناچارم

دەکەن، لە ناو یاسا زاڵمەکەی ئێوە و ویژدانمدا، بۆ بەرژەوەندیی گەلەکەم ملکەچی ویژدانی خۆمان بین، نەك یاسا زاڵمەکەی ئێوە».

برینی پشك و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، کارێکی تازە نییە، بەڵکو هەر لە دوای ساڵی ٢٠١٤وە هەتا ئێستا ئەم سیاسەتەی بەغدا لە دژی هەرێمی کوردستان پیادەی دەکات، بەردەوامیی هەیە، بەڵام ئەو هۆکارەی بووەتە هۆی ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ئاداری ٢٠٢٣وە زۆر پێوەی دیار بێت و نەتوانێت وەك پێشتر مووچەی فەرمانبەرانی دابین بکات، ئەوەیە کە لە ئاداری ٢٠٢٣وە بە بڕیاری لێژنەی دادوەریی پاریس «کە عێراق سکاڵای لەسەر تورکیا تۆمار کردبوو»، هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بە ڕێگەی تورکیا بۆ بەندەری جیهان ڕاگیراوە، لە بەرانبەریشدا حکومەتی عێراق بە بیانووی جۆراوجۆر، ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی کوردستانی کردووە بە چەکێکی ئابووری بۆ سزادانی هەرێمی کوردستان، ئەمە لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان ڕازی بوو بەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کۆمپانیای هەناردەکردنی نەوتی عێراق «سۆمۆ» هەناردە بکات، دەبوو حکومەتی عێراق ئەم کێشەیەی بە زوویی چارەسەر بکردایە و ڕێگەی دیکە بۆ هەناردەکردن و بەکارهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان بدۆزیبایەتەوە، بەمجۆرە:

١- پێداویستیی ناوخۆی عێراق بۆ نەوت، زۆر لەو ڕێژەیە زیاترە کە هەرێمی کوردستان بەرهەمی دەهێنێت، بۆیە دەکرا نەوتی هەرێمی کوردستان بەکار بهێنرایە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆی عێراق، بەمەش کێشەکە تا ڕادەیەکی بەرز چارەسەر دەکرا، بەڵام ئەمەیان نەکرد و زیانی زیاتر لە ٧ ملیار دۆلاریان لە عێراق و هەرێمی کوردستان دا، تەنیا لە پێناوی ئەوەی گوشاری ئابووری بخەنە سەر هەرێمی کوردستان.

٢- حکومەتی عێراق بەگشتی و وەزارەتی نەوتی عێراق بەتایبەتی زۆر باش دەزانن لە چوارچێوەی ئەو کۆنتراکتانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت کردوونی، تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت لە بەشێك لە کێڵگەکانی نەوتی عێراق بەرزترە و خۆشیان لەو جۆرە کۆنتراکتەی هەرێمی کوردستانیان لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت کردووە، بەڵام هەتا ئێستا ئامادە نین بە ئامادەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان «کە ئەو لایەنەیە کۆنتراکتەکانی ئیمزا کردووە» لەگەڵ ئەو کۆمپانیا نێودەوڵەتییانەی نەوت دابنیشن کە لە کوردستان وەبەرهێنانیان کردووە، بێگومان ئەم خۆدزینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی پیادەکردنی سیاسەتی هەڵتەکاندنی ژێرخانی پیشەسازیی نەوت لە کوردستان.

دیارە برینی مووچەی فەرمانبەران و پشکی هەرێم، تەنیا یەکێکە لە کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و کێشەگەلێکی کەڵەکەبووی دیکە هەن، کە ئەگەر ڕێگەی گونجاوی لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوا زۆر زەحمەتە بارودۆخەکە بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوامی هەبێت.

## ● عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی دەبێت، یان ویلایەتی فەقیه؟

عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی بێت، یان دەوڵەتی ویلایەتی فەقیه، ئەگەر بتوانێت بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بپارێزێت، بۆ ئەمریکا هیچ جیاوازییەکی نییە، ئەمەش نەك هەر لەسەر ئاستی سیاسەتی کۆشکی سپی، بەڵکو لەسەر ئاستی ئەو ناوەندانەی لێکۆڵینەوە و فیکریش کە خۆیان بە پارێزەری دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤیش لەسەر ئاستی جیهان دەناسێنن.

لە ساڵانی ٢٠٠٦- ٢٠٠٨ کە جۆزێف بایدن، سەرۆکی ئێستای ئەمریکا کە ئەوکات سەرۆکی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەنات بوو، خەریکی دارشتنی پلانی «B» بوو بۆ عێراق، ئەمیتا ئیتزایۆنی بیرمەندی ناسراوی ئەمریکی پلانی «Z»ی ڕاگەیاند بە مانای «دوایین پلان بۆ عێراق»، لەم پلانەدا ئیتزایۆنی زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێت: «ئەوە کاری ئەمریکا نییە هەوڵ بدات عێراق بکاتە فیدراڵی و دیموکراتی، لە شارێکی وەك

**برینی مووچەی فەرمانبەران و پشکی هەرێم، تەنیا یەکێکە لە کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و کێشەگەلێکی کەڵەکەبووی دیکە هەن، کە ئەگەر ڕێگەی گونجاوی لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوا زۆر زەحمەتە بارودۆخەکە بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوامی هەبێت**

**عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی بێت، یان دەوڵەتی ویلایەتی فەقیه، ئەگەر بتوانێت بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بپارێزێت، بۆ ئەمریکا هیچ جیاوازییەکی نییە**

**واقیعی ئێستا دوای تێپەڕبوونی ٢٠ ساڵ بەسەر ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، ئەوەمان پێ دەڵێت «عێراق نەبووەتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و هیچ ئاسۆیەکیش دیار نییە کە لە داهاتوودا هەنگاو بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی هەڵبگرێت، یان دەستوورەکەی ساڵی ٢٠٠٥ وەك خۆی جێبەجێ بکات»**

سەدر لە ناوەندی بەغدای پایتەخت هەموویان شوێنکەوتووی سەدرن و خەڵکیش کاروباری ڕۆژانەی خۆی دەبات بەڕێوە و هیچ کێشەیان نییە، ئیدی بۆ ئەم کەشەیان لێ تێك بدەین؟»

ئاماژەکردنمان بۆ ئەو دێڕانە بۆ ئەوەیە بڵێین: عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی بێت، یان دەوڵەتی ویلایەتی فەقیھ، پرسێکە پەیوەندی بە عێراقییەکانەوە هەیە و، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر لای گرنگ نییە کامیان بێت، ئەمە ڕاستییە و بۆ هەرێمی کوردستانیش دەبێت نەخشە ڕێگەیەك بێت کە شێوازی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا پێ ڕێك بخاتەوە.

**نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گوشار دەکات عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی، نە دەستەبژێری دەسەڵاتی شیعەش باوەڕیان بە سیستمی فیدراڵی هەیە**

لە ساڵانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ پێش دەستپێکردنی پرۆسەی نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستووری عێراق و لە کاتی نووسینەوەکەشیدا، تیمێکی ڕاوێژکاریی نێودەوڵەتی کە کاریان لەسەر «ئایندەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا» دەکرد، یەکێك لەو پرسیارانەیان ئەوە بوو «ئەگەر عێراق نەبووە فیدراڵی، دەبێت هەرێمی کوردستان چی بکات؟». لێرەدا ئەگەر ئەم پرسیارە بە جۆرێکی دیکە ئاراستە بکەینەوە و بڵێین: «ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێت عێراق بکاتە دەوڵەتێکی فیدراڵی؟ بێگومان وەڵامە سادەکە ئەوەیە «نەخێر، ناتوانێت»».

**هەتا ئێستاش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی ئیقلیمی بژارەی سەربەخۆیی کوردستان بە گەلی کوردستان ڕەوا نابینن و مەحکوومیان کردووین بەوەی دەبێت هەر لەچوارچێوەی عێراقدا بمێنینەوە**

واقیعی ئێستا دوای تێپەڕبوونی ٢٠ ساڵ بەسەر ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، ئەوەمان پێ دەڵێت «عێراق نەبووە دەوڵەتێکی فیدراڵی و هیچ ئاسۆیەکیش دیار نییە کە لە داهاتوودا هەنگاو بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی هەڵبگرێت، یان دەستوورەکەی ساڵی ٢٠٠٥ وەك خۆی جێبەجێ بکات». کەواتە ئەم واقیع و ڕاستییانەی لە بەردەستمانن، ڕاشکاوانە ئەوەمان بۆ دەخەنە ڕوو کە نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گوشار دەکات عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی، نە دەستەبژێری دەسەڵاتی شیعەش باوەڕیان بە سیستمی فیدراڵی هەیە، ئەم واقیعە ناچارمان دەکات کە وەك خۆی مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیع و ڕاستییانە بکەین، لەمەش زیاتر هەندێك ڕاستیی دیکەش هەن، دەبێت ئەوانیش لەبەر چاو بگرین و بوێرانە ئەو ڕاستییەمان لەبەر چاو بێت، کە هەتا ئێستاش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی ئیقلیمی بژارەی سەربەخۆیی کوردستان بە گەلی کوردستان ڕەوا نابینن و مەحکوومیان کردووین بەوەی دەبێت هەر لەچوارچێوەی عێراقدا بمێنینەوە، بۆ مانەوەشمان لە چوارچێوەی ئەم «دەوڵەتە بە زۆر دروست کراوەدا» هیچ هاوکارییەکمان ناکەن، بۆ ئەوەی کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا بە شێوازی ئاشتییانە چارەسەر بکەین، هەر بۆیە هەموو ئەم ڕاستییانە پێکەوە پێمان دەڵێن «دەبێت سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بە خۆی میکانیزمێك لە چوارچێوەی عێراقدا بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ عێراق ڕێك بخاتەوە».

**دەبێت سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بە خۆی میکانیزمێک لە چوارچێوەی عێراقدا بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ عێراق ڕێک بخاتەوە**

هەتا ئێستا بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا، سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە دەستووری ٢٠٠٥ ببێتە نەخشە ڕێگە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان و چارەسەرکردنی کێشە کەڵەکەبووەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە گریمان ئەو لایەنە سیاسییانەی شیعە کە مەبەستیانە لە دەسەڵاتدا بن و بمێننەوە، بەڵێنیان دا و ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی لە چوارچێوەی دەستووری ٢٠٠٥ هەموو کێشەکان چارەسەر بکرێن، وەك ئەوەی لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ لە چوارچێوەی بەرنامە وەزارییەکەی حکومەتی محەمەد شیاع سوودانی ئیمزای لەسەر کراوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەو لایەنە کامەیە کە تەفسیری دەستوورەکەی پێ دەدرێت و دەبێتە دادوەر لە نێوان عێراقییەکاندا؟

وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە تەفسیری دەستووری ٢٠٠٥ سپێردراوە بە دادگایەك بە ناوی «دادگای فیدراڵی» کە خودی دادگاکە لە چوارچێوەی ئەو دەستوورە دانەمەزراوە، وەك لە ڕابردووش بینیمان خودی ئەم دادگایە کە بەوجۆرە دەستوورەکەی تەفسیر کرد، کە فراکسیۆنی گەورە ئەو فراکسیۆنە نییە کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی یەکەم دەهێنێت، بەڵکو فراکسیۆنی گەورە ئەو فراکسیۆنەیە کە دوای هەڵبژاردن لە ناو پەرلەماندا گەورەترین هاوپەیمانی پێك دەهێنێت، ئەم تەفسیرەی



دادگای فیدراڵی لە ساڵی ٢٠١٠ تەنیا بۆ ئەوە بوو، حوکمڕانی لە دەستی «ئیسلامی سیاسیی شیعە» دەرنەچێت، ئەگەرنا، (ئەیاد عەلاوی)یش هەر شیعە بوو، بەڵام سەر بە ڕەوتی «ئیسلامی سیاسیی شیعە» نەبوو، هەروەها لەبەرانبەر یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، نەك هەر تەفسیری دەستوورەکەی نەکرد، بەڵکو لە چوارچێوەی یاسایەکی کۆنی دەوڵەتی عێراقی سەردەمی سەدام حوسێن یاساکەی هەرێمی کوردستانی ڕەت کردەوە.

ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێ دەڵێت، لەناو ئەو فێڵە یاساییەی بۆ تەفسیری دەستووری عێراق لەلایەن لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراقەوە دروست کراوە، دادگای فیدراڵی دژی هەر هێز و لایەن و پێکهاتەیەك بیانەوێت بە کاری دەهێنن، ئەوا دەستوورەکەش ئەو مانایەی نەماوە کە داڕێژەرانی نووسیویانە، بەڵکو بووەتە ئامرازێك بە دەست ئەو لایەنانە و چۆن بیانەوێت بەو جۆرە تەفسیری دەکەن، بۆیە دەستووریش ئەو مانایەی نەماوە کە ببێتە بناغەیەك بۆ گۆڕینی ئەقڵییەتی حوکمڕانی و بناغەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

ئەو پسپۆڕ و بیرمەندانەی کاری ئەکادیمی و فەلسەفییان لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا کردووە و، لە وەڵامی ئەو پرسیارەیاندا کە «ئەگەر عێراق نەبووە دەوڵەتێکی فیدراڵی، دەبێت هەرێمی کوردستان چ بکات؟» ڕێنمایی ئەوە دەدەن، ئەگەر گەلی کوردستان و هەرێمی کوردستان نەتوانن عێراق بکەنە دەوڵەتێکی فیدراڵی، ئەوا باشترە هەرێمی کوردستان پێداگری لەسەر بوونی عێراق بە دەوڵەتێکی فیدراڵی نەکاتەوە، بەڵکو بۆ میکانیزمێکی دیکە بگەڕێت بۆ ئەوەی هەم لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بمێنێتەوە و هەمیش بتوانێت کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات، ئەو میکانیزمەش ئەوەیە ئەو ماف و داواکارییانەی گەلی کوردستان کە لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق لەسەری ڕێککەوتوون و دوای ڕووخانی ڕژێم لە دەستووری ٢٠٠٥ چەسپێندران، ئەو مافە دەستوورییانە بۆ گەلی کوردستان دەستەبەر بکەن، ئەو کات سیستمی

**سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە دەستووری ٢٠٠٥ ببێتە نەخشە ڕێگە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان و چارەسەرکردنی کێشە کەڵەکەبووەکانی نێوان هەرێم و بەغدا**

**تەفسیری دەستووری ٢٠٠٥ سپێردراوە بە دادگایەک بە ناوی «دادگای فیدراڵی» کە خودی دادگاکە لە چوارچێوەی ئەو دەستوورە دانەمەزراوە**

**لەناو ئەو فێڵە یاساییەی بۆ تەفسیری دەستووری عێراق لەلایەن لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراقەوە دروست کراوە، دادگای فیدراڵی دژی هەر هێز و لایەن و پێکهاتەیەک بیانەوێت بە کاری دەهێنن**

سیاسیی بەغدا ئایینی دەبێت، یان عەلمانی کێشەی گەلی کوردستان و هەرێمی کوردستان نابێت.

هەر لە چوارچێوەی ڕێکخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و دەوڵەت، جۆن میر شامیر بیرمەندی دیاری ئەمریکی لە دوایین کتێبیدا بە ناونیشانی «دەوڵەتان چۆن بیردەکەنەوە؟»، پێداگری لەسەر تیۆری ڕیالیزم (واقیعبینی) دەکات، لەم سۆنگەیەوە بە پێچەوانەی زۆربەی بیرمەندانی جیهانەوە پێی وایە، بڕیاری شەڕی ڕووسیا دژی ئۆکرانیا بڕیارێکی ئەقڵانی و دەوڵەتییە و بە تەنیا بڕیاری ڤلادیمیر پوتین نییە، میر شامیر دەڵێت: «ڤلادیمیر زیلینسکی سەرۆکی ئۆکرانیا لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاواوە سەیری ئایندەی وڵاتەکەی کرد، نەك لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی ئۆکرانیاوە، بۆیە خۆی لەم شەڕەوە تێوەگلاند». کەواتە بەم ئاراستەی میر شامیر، زیلینسکی بڕیارەکەی نائەقڵانی بووە، دەبوو هێندە واقیعبین بوایە کە بوونی ئۆکرانیا بە ئەندامی ناتۆ، واتە خۆکوشتنی ڕووسیا وەك دەوڵەت، نەك تەنیا سەرۆکێك کە ناوی ڤلادیمیر پوتینە، بۆیە ئۆکرانیا دەیتوانی بە پاشگەزبوونەوەی لەو بڕیارەی خۆی لەو شەڕە گەورەیەوە پاراستبا.

ئەم چوارچێوە هزرییەی میر شامێر بۆ پێناسەی «هێز» لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، یان لە پەیوەندیی نێوان دوو لا کە ناوی لێ ناوە «نەختینەی ـــ سیولەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان»، تەنیا پێناسە نییە بۆ «هێزی سەربازی»، بەڵکو پێناسەیە بۆ هەموو هێزێك کە دەکرێت بە شێوەیەکی ئەقڵانی بەکار بهێنرێت.

لێرەوە ئەگەر لە چوارچێوەی تیۆرە ڕیالیزمەکەی میر شامیر، زۆر بە واقیعبینانە ئەقڵییەتی لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو بخوێنینەوە، ئەوا دەگەینە چەند خاڵێك کە هەر یەکێك لەو خاڵانە بە خۆکوشتنی دەسەڵاتداریەتی و حوکمڕانیی شیعەی دەزانین، نەك تەنیا لایەنێکی سیاسی:

١- لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکانی شیعە ئەو پێناسەی ئێستای دەوڵەتی عێراق کە دەستووری ٢٠٠٥ بۆی دەکات، بەوەی «عێراق دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی و فرەیی و پەرلەمانییە» بە خۆکوشتنی هەتا هەتایی حوکمڕانیی شیعەی دەزانن.

٢- دەستاودەستکردنی دەسەڵات نەك لەگەڵ پێکهاتە، یان نەتەوەیەکی دیکەی عێراق، بەڵکو دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە نێوان شیعە وەك ئیسلامی سیاسی و شیعە وەك عەرەبی عێراق بە خۆکوشتنی شیعەی دەزانن.

٣- یاسای دانراو «القانون الوضعي»، بەو مانایەی عێراق لەسەر بنەمای «یاسای دانراو» ئەو یاسایانەی عێراقییەکان خۆیان دایدەڕێژن، بە خۆکوشتنی سیاسیی خۆیانی دەزانن، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی پێشوەختە ئەوەیان فەرز کردووە «نابێت هیچ یاسایەك لە پەرلەمانی عێراق دەربچێت کە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی بێت»، بە کردەیی ئەوەشیان فەرز کردووە یاسایەك دەبێت جێبەجێ بکرێت کە هاوتای شەریعەتی ئیسلامیی شیعە بێت.

بێگومان خاڵی دیکە زۆرن، بەڵام تەنیا ئاماژەمان بەم چەند خاڵە سەرەکییە کرد، ئەمانە ئەو خاڵانەن هیچ لایەنێکی سیاسیی شیعە کە بڕوای بە سیستمی ویلایەتی فەقیهـ هەیە کۆمپرۆمایزی لەسەر ناکات و، ئەگەر لە ڕوانگەی تیۆری واقیعبینییەوە بمانەوێت دانوستاندن لەگەڵ ئەو لایەنە بکەین، کە کۆمەڵێك خاڵ بە خۆکوشتنی سیاسیی خۆی دەزانێت، ئەوا دەبێت ڕەچاوی ئەو خاڵانە بۆ بەرانبەر بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت بەرژەوەندییەکانی ئێمەش پارێزراو بن.

ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێ دەڵێت، ناوهێنانی دەوڵەتی عێراق بە دەوڵەتێکی فیدراڵی بێجگە لە وەهمێك شتێکی زیاتر نییە، تۆماس هۆبز کە بە ئەقڵی دەوڵەتی هاوچەرخی نەتەوەیی لە جیهاندا هەژمار دەکرێت، سەبارەت بە وەهم دەڵێت: «مرۆڤ کاتێك بەخەبەرە دەکەوێتە ناو خەیاڵ و لەناو خەیاڵی خۆیدا وێنەیەك دروست دەکات، هەر بۆیە بە لاتینی بە خەیاڵ دەگوترێت (Imagination)، هەست دەکات ئەو وێنەیە ڕاستییە و ئەو بەخەبەرە و دەیبینێت، بەڵام کاتێك دەخەوێت، دیسان خەو بەو وێنەیەوە دەبینێت و پێی وایە بەخەبەرە و

ڕاستییە»، ئێمەش لە عێراقدا، بەتایبەتی ئێمە لە هەرێمی کوردستان کاتێك خەیاڵ دەمانباتەوە، وێنەیەك دێتە بەرچاومان کە عێراق فیدراڵییە و هۆشمەندین و دەبینین، کاتێکیش دەخەوین، دیسان پێمان وایە عێراق فیدراڵییە و لە خەوەکەشدا هۆشمەندین و واقیعەکە دەبینین، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا عێراق بێجگە لە دەوڵەتێکی سیستمی ویلایەتی فەقیهـ شتێکی دیکە نییە و ئەوەی پێی دەگوترێت فیدراڵی بێجگە لە وێنەی ناو خەیاڵێك بوونی نییە.

## ● تەنیا ئامانجی ئیسلامی سیاسیی شیعە مانەوەیانە لە دەسەڵاتدا

لە دوای هێرشەکانی حەماس لە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ و کاردانەوە نامرۆییەکانی ئیسرائیل بۆ سەر دانیشتووانی غەززە بە بیانووی بوونی چەکدارانی حەماسەوە، مەزندەی زۆربەی چاودێران بەو جۆرە بوو، ئەم شەڕە دەگۆڕێت بۆ شەڕێکی ئیقلیمیی گەورە و چەندین دەوڵەت و لایەن تێوەی دەگلێن، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کە چەکدارانی ئیسلامیی شیعەی تێدایە، وەك (لوبنان، عێراق، سووریا، ئێران و یەمەن)، بەڵام ئەوا پێ دەنینە مانگی سێیەمی ئەم شەڕە کاولکارییە و لەگەڵ ئەوەی هیچ هێڵێکی سوور و بەهایەکی مرۆڤایەتی نەما سوپای ئیسرائیل نەیبەزێنێت، کەچی دەبینین شەڕەکە لە چوارچێوەکەی خۆی لەناو شاری غەززە سنووردارە و تەنانەت ڕامەڵڵاشی نەگرتووەتەوە.

لە ماوەی ئەم ٧٠ ڕۆژەی شەڕەکەدا، گرووپێك لە عێراق و سووریا بە ناوی «مقاوەمەی ئیسلامی» بەبێ ئەوەی بناسرێن کێن، خۆیان ڕاگەیاند و زیاتر لە ٨٠-٩٠ هێرشی درۆن و مووشەك و هاوەنیان کردە سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە هەریر و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر و بنکەی سەربازی عەین ئەسەد لە ڕومادی و دواییینیشیان هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا بوو لە شەقامی سەعدونەوە لە ناوچەی سەوز.

لەم ماوەیەدا و پێش ئەوەی ئەو چەکدارانەی «مقاوەمەی ئیسلامی» هێرش بکەنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، هێزەکانی ئەمریکا چەندین جار بنکە و بارەگاکانی ئەو هێزانەی کوتا و دوو هەفتە پێش ئێستاش هێرشی کردە سەر کاروانێکی هێزەکانی حەشدی شەعبی و چەندین چەکداری لێ کوشتن بە بیانووی ئەوەی بەنیاز بوون هێرش بکەنە سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراقدا. بەڵام دوای ئەوەی هێرش کرایە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا، بۆ یەکەمین جار بوو دوای ٢٠ ساڵ گوێبیستی بەیانێك بین لە حکومەتی عێراقەوە کە ئەو کارانە بە کاری «تیرۆریستی» لە قەڵەم بدات و پاشانیش ئەوە ڕاگەیەندرا کە بەشێك لە ئەنجامدەرانی ئەو کارانە دەستگیر کراون و سەر بە هێزە ئەمنییەکانی عێراقن.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان و هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئەوەیە کە ئەو حکومەتەی (حکومەتەکەی شیاع سوودانی) ئەم بەیانەی دەرکردووە، حکومەتی لایەنە سیاسییەکانی شیعەی ناو چوارچێوەی هەماهەنگین کە خۆیان خاوەنی هێزە چەکدارەکانی حەشدی شەعبین و خۆشیان خاوەنی حکومەتەکەن.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، بۆچی لایەنە سیاسییە شیعەکان و هێزەکانی حەشدی شەعبی نەك هەر خۆیان لە هێرشی چەکدارانی «مقاوەمەی ئیسلامی» بێبەری دەکەن، بەڵکو بە کاری تیرۆریستی ناوی دەبەن؟ ئەمەش ڕاشکاوانەتر ئەگەر کارەکەیان تیرۆریستی بێت، بێگومان لەگەڵ ئەنجامدەرانی ئەو هێرشانەش وەك تیرۆریست مامەڵە دەکەن و، سەرۆك وەزیرانی عێراقیش دەڵێت بەشێکیان کارمەندی هێزەکانی ئاسایشی عێراق بوون، ئەمە مانای ئەوەیە لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بە کۆدەنگی ئەو کەس و لایەنانە بە تیرۆریست لەقەڵەم دەدەن کە ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی سەقامگیریی حکومەتەکەی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە بلەرزێنێت.

لایەنە سیاسییەکانی شیعە بەگشتی و لایەنە سیاسییەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی بەتایبەتی زۆر باش دەزانن، کە هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا واتە هێرشکردنە بۆ سەر شکۆی ئەمریکا لەو وڵاتەدا و کاردانەوەی ئەم هێرشانە باجی قورسی دەبێت و ئەمریکا وەڵامدانەوەی کاریگەری دەبێت،

**لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکانی شیعە ئەو پێناسەی ئێستای دەوڵەتی عێراق کە دەستووری ٢٠٠٥ بۆی دەکات، بەوەی «عێراق دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی و فرەیی و پەرلەمانییە» بە خۆکوشتنی هەتا هەتایی حوکمڕانیی شیعەی دەزانن**

**ناوهێنانی دەوڵەتی عێراق بە دەوڵەتێکی فیدراڵی بێجگە لە وەهمێک شتێکی زیاتر نییە**

**لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بە کۆدەنگی ئەو کەس و لایەنانە بە تیرۆریست لەقەڵەم دەدەن کە ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی سەقامگیریی حکومەتەکەی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە بلەرزێنێت**

**بەشی هەرە زۆری سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی (بێجگە لە قەیس خەزعەلی) زۆر باش لە نزیکەوە لە لۆژیک و سایکۆلۆژیەتی سیاسیی سەرۆک بارزانی تێدەگەن و باش دەزانن لە کوێدا سەبر دەبێتە کلیلی دەرگا داخراوەکان و لە کوێشدا سنووری سەبر کۆتایی دێت، لەمەش زیاتر زۆر باش دەزانن لە چ خاڵێکدا سەرۆک بارزانی دەڵێت: «چ دەبێت، با ببێت**

**لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بە تێکڕا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر پشتگیریی سەرۆک مسعود بارزانی نەبووایە ئەم حکومەتەی محەمەد شیاع سوودانی پێک نەدەهات**

**کوردستان ئەگەر نەوتەکەی خۆی هەناردە بکات، نەک هەر پێویستی بە بودجەی عێراق نابێت، بەڵکو لەوانەیە بەشێکیش لە داهاتەکەی بگێڕێتەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی و ئەمەش یەکەمین جارە لە مێژووی عێراقدا کە چەند پارێزگایەکی عێراق بتوانن خۆیان بژێنن و بار نەبن بەسەر بودجەی عێراقەوە**

پێشتریش کە لایەنەکانی ئێستای چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ سەرپەرشتیی هێرشێکیان کرد بۆ سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا، کاردانەوەی ئەمریکایان بینی، چۆن بە هێرشێکی درۆن ئەبومەهدی موهەندیس جێگری فەرماندەی هێزەکانی حەشدی شەعبی و قاسم سولەیمانی فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانیان لە بەغدا کردە ئامانج. کە ئەمە زیانێکی هێجگار گەورە بوو بۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی و لایەنەکانی ئێستای ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە.

لەم بازنەیەدا کە ئێستا لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و هێزەکانی حەشدی شەعبی خاوەنی ڕاستەقینەی حکومەتەکەی شیاع سوودانین، زۆر باش دەزانن، ئەگەر لە سایەی حوکمڕانی ئەواندا نەتوانرێت بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بپارێزن و ڕێگری نەکەن لەو هێرشانەی دەکرێنە سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا، ئەوا ئەوان جارێکی دیکە حوکمڕانییان بە دەستەوە نابێت و بۆ هەتا هەتایە لە دەستی دەدەن، ئەمەش نەک بەو مانایەی ئەمریکا پەنا دەباتە بەر هێزی سەربازی و جارێکی دیکە عێراق داگیر دەکاتەوە، نەخێر، ئەمریکا چەندین ئامرازی دیکەی بە دەستەوەیە کە دەتوانێت نەک هەر ئەم حکومەتە و هەر حکومەتێکی دیکەی عێراق بێت، بیڕووخێنێت.

پێش ئەوەی بێینە سەر ئەو میکانیزمانەی ئەمریکا دەتوانێت بۆ بەرگریکردن لە خۆی لە عێراقدا بەکاری بهێنێت، با سەرنجێك لەو سزایانە بدەین کە لە دوای ساڵی ٢٠١٦ بە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا سەپاندوویەتی، ئەمە لە کاتێکدا ئێران دەوڵەتێکە ژێرخانێکی گەورەی کشتوکاڵی و پیشەسازی هەیە و جیوپۆلیتیکی خاکەکەشی بۆ خۆی سامانێکی گەورەیە بۆ ئەو وڵاتە، بەڵام با سەیر بکەین، لەم چەند ساڵەدا ئەو سزایانە چ دارمانێکی گەورەی ئابووریيان بە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هێناوە، ئەوجا ئەگەر ئێستای عێراق بەراورد بکەین بە کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هیچ ژێرخانێکی بێجگە لە هەناردەکردنی نەوت نییە، هیچ بوارێکی پیشەسازی و کشتوکاڵی لەسەر پێی خۆی نییە، ئەوا بە بچووکترین سزا و کاردانەوەی ئەمریکی ئەو حکومەتەی ئێستای چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە دەڕووخێت و بوونی نامێنێت.

ئەم ئاراستەی بیرکردنەوەیە بۆ مانەوەی شیعە لە دەسەڵاتدا، بێگومان بۆ حزبوڵڵای لوبنانی و ڕژێمی ئەسەدیش لە سووریا ڕاستە، لەگەڵ دەستپێکی ئەم شەڕەی نێوان حەماس و ئیسرائیل گوێبیستی هەندێك لێدوان دەبووین، ئەگەر ئیسرائیل هێڵی سوور ببەزێنێت، شەڕەکە گەورەتر دەبێت، لەسەر ئەم بنەمایە کاتێك ئەوە بڵاوکراوەیە کە حەسەن نەسروڵڵای سەرۆکی حزبوڵڵای لوبنانی گوتاری دەبێت لەسەر ئەو شەڕە، هەموو خەڵك چەند ڕۆژێك چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کە بە فەرمی شەڕ ڕابگەیەنێت و خۆی بکات بە بەشێك لەو شەڕە، بەڵام وەك بینیمان تەنیا وەك چاودێرێکی سیاسی هەندێك لێدوانی دا و کۆتای بە گوتارەکەی هێنا، لە سووریا لەگەڵ ئەوەی ئیسرائیل وەك کاردانەوەی ئەو هێرشانەی لە ناو سووریاوە کرانە سەر بەرزاییەکانی جۆلان، چەند جارێك سوریای بۆردمان کرد، بەڵام دیمەشق بێدەنگی هەڵبژارد و کاردانەوەی نەبوو.

ئەم ئاراستەی بیرکردنەوەی مانەوەی ئیسلامی سیاسیی شیعە لە دەسەڵاتدا چۆن لەگەڵ هێزێکی گەورەی وەك ئەمریکا ڕاستە، بە هەمان شێوە لەگەڵ ئەو هێزانەش ڕاستە کە لە خۆیان بچووکترن، بەڵام کاریگەرن بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا.

### ● هەنگاوەکانی حکومەتی سوودانی لە ٢٠٢٤ دا

مستەفا عەقاد لە کتێبی «فەلسەفەی شۆڕش»دا ئاماژە بەوە دەکات، زۆر جاران دەستپێکردنی شۆڕش پێویستی بە سەبرگرتن هەیە و پەنا بۆ ئەو پەندە عەرەبییە دەبات کە دەڵێت: «الصبر مفتاح الفرج»، بەڵام سەبارەت بەوەی کە سەبرگرتنیش سنوورێکی هەیە و لەو سنوورە بترازێت، شۆڕش دروست دەبێت، ئاماژە بۆ بڕگەیەك لە گۆرانییەك دەکات و پێمان دەڵێت «ئوم کەلسومیش وتوویەتی سەبەرگرتنیش سنووری خۆی هەیە. انما للصبر حدود».




پێدەچێت بۆ پەیوەندییەکانی ئێستای نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی شیاع سوودانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان پیادەی ئەو پەندەی کردبێت کە «سەبر کلیکی کردنەوەی دەرگا داخراوەکانە»، بەڵام کاتێك گوێبیستی ئەوە دەبین بە بیانووی جێبەجێکردنی یاسا «یاسای بودجەی عێراق» سێ مانگی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم نادرێن، ئەمە مانای ئەوەیە ئێمە دەبێت بەرەو گۆرانییەکەی ئوم کەلسوم بچین کە دەڵێت «سەبریش سنووری خۆی هەیە».

ئەوەی کە دەکرێت بکرێتە خاڵی ئەرێنی بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەك بۆ سەرەتای ساڵی ٢٠٢٤ بکەین کە خاڵی زۆر گرنگ هەمواركردنەوەی یاسای بودجەیە، ئەوەیە کە بەشی هەرە زۆری سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی (بێجگە لە قەیس خەزعەلی) زۆر باش لە نزیکەوە لە لۆژیك و سایکۆلۆژیەتی سیاسیی سەرۆك بارزانی تێدەگەن و باش دەزانن لە کوێدا سەبر دەبێتە کلیلی دەرگا داخراوەکان و لە کوێشدا سنووری سەبر کۆتایی دێت، لەمەش زیاتر زۆر باش دەزانن لە چ خاڵێکدا سەرۆك بارزانی دەڵێت: «چ دەبێت، با ببێت».

ئەوەی وەك چاودێری سیاسی و بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکان خوێندنەوەی بۆ دەکرێت و دەتوانرێت مەزندەی سیاسیی دروستی لەسەر بونیاد بنرێت، ئەوەیە کە لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بە تێکڕا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر پشتگیریی سەرۆك مسعود بارزانی نەبوایە ئەم حکومەتەی محەمەد شیاع سوودانی پێك نەدەهات و نووری مالیکی سەرۆکی دەوڵەتی یاسا زۆر بە ڕاشکاوانە ئەمەی بۆ میدیاکان ڕاگەیاند و گوتی «ئەگەر هیممەتی سەرۆك و برا مەسعود بارزانی نەبوایە، ئەم حکومەتە پێك نەدەهات».


کەواتە وەك پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، تەنیا ئامانج لای لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکانی شیعەی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە ئەوەیە پارێزگاری لە مانەوەیان لەم دەسەڵاتە بکەن، کە ئێستا لەم حکومەتە بەدەستیانەوەیە، بۆیە بە هەر نرخێك بێت، نایانەوێت پشتگیریی سەرۆك بارزانی بۆ حکومەتەکەی شیاع سوودانی لەدەست بدەن، بۆیە ئاراستەی جووڵە و هاتوچۆی شاندەکانی هەرێم بۆ بەغدا و شاندەکانی بەغدا بۆ هەرێم تا ڕادەیەکی زۆر دەکرێت بە جۆرێك لە لێکتێگەیشتن و ئاکامی ئەرێنی هەڵبسەنگێنرین، بەڵام بۆ هەر دوولا (هەرێم و بەغدا) چڕکردنەوەی هەوڵەکانیان بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە وەزارییەکەی سوودانی پێویستی بە کاتێکی زۆر بووە و تەمەنی حکومەتەکەشی یەك ساڵی بە تەواوەتی تێپەڕ نەکردووە، هەر بۆیە ساڵێك بۆ ڕاستکردنەوەی نەخشەی ٢٠ ساڵی شێواوی نێوان هەرێم و بەغدا زۆر نییە، بەتایبەتی کە لە زۆر بواردا ویستراوە هەنگاوی گەورە هەڵبگرێت، بەڵام ئاستەنگ و لەمپەری زۆری بۆ دروست کراوە.



لایەنێکی دیکەش کە دەکرێت بە نەرێنی خوێندنەوە لەسەر پێشهاتەکانی ٢٠٢٤ی پێ بکرێت، ئەوەیە کە لەناو لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە یەك مەرجەع نییە، هەتا فراکسیۆنی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی لەناو پەرلەماندا پێی پابەند بن، لەمەش ڕاشکاوانەتر لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی ڕاستە هاوپەیمانن بۆ ئامانجێکی دیاریکراو کە ئەویش گەیشتنە بە دەسەڵات، بەڵام لەناو خۆشیاندا کیبرکێی سیاسییان هەیە و هەوڵیان بۆ ئەوەیە ئەو بەشە کێکەی بەر چوارچێوەی هەماهەنگی دەکەوێت، هەر یەکەیان زیاتریان بەر بکەوێت.

لە نێوان ئەم دوو خوێندنەوەیەدا ئەوەی دەبێتەوە خاڵی ئەرێنی و هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، ترسی کۆی لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە لە «لەدەستدانی دەسەڵات»ـە، ئەوان خۆیان زۆر باش دەزانن لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢١ ئەوان کەمینە بوون و لەگەڵ چەندین لایەنی دیکە هەتا توانییان سێیەکی پەکخەر دروست بکەن و ڕێگە لە سەدر بگرن حکومەت پێکبهێنێت، دەشزانن بە چ دەردەسەرییەك ئەم حکومەتەیان وەرگرتووە، بۆیە مەزندە ناکرێت بیانەوێت بە ئاسانی لە دەستی بدەن.

لایەنێکی دیکە کە سوودێکی زۆر گەورەی بۆ لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە هەیە، بۆ ئەوەی کێشەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکەن، ئەوەیە کە دروشمی سەدر بۆ پێکهێنانی حکومەت «حکومەتی ڕیفۆرم» بوو، بەڵام لە بەرانبەردا دروشمی ئەم حکومەتەی چوارچێوەی هەماهەنگی «حکومەتی خزمەتگوزارییە»، ئەم دروشمەی چوارچێوەی هەماهەنگی لەژێر کاریگەریی ١٢ ساڵی حوکمڕانیی حزبی دەعوە (٨ ساڵی مالیکی و ٤ ساڵی




عەبادی) لەدایك بووە و، تا ڕاددەیەكی زۆر خوێندنەوەیەكی دروستی سایكۆلۆژیەتی عەرەبی عێراقە لەبەر ئەوەی عەرەبی عێراق هێندەی چاوی لەسەر خزمەتگوزارییە، هێندە چاوی لەسەر ڕیفۆرم و چاكسازی نییە، بە درێژایی تەمەنی حكومەتەكانی عێراق هەر لە دامەزراندنیەوە تا ئێستا گەلی عێراق خواستی دابینكردنی خزمەتگوزاری بووە، نەك ڕیفۆرم و چاكسازی، بۆیە لەمەدا ئەگەر سوودانی بتوانێت سەركەوتوو بێت، ئەوا بۆ چەندین دەیەی دیكە حوكمڕانی لە دەستی شیعەدا مسۆگەر دەكات.

ئەم دروشمەی حكومەتەكەی سوودانی تەنیا بە چارەسەركردنی كێشەكانیان لەگەڵ هەرێمی كوردستان سەركەوتوو دەبێت، بەتایبەتیش كە ئێستا كوردستان ئەگەر نەوتەكەی خۆی هەناردە بكات، نەك هەر پێویستی بە بودجەی عێراق نابێت، بەڵكو لەوانەیە بەشێكیش لە داهاتەكەی بگێڕێتەوە بۆ حكومەتی فیدراڵی و ئەمەش یەكەمین جارە لە مێژووی عێراقدا كە چەند پارێزگایەكی عێراق بتوانن خۆیان بژیێنن و بار نەبن بەسەر بودجەی عێراقەوە، بۆیە لەم ڕێگەیەوە باری سەرشانی خۆیان سووك دەكەن و باشتر دەستكراوە دەبن بۆ دابینكردنی خزمەتگوزاری بۆ شارەكانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق، بەپێچەوانەوە ئەگەر كار بۆ ئەوە بكەن «سەبر سنووری نەمێنێت» و گەیشتە ئەوەی بڵێین: «چ دەبێت، با ببێت»، ئەوا بە هەموو بودجەی عێراق ئەو هاوكێشەیان بۆ ڕاست ناكرێتەوە و لۆژیك پێمان دەڵێت، لەناو سەركردەكانی هەماهەنگیی شیعە پێشتر ئەو ڕێگەیان تاقی كردەوە كە پێیان بڵێن: «چی دەبێت با ببێت»، جارێكی دیكە ئەم ڕێگەیە تاقی ناكەنەوە و بە لۆژیك مامەڵە دەكەن و هەنگاو بۆ چارەسەركردنی كێشەكان لەگەڵ هەرێمی كوردستان هەڵدەگرن.

د. ئەحمەد سەفاڕ

پسپۆڕی دارایی و ئابووری بۆ گوڵان:

# لە بەغدا شتێک نییە بە ناوی دەستوور و یاسا و بودجە، تەنانەت وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراقی فیدراڵیش سەربەخۆیی خۆی لە دەست داوە

## ئەگەر هەوڵەکانی هەموارکردنەوەی بودجەش سەربگرێت، گەرەنتی نییە بۆ جێبەجێکردنی لە سایەی مەرجە قورسەکاندا کە خراونەتە ئەستۆی حکومەتی هەرێم

**دکتۆر ئەحمەد سەفاڕ، پسپۆڕ و شارەزا لە بواری دارایی و ئابووریدا، کە بڕیاردەری پێشووی لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراقیش بووە، لەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵاندا جەختی لەسەر پرسی ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم ناردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە و مووچەی مووچەخۆران و دۆخی دارایی و بانکیی عێراق و هەرێمی کوردستان کردەوە. لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.**




*** وەکو پسپۆڕێکی ئابووری و شارەزا لە دۆخی دارایی و ئابووریی عێراق و پشکی هەرێم لە بودجەی فیدراڵی، پێت وانییە چیتر هاووڵاتیانی کوردستان تەحەمولی ئەو ململانێ و فرتوفێڵەی لایەنە سیاسییەکانی بەغدایان نەماوە، کە دەرهەق بە پشکی هەرێم لە بودجە و مووچەی مووچەخۆراندا جێبەجێ دەکرێت، بە ڕاددەیەك هەوڵەکانی خنکاندن و دژایەتیکردنی ئابووری و بژێویی ژیانی خەڵك بە ئاشکرا دەبینرێت؟**

- عێراق وەکو دەوڵەتێکی مەرکەزیی داخراو مامەڵە دەکات، بە ئاشکرا دژایەتیکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستانیشی پێوە دیارە، ئەوەتا لایەنە سیاسییەکانی عێراق کە لە پەرلەمان و دامەزراوەی حکومەتدا زۆرینە و بە دەسەڵاتن، دەیان ئاستەنگ و بەربەستیان بەناوی مەرج لە بەردەم ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستاندا داناوە، هەر خۆی لە خۆیدا بودجەکەش بودجەیەکی سیاسییە و هیچ بنەمایەکی دارایی و ئابووری و پەرەپێدانی تێدا نییە. پێشتر لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤارەکەتاندا ئاماژەم بەوە کرد کە ڕاستە بودجەی گشتیی ساڵی ٢٠٢٣ی عێراق کە بۆ سێ ساڵی (٢٠٢٣-٢٠٢٤-٢٠٢٥) دانراوە و بودجەیەکی گەورەی نزیك لە ٢٠٠ تریلیۆن دینارە، بەڵام ئومێدێکی باشی بۆ حکومەت و خەڵکی لەسەر هەڵناچنرێت، چونکە فەلسەفە و ڕۆئیایەکی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات تێدا نییە و دەیان کەموکورتیی دارایی و ئابووریی لەخۆ گرتووە، ئەمە وێڕای ئەوەی لۆد و قورسایی مووچەخۆران لە بودجەکەدا بۆ ٦٣ تریلیۆن دینار هەڵکشاوە و هەموو سێکتەرەکانیشی بە سیاسی کراون، بۆیە ئەو کاتەش من وتم: زۆر دڵخۆش نیم بەم حکومەتە و بودجە و پشکی هەرێم لە بودجەکەدا، تەنانەت بابەتی هەنووکەیی هەموارکردنەوەی بودجەکە، ئەمیش کە بە ڕێککەوتنی سیاسی تێدەپەڕێندرێت، نەوەکو بە کەمینەیەکی کەمتر لە ٦٠ پەرلەمانتاری کورد لە ناو پەرلەمانی عێراقدا. بە شێوەیەکی گشتی لە ئێستادا لە بەغدا شتێك نییە بە ناوی دەستوور و یاسا و بودجەوە، تەنانەت وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراقی فیدراڵیش سەربەخۆیی خۆی لەدەست داوە، خودی وەزیری دارایی عێراق کەوتووەتە بەر فشاری لایەنێکی سیاسی و ژمارەیەك لە بەڕێوەبەرانی گشتیی ناو

**عێراق وەکو دەوڵەتێکی مەرکەزیی داخراو مامەڵە دەکات، بە ئاشکرا دژایەتیکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستانیشی پێوە دیارە**

وەزارەتەکانی، کە کۆنترۆڵی سیاسەت و بەرنامەی هەموو وەزارەتەکانیان کردووە و، بەرانبەر ناردنی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم ئاستەنگ و گرفت دروست دەکەن و دۆخەکە بە هەڵپەسێردراوی دەهێڵنەوە.

*** باسی هەموارکردنەوەی یاسای بودجەت کرد، ئەگەر هەوڵی هەموارکردنەوەی یاسای بودجە بدرێت و پشکی هەرێم وەکو خۆی لە ١٢،٦٧٪ بنێردرێت و پرسی مووچە لە ئینفاقی فیعلی جیا بکرێتەوە، ئایا ئەمە چارەسەرێکی بنەڕەتی نییە؟**



- هەوڵەکانی هەموارکردنەوەی یاسای بودجە بۆ ئەوەی پشکی هەرێم وەکو خۆی بنێردرێت، هەوڵێکی خراپ نییە، بەڵام تەنانەت ئەگەر هەوڵەکانی هەموارکردنەوەی بودجەش سەربگرێت، هیچ گرەنتیەك نییە بۆ جێبەجێکردنی لە ئەرزی واقیعدا، چونکە بەغدا لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەر مادده و بڕگەیەکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان، مەرج و ئیلتزاماتێکی قورس و نادەستووری و ناواقیعی بەسەر هەرێمی کوردستاندا دەسەپێنێت، وا دەکەن حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم ئیلتزاماتە قورسانەی بۆ جێبەجێ نەکرێت، ئەوەتا لە پرسی نەوتدا حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوتەکەی ڕادەستی سۆمۆ کردووە، کەچی لەولاوە سۆمۆ ئامادە نەبوو لەگەڵ گرێبەستەکانیدا هاوبەشی لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیاکانی نەوت و گازدا مامەڵە بکات، بۆ پرسی دەروازە سنوورییەکان و ژمارەی فەرمانبەران و خانەنشینان و قەرزی مووچەخۆران و مووچەی سێ مانگی کۆتایی ئەمساڵ و دەیان بابەتی دیکەش، هەر بە بیانووی جۆراوجۆر کۆت و بەربەست دەخرێتە بەردەم چارەسەرەکان و لێکتێگەیشتنی هاوبەش، لە ساڵی ٢٠٠٤ـەوە تاکو ئەمڕۆ ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی نەهاتووە، خۆ ئەگەر حکومەتی عێراق ٦٠٪ی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە بنێرێت، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بە داهاتی نێوخۆ گرفتی کورتهێنان و مووچەی مووچەخۆرانیش چارەسەر بکات.

**بەغدا لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەر مادده و بڕگەیەکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان، مەرج و ئیلتزاماتێکی قورس و نادەستووری و ناواقیعی بەسەر هەرێمی کوردستاندا دەسەپێنێت**

*** بەڵام حکومەتەکەی سوودانی بە پاڵپشتی ئیتاری تەنسیقی و هەموو ئەو لایەنانەی لە ناو چوارچێوەی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدان، بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدایان داوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە تا چەند حکومەتەکەی سوودانی لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیدا سەرکەوتوو بووە؟**

- با سەرەتا لە هەنگاوەکانی حکومەتەکەی سوودانییەوە دەست پێ بکەین، کە بە پاڵپشتیی لایەنە سیاسییەکانی ناو ئیتاری تەنسیقی، یان لایەنە سیاسییەکانی پێکهێنەری حکومەت لە ئاست خواست و ویستی شەقامی عێراق و خراپیی دۆخی دارایی و ئابووریی نێوخۆی وڵاتدا نەبوو، ئەوەتا گرفتەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەردەوامە و لە ڕووی چاکسازیی دارایی و ئابوورییشەوە، حکومەتەکەی سوودانی نەیتوانیوە بە تەواوەتی لە مامەڵەی کلاسیکیی کۆنی سیستمی بانکی دەرباز ببێت و بانکەکان ڕوو بکەنە سیستمی (سیوفت) و چارەسەری ناسەقامگیری و بێبەهابوونی دینار و کەمکردنەوەی ڕێژەی لە ٣٥٪ی هەژاری و بێکاری لە نێو گەنجاندا بکات.

ڕەنگە ئەمە گرفتە ئاڵۆزەکەی سەرجەم حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بێت، هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ـەوە پلان و پڕۆگرامی ئابووری و دارایی باش لەسەر کاغەز هەیە و لە ڕووی واقیعەوە نییە، ئینجا وەرە وڵاتێك هێشتا خەلەلی ئابووریی لە پشتبەستن بە داهاتی

تەنیا نەوت و بێسەروبەریی سیاسەتی دارایی و نەختینەییدا بێت و دەسەڵاتی بەسەر داهاتی فرۆشتنی نەوتەکەیدا نەبێت، چۆن دەتوانێت بۆ داهاتوو پشت بە چارەنووسی ئابوورییەکی لەم شێوەیە ببەستریێت؟ بۆیە مامەڵەکردنیشی لەگەڵ هەرێمدا هەر بەم شێوەیەیە، نەهەنگە گەورەکانی ناو ئابووری و سیاسەتی عێراق قۆرخی ئابووری و ئاراستەکردنی دۆخەکە دەکەن، خۆ ئەگەر داهاتی فرۆشتنی نەوتەکەی عێراقیش ڕوو لە داکشان بکات و چارەسەری گرفتە نێوخۆییەکان لەگەڵ هەرێم، یان لە ڕووی سەقامگیریی بەهای دینار و ڕێگرتن لە ئاودیوکردنی دۆلاری نێوخۆ و گەندەڵی و تاوانەکانی سپیکردنەوەی پارە نەگیرێت و، شەڕی ئیسرائیل و غەزە فراوانتر ببێت و میلیشیاتە چەکدارەکان وڵات ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەلکێشی ئەم شەڕە بکەن، ئەوا بەهای دۆلاری ئەمریکی بەرانبەر دینار ڕوو لە نزیکەی ٢٠٠ هەزار دیناریش دەکات، بەتایبەتی کە تاکو ئێستا حکومەتەکەی سوودانی نەیتوانیوە لە مامەڵەکردنی ڕەهای دۆلار دەربازی بێت و ڕوو لە مامەڵەی دینار و دراوەکانی یۆرۆ و یوانی چینی و تمەنی ئێرانی و لیرەی تورکی و دراوە بیانییەکانی دیکە بکات. لەلایەکی دیکەوە سزادانی بانك و ئەو کەسانەی دۆلاری ئەمریکی ئاودیو دەکەن و گەمە بە نرخی ئاڵوگۆڕەوە دەکەن، سزادانی کەسە بچووکەکانە، نەك لایەنی سیاسی و کۆمپانیا گەورەکان و ملیاردێر و ملیۆنێرەکان، کە لە عێراق بوونەتە هەزارەها کەس و بە شێوازی جۆراوجۆر بەر بوونەتە لاشەی ئابووری و دارایی وڵات. زۆرجار بەوە تاوانبار دەکرێم کە من کەسێکی ڕەشبینم بەرانبەر ئایندە و چارەنووسی ئابووریی عێراق و کوردستان و پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ناوەنددا، لە کاتێکدا من پشتئەستوورم بە زانستی دارایی و ئابووری و، لە نەبوونی ئەم جۆرە سیاسەتانە و ڕۆئیایەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ چاکسازی و گۆڕانکارییە دارایی و ئابوورییەکان، کە هەمووان ڕێگرن لە بەردەم وەرچەرخان و چارەسەری بنەڕەتیی دۆخە شلۆقەکە، زۆر جار باس لەوە دەکرێت عێراق خاوەنی ١١٥ ملیار دۆلار یەدەگی بانکی ناوەندی و ١٣٠ تۆن سەبیکەی زێڕە، لە کاتێکدا ئەم بڕە پارە و زێڕە گەورەیە تەنیا بۆ دیاریکردنی پێگە و هێزی مەرکەزیی دارایی عێراق لە ناوەندە جیهانییەکاندا بەکار دەهێنرێت، یان لەکاتی کەوتنەوەی قەیرانی دارایی و ئابووری و کارەساتێکی گەورەدا دەتوانرێت دەستی بۆ ببرێت، من دەپرسم ٢٠٠ تریلیۆن دینار کە نزیکەی ١٥٠ ملیار دۆلاری بودجەی ئەمساڵە بۆ کوێ ڕۆیشت و لە چ پرۆژەیەکی ستراتیژی و وەبەرهێنانێکدا خەرج کرا؟ تا ئێستاش عێراق ٢٥ ملیار دۆلار قەرزارە کە نەیتوانیوە بیداتەوە، لە کاتێکدا وەفرەی سیولەی نەختینەیی هەیە و دەیتوانی قەرزەکانی بداتەوە. بۆیە تا عەقڵییەتی مەرکەزیی توند و ڕەتکردنەوەی فیدراڵییەتی کوردستان هەبێت، مامەڵەکردن بە شێوازی دژایەتیکردن بەردەوام دەبێت و عێراقیش لە چوارچێوەی ئەگەرە ڕەشبینییەکان دەربازی نابێت.

*** بەو پێیەی پسپۆڕیت لە دارایی گشتی و تەشریعاتەکاندا هەیە، ئایا تا چەند توانراوە بانکەکانی کوردستان و عێراق بەرەو سیستمی ئەلیکترۆنی و کاری سەرەکیی خۆیان بڕۆن؟**

- لە عێراقدا ٧٠ بانکی فەرمی هەیە، کە ژمارەیەکی کەمیان بە ئەرکی سەرەکیی خۆیان لە مامەڵەی دارایی و ئابووری و پەرەپێداندا کار دەکەن، دەبێت سەرەتا بانکەکانی کوردستان و عێراقیش بە سیاسەتی دارایی خۆیاندا بچنەوە و ڕوو لە سیستمی نێودەوڵەتیی ئەلیکترۆنی بکەن و، لە ڕێگەی هاوبەشییاندا لەگەڵ بانکە نێودەوڵەتییەکان متمانە بۆ خۆیان بگەڕێننەوە، ئالێرەدا ڕۆڵی بانکی ناوەندیی عێراق دێت، کە ڕۆڵێکی چاودێری و بەدواداچوون و تەنانەت پێداچوونەوە و لێپرسینەوە دەبینێت، کە لەژێر گوشارەکانی بانکی فیدڕاڵیی ئەمریکادا پێشبینی دەکەم مەرج و ڕێنمایی و تەنانەت لێپرسینەوەی مەسرەفەکان بەردەوام بێت، چونکە کێشەی ناسەقامگیری بەهای دیناری عێراقیش بەشێکی زۆری لەو پرۆسەی بەریەککەوتن و گەمەیەدایە کە زۆر لەو مەسرەفانە ئەنجامی دەدەن، لە نێوخۆی هەرێمیشدا لێرە و لەوێ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاو دەنێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بە ئەلیکترۆنیکردنی بانکەکان و هەژماری من و چەند ڕێگەیەکی دیکە، پێگەیەك بۆ بانکەکانی هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە، بەڵام هێشتا لە سەرەتای ڕێگەدایە و بانکەکانی کوردستان هەوڵی جددییان نییە.

**ئەگەر حکومەتی عێراق ٦٠٪ی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە بنێرێت، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بە داهاتی نێوخۆ گرفتی کورتهێنان و مووچەی مووچەخۆرانیش چارەسەر بکات**

**نەهەنگە گەورەکانی ناو ئابووری و سیاسەتی عێراق قۆرخی ئابووری و ئاراستەکردنی دۆخەکە دەکەن**

**سزادانی بانك و ئەو کەسانەی دۆلاری ئەمریکی ئاودیو دەکەن و گەمە بە نرخی ئاڵوگۆڕەوە دەکەن، سزادانی کەسە بچووکەکانە، نەک لایەنی سیاسی و کۆمپانیا گەورەکان و ملیاردێر و ملیۆنێرەکان**

**تا عەقڵییەتی مەرکەزیی توند و ڕەتکردنەوەی فیدراڵییەتی کوردستان هەبێت، مامەڵەکردن بە شێوازی دژایەتیکردن بەردەوام دەبێت و عێراقیش لە چوارچێوەی ئەگەرە ڕەشبینییەکان دەربازی نابێت**



مونیر حەداد

دادوەری پێشووی دادگای باڵای تاوانەکان بۆ گوڵان:

# ڕژێمی بەعس تەجروبەی کیمیایی و بایلۆجی لەسەر زیندانییانی کوردی فەیلی کردووە

**کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلی و تاوانەکانی دیکەی ڕژێمی بەعس دژ بە کورد و پێکهاتەکانی دیکەی عێراق لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بە هەموو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بە تاوانی «جینۆساید» دادەنرێن و بە تێپەڕبوونی کات کۆن نابن و دەبێت قوربانییەکان قەرەبوو بکرێنەوە، گۆڤاری گوڵان لەم ژمارەیەدا دیدارێکی لەگەڵ کوردێکی فەیلی و کەسایەتییەکی ناسراو ساز دا، ئەویش دادوەری پێشووی دادگای باڵای تاوانەکان (مونیر حەداد)ە کە لەو کاتەدا جێگری سەرۆکی دادگای تەمیزی دادگای باڵای تاوانەکان بووە و فەرمانی جێبەجێکردنی لەسێدارەدانی سەدام حوسێنی پێنجەمین سەرۆکی عێراقی واژوو کردووە. لێرەدا دەقی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** پێش ئەوەی باسی تاوانی کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلی بکەین، لەو پرسیارەوە دەست پێ دەکەین، مونیر حەداد وەکو کوردێکی فەیلی چۆن بڕیاری لەسێدارەدانی سەدام حوسێنی واژوو کرد؟**

- سەرەتا من ئینکاری کوردبوونم ناکەم و هەروەکو چۆن وەکو کوردێکی شیعە خۆشەویستیم بۆ ئەهلی بەیت هەیە و فەزڵێکی زۆریان لەسەرم هەیە، هەرواش خۆشەویستیم بۆ کورد و هۆزی باوکم هەیە کە هۆزی شوانە و هۆزێکی گەورەیە لە عێراق و دایکیشم مەلیک شایە. باوك و براگەورەکانم لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشەکەیدا بوون و دوو برام لەپێناو کوردبوون و ئەو شۆڕشەدا شەهید بوون، هەر بۆیە پەیوەندییەکی باشم هەبووە لەگەڵ مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی خودا لێی خۆش بێت، بگرە لەگەڵ سەرکردە شیعەکان و سوننەکانیشدا.

سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەش، من لە ٣٠ی دیسەمبەری ٢٠٠٦ وەکو کورد و شیعە سزای سەدام حوسێنم نەدا، سەدام حوسێن وەکو سەرۆك کۆماری ئەو سەردەمە و تاوانبار بە کوشتنی عێراقییەکان و کوردەکان و بگرە سوننەشی زیاتر کوشتووە لە شیعە، من خۆم چەندین ساڵ زیندانی دەستی ئەو ڕژێمە خوێنڕێژەی بەعس بووم. لەبیرمە کاتێك لە عێراق وەکو پارێزەرێك کارم دەکرد، خۆم و خانەوادەکەم وەکو کوردێکی فەیلی کەوتینە بەردەم شاڵاوی دەستگیرکردن و بەزۆر ڕاپێچکردنمان بۆ دەرەوەی وڵات و لە ناو ئازار و مەینەتییەکانی قوربانییەکانی دەستی ئەو ڕژێمە ژیاوم.

ئەو ڕۆژەی سەدام حوسێنیان هێنا، جلوبەرگی ڕەشی لەبەردا بوو، دەستەکانی کەلەپچە کرابوون و قورئانێکی پیرۆزی لەژێر باڵی دانابوو، کاتێك بڕیاری جێبەجێکردنی لەسێدارەدانی سەدام

حوسێنم خوێندەوە، دەستی بە هاوارکردن و جنێودان بە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا کرد، دواتر بردیانە ژوورەوە بۆ ناو هۆڵێکی سارد و بۆن ناخۆش و بەسەر ١٤ پلیکانە سەریان خست، بۆ بەردەم پەتی لەسێدارەدانەکە و لەو کاتەشدا سەدام بەو پۆلیسەی وت کە لەگەڵیدا بوو: «بە مردن هەڕەشەم لێ مەکە، ئەمە چارەنووسی خۆم بوو لەو کاتەی کە لەدایك بووم». حوکمی سەدام حوسێن ٣٥ ساڵی خایەند و دواجار لەسەر تاوانەکانی لەناویشیاندا کۆمەڵکوژی و جینۆساید لە سێدارە درا، بڕیارەکەش ١٠٠٪ عێراقی بوو، نەوەکو ڕۆژئاوایی و ئێرانی.

ئەمە جێبەجێکردنی فەرمانێکی دادگا بوو، گەڕانەوەی بەشێك بوو لە مافی ئەو هەموو قوربانی و کۆمەڵکوژی و ئازاردانەی خانەوادە عێراقییەکان بە کورد و شیعە و سوننەشەوە .

*** کەواتە وەکو کوردێکی فەیلی و پارێزەر و دادوەرێکی پێشوو ئەو پرسیارەت لێ دەکەین، ئایا کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلی دەکەوێتە ژێر چ جۆرێك لە کۆمەڵکوژی و ئەو پاساوانە چی بوون کە وای کرد، ڕژێمی بەعس ئەو تاوانە قێزەونە دەرهەق بە پێکهاتەیەکی ڕەسەنی وەکو کوردی فەیلی ئەنجام بدات؟**

- جینۆساید بە واتای کۆمەڵکوژی دێت و لە دادگا نێودەوڵەتییەکان سەلماندنی زۆر قورسە، خۆی لە خۆیدا تاوانە نێودەوڵەتییەکان کە دادگا نێودەوڵەتییەکان قسە و باس و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن، سێ جۆرن: (تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانی کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی جەنگ)، بۆ نموونە تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە دەچێتە ژێر ناوی تاوانی کۆمەڵکوژیی جینۆسایدەوە کە ئامانج لێی لەناوبردنی پێکهاتەیەکی نەتەوەیی وەك کورد بووە، بۆیە لە ڕێگەی کاری دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق لە ماددەی ١١ و ١٢ سەلمێنراوە کە تاوانی هەڵەبجە تاوانێکی کۆمەڵکوژیی جینۆسایدە، لەم ڕوانگەیەشەوە دۆسێی تاوانی کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلی بە یەکێك لە دۆسێ و پرسە گەورەکان دادەنرێت، بەو پێیەی لەناوبردنی پێکهاتەیەکە لەبەر دوو هۆکاری نەتەوەیی و مەزهەبی، واتا حزبی بەعس و ڕژێمەکەی سەدام ئامانجیان لە جێبەجێکردنی ئەم تاوانە لەپێناو دوو هۆکار بووە، هۆکارێکی نەتەوەیی کورد و هۆکارێکی ئەوەی سەر بە مەزهەبی شیعەن.

لەم تاوانە کۆمەڵکوژییەدا بە زۆرەملێ ٦٠٠ هەزار کوردی فەیلی ڕاپێچی ئێران کران و دەست بەسەر ماڵ و حاڵیاندا گیرا و تەنانەت بەڵگەنامەکانیشیان دەستی بەسەردا گیرا و ٢٠ هەزار گەنجی کوردی فەیلی لە زیندانی نوگرە سەلمان بێسەروشوێن کران و لەناو بران و بە سەدانی دیکەش زیندانی کران و ماوەیەکی زۆر لەناو زیندانەکانی ڕژێمی بەعس بە بێ هیچ تۆمەتێك دەستبەسەر کران، بۆیە ئەمەش جینۆسایدە و تاوانێکی نێودەوڵەتییە و لە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق و لە پەرلەمان ددانی پێدا نراوە و بە زۆرینەی دەنگ، دەنگ درا بەوەی تاوانی بەرانبەر کوردی فەیلی تاوانێکی کۆمەڵکوژی بووە، خۆ لەپاڵ ئەم تاوانە جینۆسایدە قێزەونەشدا چەندین تاوانی دیکە لە تاڵانکردنی ماڵ و حاڵ و جیاکردنەوەی خێزانەکان و بە زۆر کۆچپێکردنیان بۆ ناوچەکانی خوارووی عێراق ڕووی داوە.

*** باسی شۆڕشی مەلا مستەفا بارزانی و بەشداریکردنی خێزانەکەت لەو شۆڕشەدا کرد، دەکرێت باسێکی ئەوەش بکەیت، کە بەشداریکردنی کوردانی فەیلی لە شۆڕشی ئەیلوول هۆکارێکی سەرەکی بووە لە تۆڵەکردنەوەی بەعس لە کوردانی فەیلی و ڕاپێچکردنیان بۆ ئێران؟**

- هەموو کوردی فەیلی مەلا مستەفا بارزانییان خۆش دەویست و پاڵپشتیی شۆڕشی ئەیلوولیان دەکرد. من سێ برای گەورەم پێشمەرگە بووە لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانیدا، دوو برای گەنجم سەدام حوسێن لە سێدارەی داون و لە سەردەمی سەدام حوسێنیش دوو وێنە لەناو هەموو ماڵێکی کوردی فەیلیدا بووە، وێنەیەکی عەلی ئەبووتالب و وێنەیەکی مەلا مستەفا بارزانی، هاوکاری و یارمەتییەکان بۆ شۆڕشی ئەیلوول لە کوردە بازرگانە فەیلییەکانەوە دەنێردرا و ئێزگەی دەنگی کوردستان لە لایەن ئەوانەوە دابین کرا، ئەو سەردەمەشی کە مەلا مستەفا بارزانی لە سۆڤیەت گەڕایەوە، گەنجانی کوردی فەیلی پاسەوانی شوێنی نیشتەجێبوونیان لەبەغدا دەکرد. من جوان لەبیرم دێت کە منداڵ بووم

**چۆن وەکو کوردێکی شیعە خۆشەویستیم بۆ ئەهلی بەیت هەیە و فەزڵێکی زۆریان لەسەرم هەیە، هەرواش خۆشەویستیم بۆ کورد و هۆزی باوکم هەیە**

**باوک و براگەورەکانم لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشەکەیدا بوون و دوو برام لەپێناو کوردبوون و ئەو شۆڕشەدا شەهید بوون**

**کاتێک بڕیاری جێبەجێکردنی لەسێدارەدانی سەدام حوسێنم خوێندەوە، دەستی بە هاوارکردن و جنێودان بە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا کرد**



لەگەڵ خانەوادەکەم دەچووینە ناوپردان سەردانی براکانم دەکرد، کە ئەو سەردەمە پێشمەرگە بوون لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی بوون، زۆر لەو کوردە فەیلییانە لە دوای لەناوبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و ڕووخانی شۆڕش ڕوویان لە ئەورووپا کرد و نەگەڕانەوە. من خۆم و برایەکی پێشمەرگەم ڕوومان لە هۆڵەندا کرد و براکەشم هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد، برایەکی دیکەم لە کەسنەزان لە هەولێر کۆچی کردووە و لەوێش نێژراوە. لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی لەناو جەرگەی بەغدا زۆربەی سەرکردەکانی ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و تەنانەت سەرکردەی گەورە لەناو پارتی لە کوردانی فەیلی بوون. حەبیب محەمەد کەریم کە خاڵمە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، عادل موراد لەناو یەکێتیی قوتابیانی پارتی دیموکراتی کوردستان و زەکییە ئیسماعیل سکرتێری یەکێتی ئافرەتان بوو، کوردانی فەیلی لەناو زۆربەی حزبەکانی دیکەی وەکو حزبی شیوعی و یەکێتی و حزبە شیعەکان مەکانەت و پێگەی خۆیان هەبووە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو سەدام حوسێن تۆڵەی توندی لە کوردی فەیلی کردەوە، چونکە پاڵپشتیی مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی کورد و شیوعییەکانیان دەکرد.

*** کوردانی فەیلی لە ڕیزبەندی پێشەوەی ئەو پێکهاتانەی کوردی ڕەسەن دێن کە کەوتنە بەر شاڵاوی جینۆساید، ئایا تا چەند لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس کوردانی فەیلی و خێزانەکانیان قەرەبوو کراونەتەوە؟**

- جینۆسایدی کوردانی فەیلی تاوانێکی گەورە بوو لە زەمەن و سەردەمێکی هەستیاردا و گەنجەکانیان تەنیا زیندانی نەدەکران، بەڵکو بێسەروشوێن دەکران و تاکو ئێستاش ئێسك و پرووسکی زۆریان نەگەڕاوەتەوە و ماڵ و حاڵیان دەستی بەسەردا گیرا و بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کران. لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دداننان بە جینۆسایدەکەدا لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکان و پەرلەمانی عێراق، لەلایەن دەزگای شەهیدانەوە، مووچەی شەهیدانیان پێشکەش بە خێزان و خانەوادەی کوردانی فەیلی کرد، ئەگەرچی من لەگەڵ ئەوەدام خوێن قەرەبوو ناکرێتەوە، بەڵام ئەوە سەلمێندرا کە کوردی فەیلی شەهید بووە و زیندانی کراوە و مووچەی شەهیدان و زیندانی سیاسییان بۆ بڕایەوە، ئەو خێزانانەی بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کران، هەندێکیان مووچەیان بۆ تەرخان کرا و لە ڕێگەی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانیشەوە هەندێك ماف و ئیمتیازاتیان بێ بەخشین، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە عێراق لە زەمەنی

**بە زۆرەملێ ٦٠٠ هەزار کوردی فەیلی ڕاپێچی ئێران کران و دەست بەسەر ماڵ و حاڵیاندا گیرا و تەنانەت بەڵگەنامەکانیشیان دەستی بەسەردا گیرا**



**له زەمەنی سەدام حوسێنیش دوو وێنە لەناو هەموو ماڵێکی کوردی فەیلیدا بووە، وێنەیەکی عەلی ئەبووتالب و وێنەیەکی مەلا مستەفا بارزانی**

**به چەند ڕۆژێکی کەمی دوای ئەوەی ڕژێمی سەدام کیمیابارانی هەڵەبجەی کرد، بەریتانییەکان بڕی ٧٠٠ ملیۆن پاوەنی ئەو سەردەمەیان کە هێندەی بودجەی دەوڵەتێک بوو، وەکو هاوکاری پێشکەش بە سەدام کرد**

ڕژێمی بەعس خەڵکێکی زۆر زیانی پێگەیشت و کەسیش بە تەواوەتی قەرەبوو نەکراوەتەوە. ئەوەتا ئەنفالەکان و بارزانییەکان و ڕاپەرینی شەعبانی و سیاسییەکان و عەلمانییەکان و شیعەکان و دەیان تاوانی دیکەی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و تاوانی کۆمەڵکوژی بوونیان هەیە، هەموو خانەوادەکانیان یان کەسە زیانلێکەوتووەکان بەپێی پێویست نەتوانراوە قەرەبوویان بکرێتەوە. لەو سەردەمە سەدام حوسێن و ڕژێمەکەی لەلایەن ڕۆژئاوا و ئەمریکاوە پاڵپشتی دەکران، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوی لە بەرانبەر ئەو هەموو تاوانە دەپۆشی. سەیری تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بکەین، دەبینین هەر بە چەند ڕۆژێکی کەمی دوای ئەوەی ڕژێمی سەدام کیمیابارانی هەڵەبجەی کرد، بەریتانییەکان بڕی ٧٠٠ ملیۆن پاوەنی ئەو سەردەمەیان کە هێندەی بودجەی دەوڵەتێك بوو، وەکو هاوکاری پێشکەش بە سەدام کرد، هەموو ئەو کارەسات و کۆمەڵکوژی و تاوان و ڕووداوانەم لەبیرە. من تەمەنم زیاتر لە ٦٠ ساڵە. ڕژێمی سەدام حوسێن پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی جیهان باش بوو، تەنانەت پێش ڕووخانەکەشی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا باش بوو، ئەگەر ئەمریکا نەبووایە هەرگیز بە ئێمە ئەو ڕژێمە خوێناوییە نەدەڕووخا.

*** زۆر باسی زیندانەکانی کوردانی فەیلی و بێسەروشوێنکردنی گەنجەکانی کوردی فەیلی دەکرێت. پێشتر وەکو پارێزەر و دادوەر لە دادگاکانی عێراق کارت کردووە، هیچ زانیارییەکی ورد و بەڵگەنامەت لەسەر ئەو تاوانانە هەیە؟**

- بەڵێ، زۆر لەو بەڵگەنامە و دیکیۆمێنت و وێنانە هەیە کە چۆن گەنجەکان لە نوگرەسەلمان زیندانی کراون و دواتر پۆل پۆل بێسەروشوێن کراون و ژمارەیەکیان لەژێر ئەشکەنجەدان کوژراون و ژمارەیەکیان لە ناو کێڵگەکانی مین و بە (تی ئێن تی) کوژراون و دواتر بە خێزانەکانیان وتوون ناردوومانن بۆ شەڕ و لە کێڵگەی مین کوژراون و هەندێکیشیان تەجروبەی کیمیایی و بایلۆجیان لەسەر کردوون، من زۆر لەوانەی دەستگیر کراون و لە زیندانەکاندا بوون، خزم و کەسوکار و هاوڕێ نزیکەکانمی تێدا بووە.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی کوردانی فەیلی دوای ئەو زوڵم و جینۆسایدەی تووشی بوون، قەرەبوو بکرێنەوە و پێگەی خۆیان لە ناو کۆمەڵگەی کوردستانی و عێراقی بۆ بگەڕێتەوە؟**

- بەداخەوە، حزبە شیعەکان لە حزبە کوردستانییەکان زیاتر گرنگییان بە کوردانی فەیلی داوە، کاکە هەر هیچ نەبێت، وەکو



هاووڵاتییەکی کورد مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، بۆ دەبێت کورد کە لە دەرەوەی هەرێمە بە شێوەیەکی نامۆ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟ لە کاتێکدا کوردی فەیلی چەندین ملیۆن کەسن لە بەغدا و دیالە و ناسرییە و بەسرا و سەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا بوونیان هەیە، بە هۆی پشتگوێخستنیان ژمارەیەکی زۆریان تەعریب کران و زۆربەی بنەماڵەی سەرکردە سیاسییە گەورەکانی عێراق لە ئەسڵدا بۆ خێزان و خانەوادەکانی کوردانی فەیلی دەگەڕێنەوە. بەداخەوە کێشەی حزبە کوردستانییەکان بە هاوشێوەی حزبەکانی دیکەی عێراق ئەوەیە بە دوای کەسی گونجاو و پاك و خاوێن و شیاودا ناگەڕێن، لە دوای **٢٠٠٣** بارودۆخی حزبە عیلمانی و نەتەوەیی و دینییەکانیش بە دوای کەسی باش ناکەون و زۆربەی پێگە گرنگەکانیان بە دەست کەسانی نەشیاو و خراپەوەیە، بۆیە خەڵکی لێیان دوور دەکەوێتەوە. لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا کوردێکی زۆری تێدا نیشتەجێن و بەشێکی بووەتە خاوەن ڕەگەزنامەی دووەم لەو وڵاتانە، بەڵام بۆ کوردی فەیلی بە هیچ شێوەیەك کاری لەسەر نەکراوە و وەکو کورد مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت. لە سوید و ئەڵمانیا و هۆڵەندا و سویسرا کوردێکی زۆری فەیلی هەن، کەچی لەلایەن حزبە کوردستانییەکانەوە فەرامۆش کراون، سەرکردە شیعەکان زیاتر گرنگییان بە کوردانی فەیلی داوە و سەرجەم پێگە و نفووزیان لە حزبە شیعەکان دەست کەوتووە. من سەرۆکی گەورەترین و بەرزترین باڵای دادگا بووم لە مێژووی عێراقدا، لە کاتێکدا کوردێکی شیعە بووم و سەدام حوسێنم بە دەستی خۆم لە یەکەم ڕۆژی جەژندا لە سێدارە دا. ئێمە هەرگیز ئینکاری کوردبوونمان و بەشداریکردنمان لە شۆڕش و ڕاپەرینەکان دژی زاڵمەکان ناکەین، هەروەکو چۆن لە بەرانبەر پشتگیریمان بۆ عەبدولکەریم قاسم قەومچییەکان لە ٨ی شوباتی **١٩٦٣** قەسابخانەیەکیان بۆ دانایین و لە بەرانبەر پاڵپشتیمان بۆ مەلا مستەفا بارزانی بە جالیەی ئێرانی دانرایین و بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کرایین. ئێمە پاڵپشتیی ئەو کەسانەمان دەکرد، کە ڕاستگۆ بوون و لەسەر مەزڵووم و کەسی زوڵملێکراویان دەکردەوە، بۆیە هەر شانازی بە کوردبوونمان و شیعەبوونمان دەکەین و لە ناو هەرێمی کوردستان بێت، یان لە عێراق و دەرەوە دەبێت، مێژوو ڕێز لە شەهید و قوربانییەکانمان دەگرێت.

**من سەرۆکی گەورەترین و بەرزترین باڵای دادگا بووم لە مێژووی عێراقدا، لە کاتێکدا کوردێکی شیعە بووم و سەدام حوسێنم بە دەستی خۆم لە یەکەم ڕۆژی جەژندا لە سێدارە دا**

**لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا کوردێکی زۆری تێدا نیشتەجێن و بەشێکی بووەتە خاوەن ڕەگەزنامەی دووەم لەو وڵاتانە، بەڵام بۆ کوردی فەیلی بە هیچ شێوەیەک کاری لەسەر نەکراوە و وەکو کورد مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت**

ماموستا ئومێد عومەر سەعدوون باوەمەردەیی
شارەزا لە شەریعەتی ئیسلامی بۆ گوڵان:

# بوونی سێ حزبی ئیسلامی لە کوردستان بۆ کۆمەڵگەی ئێمە کێشەیە

## کورد میللەتێکە زۆرینەی موسڵمانە و پێویست ناکات هیچ گرووپ و لایەنێک بیانوو و تەفسیری بۆ بدۆزنەوە

لە ساڵانی شەستەکان بیر و لایەنی ئیخوان موسلمین گەیشتە هەرێمی کوردستان و، لە ساڵانی هەشتاوە بیر و لایەنی جیهادی دروست بوون، ئەو بیر و هزرانە وای کرد ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لە دوای ساڵی ١٩٩١ زیاتر دەر بکەون. ئەو لایەن و حزبە ئیسلامییە سیاسییانە بە جۆرێکن، کە ڕێز لە ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمان و خاك و پیرۆزییەکانی میللەت ناگرن، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ماموستا مەلا ئومێد عومەر سەعدوون باوەمەردەیی، قوتابیی دکتۆرا و شارەزا و پسپۆڕ لە شەریعەتی ئیسلامی ئەنجام دا و، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.



*** لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبووڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لە میسر دامەزرا، بۆ دووبارە گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی، دواتر فیکری ئیخوان بووە فیکرێکی جیهانی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش ببێت بۆ سیاسی و عیبادەت، ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ ئیسلامی سیاسی تاچەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟**

- لە هەقیقەتدا خەلافەتی ئیسلامی بە ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی کە بیروباوەڕێکی تەسەوفی بوون، توانیبوویان ئەو شوێن و وڵاتانەی لەژێر دەسەڵاتیاندا بوو، جۆرێك لە ئازادی و سەربەخۆییان پێ بدەن، وەکو کوردستان لەو سەردەمە لە ناو ئیمپراتۆرییەتەکەیاندا، ئەو ئیمارەتانە وەك (مووسڵ و شارەزوور و کەرکووك) هەبوون. زانایانی کورد لەو سەردەمەدا وەك شێخ ئەحمەد فائیز بەرزنجی و محەمەد جەو سەرگەڵۆیی کە زانای گەورە و موفتی بوون ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە، بەڵام بە نەمانی خەلافەتەکە کەلێنێکی گەورە دروست بوو، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە کۆمەڵێك دروست بوون بە ناوی ئیخوان موسلیمین، کە بیرۆکەکەی لە سەید قوتب و حەسەن بەننا لە میسرەوە دەستی پێکرد، پاشان بە وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبیدا بڵاو بووەوە، ئەگەرچی حەسەن بەنا کەسی بۆ تورکیا نەنارد، چونکە لە تورکیا مامۆستا بەدیعولزەمان (سەعید نورەسی) گەورە زانا و نوێکەرەوە و تەسەوفێکی گەورەی کورد هەبوو، هاوکات لەو سەردەمانەشدا لە کوردستاندا زانایانی تەسەوف و تەکییە و خانەقایەکان ڕۆڵی گەورەیان هەبووە، بیر و بەرنامەی ئیخوان موسلیمین لە ساڵانی ١٩٦٠ـەوە هاتە کوردستان، دواتر بزووتنەوەی ئیسلامی لێیان جیا بووەوە و ئیخوان موسلیمینیش هەر مایەوە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین چەندین حزبی ئیسلامیی سیاسی وەك یەکگرتووی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی کە ئێستا دادگەرین دروست بوون، بێگومان ئیخوان موسلیمین کە دروست بوون، لەوێوە دابەشبوون و جیاوازی دروست بوو، کاریگەریی خراپیشی کردە سەر ئیسلام، لە ئیسلامدا بە هیچ شێوەیەك نابێت دابەشبوون و جیاوازی دروست ببێت، وەك خوای

گەورە دەفەرموێت: «وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ۚ وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ»، واتە ئیسلام یەکڕیزی و دابەشنەکردنی کۆمەڵگەیە و برایەتی و پێکەوە ژیانە، هەر بۆیە ئێمەش دەبێت بڵێین نابێت کوردستان، یان هەر وڵاتێکی ئیسلامی بەسەر جەماعەت و گرووپدا دابەش ببێت و، دەتوانین ئەو ئایەتەی قورئانی پیرۆز بهێنینەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت: «إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ»، واتە بڕواداران برای یەکترن، هەر بۆیە ئەو دابەشبوونە لە ڕێگەی هەر بیروباوەڕێکەوە بێت، مەترسیدارە و زیانێکی گەورە بە ئوممەی ئیسلامی و کۆمەڵگە دەگەیەنێت.

*** بەپێی ئەم مێژووەی ئیخوان موسلیمین، ئەوە دەرکەوتووە کە فیکری ئیسلامی سیاسی بایەخ بە پرسی خاک و نەتەوە نادات، پیرۆزییەکانی نەتەوە بێ بەها دەکەن، ئایا سڕینەوەی ئینیما و پیرۆزییەکانی نیشتمانی چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- بێگومان سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمان کارەساتێکی گەورەیە و لەگەڵ ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا ناگونجێت، چونکە خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: «يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ»، بەپێی ئەو ئایەتە و چەندین بەڵگەی دیکەش، لە بنەڕەتدا خودای گەورە کۆمەڵگەی لە نەتەوە و گەلی جیاواز دروست کردووە، ئەمەش تەنیا لە دەسەڵاتی خوای گەورەیە و میللەتی کوردیشی دروست کردوە کە زمانێکی تایبەتی پێ بەخشیوە کە کوردییە و خاک و نیشتمانێکیشی پێ داوە کە کوردستانە، بۆیە داکۆکیکردن لە زمان و خاک و نیشتمانی خۆمان ئەرکێکی ئایینییە کە هەموو موسڵمانێك و مامۆستا و پیاوێکی ئایینی و ڕۆشنبیرێك دەبێت بەرگری لە خاک و نیشتمانی خۆمان بکەین، هەروەها کە دەبینین شاعیرانی کورد کە شعریان داناوە و گوتوویانە، ئەوە زمانی شاعیرەکان و لێکدانەوەکانیان بە کوردییەکی زۆر پاراو و تایبەتمەند بووە، بۆ نموونە کە بێکەسی شاعیر دەڵێت: «ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیر کەوتەوە، وەختی بەندیی و ئەسارەت، پێ بە تەوق و کۆتەوە»، هەروەها پیرەمێرد، یان نالی دەبینین تا چەند پابەند و بە دیقەت بوون چ لەلایەنی زمانی شیرینی کوردی و چ خۆشەویستی بۆ خاك و نیشتمانەکەمان، لەلایەکی دیکەوە بێگومان هەر کاتێك کەسێکی موسڵمان، یان کۆمەڵگەیەکی موسڵمان، یان هەر کۆمەڵ و گرووپێك بڵێن باوەڕمان بە پیرۆزیی نیشتمان نییە و جیاوازی نەتەوەیی نییە و داکۆکی لە زمان و نەتەوە و خاك و نیشتمان و پیرۆزییەکانی خۆیان نەکەن، ئەوە جارێکی دیکە دەبینەوە بە کۆیلەی عەرەب، یان نەتەوەکانی دیکە، ئەگەرچی ئایینی ئیسلام لەگەڵ ئەوەدایە کە مرۆڤ ئازاد و سەربەخۆ بێت، هاوکات ڕێز لە هەموو ئایین و پێکهاتە و نەتەوەکانی دیکەش بگرێت.

*** ئێمە وەك گەلێکی موسڵمان «گەلی کورد»، خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەیە، هەر لە ئەحمەدی خانی تا دەگاتە مەولەوی و نالی، بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات و دەیەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکاتەوە، کە ئەویش مێژووی عەرەبییە؟**

- لە کوردستان مەزهەبی ئیمامی شافیعی مەشهوورە، ئەوە هەر بیروباوەڕێکی دیکە پێچەوانەی مەزهەبی ئیمامی شافیعی بێت، ئەگەر بیروباوڕێکی دیکەی ئیسلامیش بێت بە ڕاستی لە کوردستاندا نامۆیە، چونکە سڕینەوەی کەلتوور و ڕۆشنبیریی میللەتی کوردە و کارەساتێکی زۆر گەورەی لێ دەکەوێتەوە. لە هەقیقەتدا مێژووی کورد زیاتر لە هەزار ساڵە پڕ لە ڕووناکبیری و خزمەتکردن و نیشتمانپەروەرییە کە لە ناو کۆمەڵگەی کوردستانەوە هەڵقوڵاوە و پێکهاتەکەی کوردستان دەپارێزێت کە وەك شاعیرانی گەورەی گەل و نەتەوەکەمان تەعبیریان کردووە بە شێوەیەکی زۆر جوان و باڵا، وەك حەزرەتی نالی و مەحوی و چەندانی دیکە، چونکە ئەوانە پەروەردەی قوتابخانەی تەسەوف بوون، (هەر دوو تەریقەتی پیرۆزی قادری و نەقشبەندی)، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر تەماشای مێژووی سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی کورد بکەین، وەك قازی مەحمەد و شێخ مەحموود و مەلا مستەفای بارزانی، دەبینین

هەر کۆمەڵ و گرووپێک بڵێن باوەڕمان بە پیرۆزیی نیشتمان نییە و جیاوازی نەتەوەیی نییە و داکۆکی لە زمان و نەتەوە و خاک و نیشتمان و پیرۆزییەکانی خۆیان نەکەن، ئەوە جارێکی دیکە دەبینەوە بە کۆیلەی عەرەب، یان نەتەوەکانی دیکە

ئایینی ئیسلام لەگەڵ ئەوەدایە کە مرۆڤ ئازاد و سەربەخۆ بێت، هاوکات ڕێز لە هەموو ئایین و پێکهاتە و نەتەوەکانی دیکەش بگرێت

هەر بیروباوەڕێکی دیکە پێچەوانەی مەزهەبی ئیمامی شافیعی بێت، ئەگەر بیروباوەڕێکی دیکەی ئیسلامیش بێت بە ڕاستی لە کوردستاندا نامۆیە

ئەگەر تەماشای مێژووی سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی کورد بکەین، وەک قازی مەحمەد و شێخ مەحموود و مەلا مستەفای بارزانی، دەبینین پەروەردەی ئەو قوتابخانە تەسەوفانەن بەتایبەت نەقشبەندی

پەروەردەی ئەو قوتابخانە تەسەوفانەن بەتایبەت نەقشبەندی. هەر بۆیە لە ئێستاشدا ئەگەر لەسەر ڕێچکەی ئەو زانا و شاعیرە گەورە و سەرکردە و شۆڕشگێڕانەمان نەڕۆین، ئەوە جارێکی دیکە وەك میللەتی کورد و کوردستان ئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران دەکرێینەوە.

*** حزبە ئیسلامییەکان پرۆسەیەك بەڕێوە دەبەن، وەك ئەوەی بیانەوێت سەرلەنوێ کۆمەڵگەی کوردستان ئیسلام بکەنەوە، ئایا دەکرێت ئیسلامەتی تەنیا ئەو ئیسلامە بێت کە حزبە ئیسلامییەکان پێناسەی دەکەن؟**

- ئێمە وەك میللەت و گەلی کورد و کوردستان زیاتر لە هەزار ساڵە دینداری و خواپەرستیمان کردووە و گەلێکی موسلمانین و لەخواترسین و هەر بیروباوەڕێکی دیکە بێتە کوردستانەوە ئەگەر خزمەت بە ئایینی ئیسلام و نەتەوەی کورد بکات، ئەوە شتێکی باشە، بەڵام بە بۆچوونی من ئەو بیروباوەڕانەی تازە دێنە کوردستانەوە دەبێتە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگەکەمان و نامۆشە بە میللەتەکەمان، هەر بۆیە پێویست ناکات هیچ گرووپ و لایەنێك بیانوو و تەفسیری جۆراوجۆر بۆ گەلی کوردی موسلمان بدۆزنەوە، لەلایەکی دیکەوە ئێستا لە کوردستان سێ لایەن و حزبی ئیسلامیمان هەیە، لە هەقیقەتدا بوونی ئەو سێ حزبەش بۆ کۆمەڵگەیەکی وەك ئێمەی کورد کە موسلمانین، کێشەیە، چونکە ئەو حزبە ئیسلامییانە سیاسین و هەر یەکەی بۆ خۆی هەوڵ دەدات بگاتە ئەو ئاوات و ئامانجەی دەیەوێت و دەیانەوێت بگەنە لوتکەی دەسەڵاتیش، ئەوەش کێشەیەکی دیکەیە، لەبەر ئەوەی ئەو سێ حزبە ئیسلامییە هەر یەکەو بەرنامە و پەیڕەو و ستراتیژ و ئامانجی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەگەرچی ئایینی ئیسلامی و عەقیدە و عیبادات هەر هەمووی بەپێی قورئان و فەرموودەی پیرۆزی پێغەمبەرن (د.خ) کە هەر هەمووی لەپێناو خزمەتکردنی مرۆڤایەتییە بە یەکسانی و دادپەروەری. ئەگەر حزبی ئیسلامییش هەبێت، پێویست بوو یەك حزبی ئیسلامی هەبێت، ئەگەر بۆ خزمەتی ئیسلام بێت، هەر بۆیە بە بۆچوونی من بوونی ئەو چەند حزبە ئیسلامییە لە کوردستاندا سلبیاتیان زیاترە لە ئیجابییاتیان .

*** باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر لە فیکری ئیخوان موسلمین و ئیسلامی ئوسووڵی دەکرێت، ئایا چاندنی تۆی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگە، تا چەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- بێگومان هەر بیروباوەڕێکی توندڕۆیی بە ناوی ئایینی ئیسڵامەوە کۆمەڵگە تێك دەدات، ئەگەرچی نابێت توندوتیژی بە هیچ جۆرێك بە ناوی ئایینی ئیسڵام بکرێت، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: «فمن شاء فلیؤمن ومن شاء فلیکفر»، واتە کێ ئارەزووی هەیە با ئیمان بێنێت. خوای پەروەردگار بە پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت تۆ نەرمونیان بە فەزڵی خوای پەروەردگار (وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ) ئەگەر تۆ دڵڕەق و ڕووشکێن بیت، ئەوانەی دەوروبەرت دوور دەکەونەوە، کەواتە ڕاوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانەی دەوروبەرت بکە، هەروەها پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: «نەرمونیانی لە هەر شتێکدا بێت، جوانی دەکات»، بۆیە پێویستە کەسی موسڵمان وەك ئاو بێت و لە هەر خاکێکدا بێت، سەوزی بکات و بەرهەم و سوودی بۆ کۆمەڵگە هەبێت، بۆ خەڵك و کەسی ئیسلام و نائیسلامیش.

*** خاڵێکی دیکەی ترسناك لە فیکری ئیسلامی سیاسی مەسەلەی دووبارە تەفسیرکردنەوەی فەتوایە، ئایا ئەمە بێماناکردنی فەتوا و دروستکردنی ئاژاوە نییە لە کۆمەڵگە؟**

- بێگومان فەتوادان بەبێ زانست و هەر کەسێك بیدات ترسناك و ئاژاوە نانەوەیە، لەم بارەیەوە پێغەمبەر (د.خ) لە فەرموودەکانیدا مەترسیی فەتوادانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و مەترسی لەسەر ئەو کەسانەش دەخاتەڕوو کە لە خۆیانەوە بەبێ زانست و شارەزایی فەتوا دەدەن. دەبێت فەتوا لەلایەن لێژنەیەکی تایبەتمەندی باڵا بدرێت، وەك ئەوەی لەهەرێمی کوردستان هەیە، کە زانا و خاوەن ئەزموونی زۆر و شارەزای زانستی هزر و شەریعەتی ئیسڵامن، هاوکات پێویستە هەرێمی کوردستان وەك سعودیا و میسر و وڵاتانی موسڵمان موفتییەکی هەبێت، تاوەکو لە فەوزای فەتوادان ڕزگارمان بێت .

**ئەگەر حزبی ئیسلامییش هەبێت، پێویست بوو یەک حزبی ئیسلامی هەبێت، ئەگەر بۆ خزمەتی ئیسلامییەت بێت**

**پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: «نەرمونیانی لە هەر شتێکدا بێت، جوانی دەکات»، بۆیە پێویستە کەسی موسڵمان وەک ئاو بێت و لە هەر خاکێکدا بێت، سەوزی بکات و بەرهەم و سوودی بۆ کۆمەڵگە هەبێت،**

**دەبێت فەتوا لەلایەن لێژنەیەکی تایبەتمەندی باڵا بدرێت، وەک ئەوەی لەهەرێمی کوردستان هەیە، کە زانا و خاوەن ئەزموونی زۆر و شارەزای زانستی هزر و شەریعەتی ئیسڵامن**

**پێویستە هەرێمی کوردستان وەک سعودیا و میسر و وڵاتانی موسڵمان موفتییەکی هەبێت، تاوەکو لە فەوزای فەتوادان ڕزگارمان بێ**

دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر جەیمس سپێرلینگ بۆ گوڵان:

# تا ئایندەیەکی نزیک ڕووسیا و ئۆکرانیا شەڕی شەکەتکردنی یەکتر دەکەن

**جەیمس سپێرلینگ، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی ئاکرۆن، پێشتریش وانەبێژ بووە لە زانکۆی میشیگان ستەیت، کۆلێژی داڤیدسۆن و کۆلێژی جەیمس مادیسۆن و وانەبێژی سیاسەتی جیهانی و حکومەت (سیاسەتی بەراوردکاری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان) و سیاسەتی نێودەوڵەتی و دامەزراوەکان و سیاسەتی ئەمنی بەراوردکارییە. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە سیاسەتی ئەمنی و ئابووریی وڵاتی ئەڵمانیا و ئاسایشی جیهانی و ئاسایشی ناوچەیی لە چوارچێوەی سیستمی نێودەوڵەتیی هاوچەرخدا دەدات، هەروەها گرنگی دەدات بە پرسەکانی پەیوەست بە ناتۆ و حوکمڕانیی جیهانی. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و ناکارایی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاست ئەم شەڕە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** ئەوەی ئاشکرایە پێناچێت شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا بەم نزیکانە کۆتایی پێ بێت، واتە لە ئاسۆدا نە ئەگەری سەرهەڵدانی چارەسەرێکی سیاسی هەیە و نە پێدەچێت بە شێوەیەکی سەربازی یەکلا بکرێتەوە و لایەنێک بتوانێت سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە بەدەست بهێنێت، ئێوە چۆن لە درێژەکێشانی شەڕەکە دەڕوانن و پێتان وایە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی بەدی دەکرێت لە ئێستادا (کە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣) یە، ئەوەیە کە وا دەردەکەوێت شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا تا ئایندەیەکی نزیک و بەرچاو وەك شەڕێکی ئیستینزاف بمێنێتەوە و، پێدەچێت ئەم شەڕە لە مەودای دووردا لە بەرژەوەندیی ڕووسیا بشکێتەوە، بەڵام ئەویش بە مەرجی هاتنەدی دوو هەلومەرج، یەکەم: ئەگەر ئەنجومەنی نوێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (کە کۆمارییەکان تێیدا باڵادەستن) دەستەبەرکردنی پشتیوانیی پێویستی دارایی و سەربازی بۆ ئۆکرانیا لە ساڵی ٢٠٢٤ ڕەت بکەنەوە. دووەم: ئەگەر دووبارە دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ساڵی ٢٠٢٤ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و، بەو شێوەیە کارێك بکات کە لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٥ هیچ هاوکارییەکی سەربازی و هیچ پاڵپشتییەکی دیپلۆماتی بۆ ئۆکرانیا لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دەستەبەر نەکرێت، نەك هەر ئەوە، بگرە ئەو کاتە ئەمریکا بە شێوەیەکی ئاشکرا، یان پەنهانی پشتیوانی لە ئامانجەکانی ڕووسیا لە ناوچەکەدا بکات، و ئەو کاتە ناتۆ بە تەواوەتی تووشی تێکشکانێکی گەورە دەبێت، ئەمەش دۆخێك دەخولقێنێت کە هێزە ئەورووپییەکان ناچار دەبن سەرچاوەی زیاتر

خەرج بکەن لە بواری بەرگریکردن لە خۆیاندا نەك ئەو سەرچاوانە تەرخان بکەن بۆ ئۆکرانیا. خاڵێکی دیکە کە شایستەی ئاماژەپێکردنە ئەوەیە کە سەرکردایەتیکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (یان نەبوونی ئەم سەرکردایەتییە) بۆ ئەم هاوپەیمانێتییە ئەگەری ئەوەی لێ دەکرێت، سەربکێشێت بۆ لەدەستدانی یەکگرتوویی لە نێو ئەوروپادا، کە ئەمەش پاڵنەرێکی بەهێز دەخولقێنێت بۆ هێزە ئەوروپییەکان، بۆ ئەوەی هەوڵ و کۆشش بخەنەگەڕ تا هاوکارییەکی زیاتر لە بواری بەرگریدا بەدی بهێنن لە نێو خۆیاندا. خۆ ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەست لە ئۆکرانیا هەڵبگرێت، ئەوا ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییە هەڵکشاوانەی رووسیا تواناکانی ئۆکرانیا تێك دەشکێنن، کە ناتوانرێت بە ئاسانی پڕ بکرێنەوە.

*** هەروەك روونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی رۆژئاوا جگە لە دەستەبەرکردنی هاوکارییە سەربازی و داراییەکان بۆ ئۆکرانیا، ئەوا چەندین سزای ئابووری و داراییان بەسەر رووسیاشدا سەپاندووە، بەڵام ئەم سزایانە نەبوونەتە هۆی ناچارکردنی رووسیا بە گۆڕینی هەڵوێست و بڕیارەکانی، لێکدانەوەی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- لە راستیدا مەسەلەکە ئەوە نییە ئایا سزا سەپێندراوەکانی سەر رووسیا لەلایەن رۆژئاواوە دەتوانن لە هەموو روویەکەوە ئامانجەکانی خۆیان بپێکن، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم سزایانە سنوورداری و کۆت و بەندێك دەسەپێنن بەسەر وڵاتە بەئامانجگیراوەکەدا؟ لەم رووەوە و ئەوەی بەدی کراوە ئەوەیە کە رۆژئاوا کارێکی کردووە کە رووسیا تووشی دژواری ببێتەوە لە کڕینی کاڵاکان لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا، بە چەشنێك رووسیای ناچار کردووە کە بە نرخێکی زیاتر ئەو کاڵایانە بکڕێت، و بڕێکی زۆری نەختینەی رووسیاشی لە دەرەوەی ئەو وڵاتە سڕ کردووە، کە دەکرا بۆ شەڕەکە خەرج بکرابان. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، کێشەی هەرە گەورەی ئەم سزایانەی ئێستا کە بەسەر رووسیادا سەپێندراون، ئەوەیە کە دوو گەمەکاری گەورەی نێو سیستەمە نێودەوڵەتییەکە (چین و هیندستان) بەردەوامن لە کارکردن لەگەڵ رووسیا، لە هەمان کاتدا ئۆپیك هەوڵی داوە پشتیوانی لە نرخی نەوت بکات، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی رووسیا داهاتێکی زیاتر بەدەست بهێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت شەڕەکەی پێ ئەنجام بدات و لە کاریگەری و دەرهاویشتەکانی سزاکان کەم بکاتەوە.

*** ئەوەی نکۆڵی لێ ناکرێت، رۆڵی ناکارای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە ئاست شەڕی ئۆکرانیا و رووسیادا، واتە وەك رێکخراوێك کە رۆڵی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی هەیە، نەیتوانی ئەرك و رۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆی ببینێت، چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانن؟**

- بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت سەرەتا ئاماژە بەوە بکەین کە ئامانج لە دامەزراندنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بریتی بوو لە بەدامەزراوەییکردنی هاوسەنگیی هێز لە چوارچێوەی سیستمی ئاسایشی بە کۆمەڵدا، بە واتایەکی دیکە مەبەستەکە ئەوە بوو ئەو دابەشبوون و جیاوازیی هێزەی لە هەلومەرجی واقیعیدا لە ئارادا بوو، لەم رێکخراوەدا بەرجەستە ببێت و رەنگ بداتەوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی ئەوەی هێزە مەزنەکان ببنە لایەنی پەیوەندیدار لە سیستمی ئاسایشی بە کۆمەڵدا، ئەم بونیادەش بە چەشنێك بوو کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نەتوانێت بە شێوەیەکی



**وا دەردەکەوێت شەڕی رووسیا و ئۆکرانیا تا ئایندەیەکی نزیک و بەرچاو وەک شەڕێکی ئیستینزاف بمێنێتەوە و، پێدەچێت ئەم شەڕە لە مەودای دووردا لە بەرژەوەندیی رووسیا بشکێتەوە**

**ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەست لە ئۆکرانیا هەڵبگرێت، ئەوا ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییە هەڵکشاوانەی رووسیا تواناکانی ئۆکرانیا تێک دەشکێنن**

**رۆژئاوا کارێکی کردووە کە رووسیا تووشی دژواری ببێتەوە لە کڕینی کاڵاکان لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا، بە چەشنێک رووسیای ناچار کردووە کە بە نرخێکی زیاتر ئەو کاڵایانە بکڕێت**

کارا ڕۆڵ و ئەرکی خۆی ئەدا بکات، کاتێك ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی ئەم ڕێکخراوە پێی وابێت کە کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان مایەی هەڕەشە و مەترسی دەبن بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان، هەروەك ئەوەی لە کەیسی ئێستادا (شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا) بەدی دەکەین. کێشە بنەڕەتییەکە ئەوە نییە کە کەموکوڕییەك هەیە لە بونیادی دامەزراوەیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بەڵکو ئەوەیە کە مەحاڵە بتوانرێت سیستمێکی جیهانی تایبەت بە ئاسایشی بە کۆمەڵ دابمەزرێنرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئاماژەی پێکرا، ئەوا ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە نەتەوە یەکگرتووەکان بتوانێت ڕۆڵێکی بنیادنەر ببینێت لە ئەرکەکانی پەیوەست بە ئاوەدانکردنەوەی دوای شەڕ، و بە کۆششەکانی سەقامگیرکردنەوە و بنیادنانی ئاشتی و گەڕاندنەوەی ئاوارە و پەنابەران و ئاشتەوایی ناوخۆیی.

*** کەواتە تا چەند ئەم بێتوانایی، یان ناکارایییەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بووەتە هۆی ئەوەی جیهان کەمتر لە ئاسایش و ئاشتیدا بێت؟ ئایا کاتی دووبارە بنیادنانەوەی ئەم ڕێکخراوە نەهاتووە؟**

- من پێم وانییە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بووبێتە هۆی ئەوەی جیهان کەمتر ئاسایش بە خۆیەوە ببینێت، بەهۆی ئەوەی کە هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، یان شەڕی ئیسرائیل و حەماس لە غەززە، چونکە لەم شەڕانەدا هیچ یەکێك لە ڕکابەرەکان خواست یان نییەتی ئەوەیان نییە لە ڕێی گفتوگۆوە بگەنە دەرئەنجامێکی قبووڵکراو لەلایەن هەردوولایانەوە، نەتەوە یەکگرتووەکانیش کارێکی ئەوتۆی لەم ڕووەوە لە دەست نایەت. دواتر من زۆر بە گومانم لەوەی کە دووبارە بونیادنانەوەی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نموونە نەهێشتنی مافی ڤیتۆ کە لەلایەن ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایشەوە کە مومارەسە دەکرێن، دەرئەنجامێکی مەزنی لێ بکەوێتەوە، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، من باوەڕم وایە کە سیستمی ئاسایشی بەکۆمەڵ قابیلی بەدەستهێنان نییە لەلایەن کۆمەڵگەیەکی نێودەوڵەتییەوە کە پێك هاتبێت لە دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکان و، پێناچێت بەم زووانە ئەم هەلومەرجە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەڵام ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسەکانی، کار لەسەر ئەو کێشانە دەکەن کە مایەی بایەخپێدان و نیگەرانیی هاوبەشن بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك کێشەی ژینگە، ئاوارەکان و کێشەی تەندروستی، لەم ڕووەوە نەتەوە یەکگرتووەکان شەرعییەتێکی گەورەی هەیە، بەتایبەتی لە نێو وڵاتە کۆمەکبەخشە گەورەکاندا.

*** با وێنای ئەوە بکەین کە ڕەوتی شەڕەکە بە شێوەیەك دەبێت کە ئەگەری ئەوە بێتە ئاراوە ڕووسیا تووشی دۆڕان بێتەوە، ئایا پێت وانییە لە حاڵەتێکی لەم شێوەیەدا ڕووسیا پەنا بۆ بەکارهێنانی چەکی ناوکی ببات؟**

- ئەگەری ئەوە هەیە ڕووسیا شەڕە زەمینییەکە لە ئۆکرانیادا بدۆڕێنێت، بەڵام دۆڕانەکەی هاوشان یان هاوشێوەی دۆڕانەکەی دەبێت لە وڵاتی ئەفغانستان، کە ئەوەش دەرئەنجامێکی خوازراو نەبوو، بەڵام بەکارهێنانی چەکی ناوکی خزمەت بە ئامانجە سیاسی یان دیپلۆماسییەکان ناکات و، نە دەشبێتە هۆی بەدەستهێنانی خاك و خەڵك، لە دەرئەنجامدا نابێتە هۆی برەودان بە هێزی ڕووسیا، هەروەها دەکرێت ئەو پرسیارەش بکەین، ئایا ئەگەر چەکی ناوکی بەکارهات، چۆن ڕووسیا و بیلاڕووسیا خۆیان لە دەرهاویشتەکانی ئەم چەکە دەپارێزن و، ئایا هەنگاوی ڕووسیا دوای بەکارهێنانی ئەو چەکە چی دەبێت؟

**ئامانج لە دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بریتی بوو لە بەدامەزراوەییکردنی هاوسەنگیی هێز لە چوارچێوەی سیستەمی ئاسایشی بە کۆمەڵدا**

**ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە نەتەوە یەکگرتووەکان بتوانێت ڕۆڵێکی بنیادنەر ببینێت لە ئەرکەکانی پەیوەست بە ئاوەدانکردنەوەی دوای شەڕ**

**پێم وانییە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بووبێتە هۆی ئەوەی جیهان کەمتر ئاسایش بە خۆیەوە ببینێت، بەهۆی ئەوەی کە هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، یان شەڕی ئیسرائیل و حەماس**






پڕۆفیسۆر ستیڤن زونێس بۆ گوڵان:

# دەکرێت شەڕی ئیسرائیل و حەماس لە کۆنترۆڵ دەربچێت

**ستیڤن زونێس، پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پرۆفیسۆری سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك (پرسی ناتوندوتیژی، چارەسەرکردنی ناکۆکی، سیاسەتی دەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و جیهانگەرایی)، دامەزرێنەر و یەکەم بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، لە بارەی شەڕی ئیسرائیل و حەماس لە کەرتی غەززە و پەرەسەندن و ئاراستە و ئاکامەکانی ئەم شەڕە و پرسی پشتیوانی و پاڵپشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** وەك ئاشکرایە لە دوای هێرشەکانی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پشتیوانییەکی زۆریان بۆ ئیسرائیل دەربڕی، بەڵام لە ئێستاد شەڕەکە درێژەی هەیە و خەڵکانێکی زۆر بوونەتە قوربانی، بەتایبەتی خەڵکی سڤیل، لە ئێستادا چۆن وەسفی بارودۆخەکە دەکەن؟**

- لە ڕاستیدا من دەمەوێت سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم (بە تایبەتی لە پەیوەندی بە کوژران و بە قوربانیبوونی مەدەنییەکانەوە) کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەندین وڵاتی دیکە بە ئامانجگرتنی مەدەنییەکان لەلایەن ئیسرائیلەوە، بە بەرگری لەخۆکردنێکی ڕەوا لێك دەدەنەوە، لە هەمان کاتدا هێرشەکانی حەماسیان بە هێرشی تیرۆریستی وەسف کرد، کە ئەمەش وەسفێکە لە جێی خۆیدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە خۆی لە خۆیدا پێوانەکردن بوو بە دوو ستانداردی جیاواز لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە لە پەیوەندی بە ژیانی فەلەستینییەکان و ژیانی ئیسرائیلییەکانەوە، من پێم وایە ئیسرائیل ڕۆڵی هەبووە لە دروستکردنی ئەو وێنایە لە بارەی ئەمریکاوە لە نێو بەشێك لە وڵاتە عەرەبییەکان و هەروەها بەشێك لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا.

*** بەم دواییە وەزیری دەرەوەی ئێران باسی لەوە کرد کە ڕەنگە دۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەربچێت و بەرەو تەقینەوەیەکی گەورە بڕوات، پێشبینیی ئێوە چییە بۆ ئاقار و ئاراستەی پێشهاتەکان و، ئایا پێتان وایە ئەگەری هەڵکشانی زیاتری شەڕەکە لە ئارادا بێت، بە چەشنێك کە ئیسرائیل خۆی لە دۆخێکدا**

**ئەمریکا و چەندین وڵاتی دیکە بە ئامانجگرتنی مەدەنییەکان لەلایەن ئیسرائیلەوە، بە بەرگری لەخۆکردنێکی ڕەوا لێک دەدەنەوە**

**هێشتا حکومەتی سووریا سەرقاڵە بە دۆخی ناوخۆیی وڵاتەکەیەوە، لەم ڕوانگەیەوە پێم وا نییە خوازیاری ورووژاندنی ئیسرائیل و هەڵکشانی دۆخەکە بێت**

**ئەگەر خواستێک لەلایەن ئێران و لایەنەکانی دیکەوە هەبووایە بۆ کردنەوەی چەند بەرەیەکی شەڕ لە دژی ئیسرائیل، ئەوا هێرشی هاوکاتمان بەدی دەکرد بەرانبەر بە ئیسرائیل**

**هەر لە سەرەتای هێرشەکانی حەماسەوە بۆ سەر ئیسرائیل هاوسۆزییەکی زۆر هەبووە لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل، ئەم هاوسۆزییەش بەراورد بە چەند ساڵێک پێش ئێستا زیاتر هەڵکشاوە**

**ببینێتەوە کە ناچار بێت شەڕێکی چەند بەرەیی بکاتەوە لە لوبنان و سووریاوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەست بێت بە سووریاوە، ئەوا ئاشکرایە کە هێشتا حکومەتی سووریا سەرقاڵە بە دۆخی ناوخۆیی وڵاتەکەیەوە، لەم ڕوانگەیەوە پێم وا نییە خوازیاری ورووژاندنی ئیسرائیل و هەڵکشانی دۆخەکە بێت، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە دۆخی بەرزاییەکانی جۆلان لەبەرچاو بگرین، مەبەستم ئەوەیە ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە لە پەیوەندی بە شەڕەکەوە بەرەی سووریا بە ڕووی ئیسرائیلدا بکرێتەوە. ئەوەی پەیوەندیی بە لوبنانیشەوە هەبێت، ئەوا من پێم وایە ئەگەرێکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە، بە واتایەکی دیکە ئەگەر خواستێك لەلایەن ئێران و لایەنەکانی دیکەوە هەبووایە بۆ کردنەوەی چەند بەرەیەکی شەڕ لە دژی ئیسرائیل، ئەوا هێرشی هاوکاتمان بەدی دەکرد بەرانبەر بە ئیسرائیل. هەروەها ئەوەی تا ئێستا بەدی کراوە، چەند پێکدادانێك و لە ئاست و مەودایەکی سنووردار‌دا بووە، هەروەها دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە چەند گرووپیکی بچووکی ڕادیکاڵیی فەلەستینی هەن لە نێو لوبناندا، کەواتە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ وەڵامی پرسیارەکە، ئەوە بە دڵنیاییەوە دەکرێت دۆخەکە بە ئاقارێکدا بڕوات کە نەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم وانییە ئەگەرێکی ئەوتۆ و بەرچاو بێت.

*** ئەگەر دووبارە بگەڕێینەوە بۆ پرسی پشتیوانیکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئیسرائیل، کە ئەمە پشتیوانییەکی تۆکمە و پتەوە، ئێوە چۆن لە پەیوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە دەڕوانن، بەتایبەتی کە دەگوترێت پەیوەندییەکی زۆر تایبەت و ناوازە لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتدا هەیە، کە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا وێنەی نەبووە، یان کەم بووە؟**

- بە دڵنیاییەوە هەر لە سەرەتای هێرشەکانی حەماسەوە بۆ سەر ئیسرائیل هاوسۆزییەکی زۆر هەبووە لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل، ئەم هاوسۆزییەش بەراورد بە چەند ساڵێك پێش ئێستا زیاتر هەڵکشاوە، لەلایەکی دیکەوە ئەگەرچی پێشتریش ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاڵپشتی و پشتیوانییەکی زۆری لە ئیسرائیل کردبێت، بەڵام هەڵکشان و داکشانێك هەبوو لە پەیوەندی بە پاڵپشتیی ڕای گشتی و هاووڵاتییانی ئەمریکا لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، ئەویش بە هۆی ئەوەی ئیسرائیل دەستی دابووە سەرکوتکارییەکی زیاتر، هەروەها بە هۆی ئەوەی حکومەتێکی توندڕەوی ڕاستڕەو لە نێو ئیسرائیلدا جڵەوی دەسەڵاتی گرتبووە دەست، لە نێویاندا جوولەکە توندڕەوەکان و ناسیۆنالیستە پەڕگیرەکان هەبوون لە پێکهاتەی ئەم حکومەتەدا، بەڵام هێرشەکانی حەماس هاوسۆزییەکی زۆریان بۆ ئیسرائیل دروست کرد لە نێو خەڵکی ئەمریکا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی پەیوەست بێت بە ئیدارەی ئەمریکاوە، ئەوا هاوسۆزی و پاڵپشتییەکی زۆر هەیە بۆ ئیسرائیل، کە ئەم پشتیوانییەش درێژ کرایەوە، نەك هەر بۆ ئیحیتواکردنی حەماس، بەڵکو بۆ لە ناوبردن و تێکشکاندنی بە چاوپۆشین لەوەی کە تا چەند ئەمە ئامانجێکی عەمەلییە، یان کارێکی کردەنییە، هەر چۆنێك بێت ئەوەی تا ئێستا بەرچاوە و بەدی کراوە، ئەوەیە کە لە کەیسەکانی ڕابردوودا (مەبەستم ئەوەیە لە شەڕەکانی نێوان ئیسرائیل و حەماسدا)، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر دوودڵ بووە لە ڕەخنەگرتن لە ئیسرائیل، تەنانەت ئەگەر کردەوەکانیشی بووبێتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵکانی مەدەنی ببنە قوربانی و لە ناو بچن. بەهەر حاڵ لەگەڵ بەردەوامبوونی شەڕەکە و زیادبوونی ژمارەی قوربانییە مەدەنییەکان و هەڵکشانی ڕەخنە و ناڕەزایەتیی چالاکانی مافەکانی مرۆڤ و بەردەوامبوونی پاڵپشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە ئەمە ببێتە پرسێك کە ڕای جیاواز و دابەشبوون لە نێو خودی ئەمریکا دروست بکات، چونکە ڕاستە زەحمەتە هیچ ئەمریکییەك پشتیوانی لە حەماس، یان کاری تیرۆریستی بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوسۆزی بۆ کەسانی مەدەنی دروست دەبێت.

*** ڕاستە لە ئێستادا ئیسرائیل سەرقاڵی شەڕێکی سەخت و دژوارە لەگەڵ حەماسدا، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی شەڕەکە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی ڕابردوو (بەتایبەتی دوای شەڕی ١٩٧٣) ئیسرائیل دەست بە**



**لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوەیەکی جددی دەکات، بۆ هۆکاری شکستهێنانی لە پێشبینیکردن و بەرگرتن بە پەلامارەکانی حەماس، پرسیارەکە ئەوەیە پێت وایە دوای کۆتاییهاتنی شەڕەکە گۆڕانکارییەك لە نێو ئیسرائیلدا بێتە ئاراوە؟**

- لە ڕاستیدا زەحمەتە بزانین ڕواڵەت و ڕەهەندەکانی ئەم گۆڕانکارییانە چی دەبن، چونکە ئەوەی ئەو هێرشانە دروستیان کرد، تاسان و سەرسووڕمان بوو، کاتێکیش وڵاتێك ڕووبەڕووی هێرشی تیرۆریستی دەبێتەوە، ئەوا خەڵکەکە زیاتر ئامادەن بۆ پشتیوانیکردن و هاوسۆزی لەگەڵ حکومەتەکەیاندا، چونکە ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ هێرشەکانی ساڵی ٢٠٠١ بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەبینین ئەو هێرشانەش ڕەنگدانەوە و بەرجەستەبوونی شکستێکی گەورە و جددیی هەواڵگری بوون بۆ ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی جورج بوشی کوڕ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرزترین ئاستی پشتیوانیی جەماوەر و هاووڵاتییەکانی ئەمریکای هەبوو، کە لە مێژووی ئەو وڵاتەدا هیچ سەرۆکێك ئەم ئاستی پشتیوانییەی بەدەست نەهێنابوو، هەروەها ئەم پشتیوانییە بۆ مانگەکانی دواتریش درێژەی هەبوو و بەردەوام بوو، چونکە وڵاتەکە لە تەنگژە و قەیراندا بوو. لە ڕوانگەی هەموو ئەوانەوە پێم وایە لە ئێستادا و بە ڕەچاوکردنی بەردەوامبوونی شەڕەکە، ئەوا زەحمەتە هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بکرێت بۆ سیاسەتی حکومەتی ئیسرائیل، لە نێویاندا ئەو شکستە هەواڵگرییەی ڕووبەڕووی ئەو وڵاتە بووەوە. هەر چۆنێك بێت ڕەنگە دواتر هەندێ پرس بورووژێندرێت، بەتایبەتی لەلایەن لایەنە چەپڕەوەکانەوە، بەوەی حکومەتەی نەتانیاهۆ سوپای وڵاتەکە لەو ناوچانە گواستبووەوە کە هێرشەکانیان تێدا ئەنجام درا و لە شوێنی دیکە جێگیری کردبوون، بەڵام دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە کە لە ئێستادا و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە وڵاتەکە بە باری تەنگژە و قەیراندا تێدەپەڕێت، ئەوا زەحمەتە بتوانرێت لە ڕووی سیاسییەوە هەنگاوێکی لەم چەشنە هەڵبگیرێت و دەست بە هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە بکرێت لە سیاسەت و ئەدای حکومەتدا.

**بە ڕەچاوکردنی بەردەوامبوونی شەڕەکە، ئەوا زەحمەتە هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بکرێت بۆ سیاسەتی حکومەتی ئیسرائیل، لە نێویاندا ئەو شکستە هەواڵگرییەی ڕووبەڕووی ئەو وڵاتە بووەوە**

# ماناى سیاسەت

## لەناو گێژاوی کۆتایی تاکجەمسەری و گەڕانەوە بۆ فرەجەمسەریدا



کاتێك لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩ دیواری بەرلین ڕووخا، فرانسیس فۆکۆیاما ئەم ڕووداوەی وەك سەرکەوتنی سیستمی دیموکراتی بەسەر سیستمی کۆمۆنیستی لە قەڵەم دا و، وتارە بەناوبانگەکەی بە ناوی «کۆتایی مێژوو» بڵاو کردەوە. فۆکۆیاما ئەم وتارەی لەسەر بنەمای ئەو تیۆرە نووسیبوو، کە «سیستمە دیموکراتییەکان شەڕ لەگەڵ یەکتری ناکەن، بەمەش جیهان بەرەو سیستمی دیموکراتی و ئاشتییەکی هەمیشەیی هەنگاو هەڵدەگرێت».

لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشانیش لە ساڵی ١٩٩١، غروری ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی گەیشتە ئەو ئاستەی کە «سیستمی نوێی جیهان» ڕابگەیەنن، لەمەش زیاتر لە ساڵی ١٩٩٣ یەکەمین کۆنگرەی دیموکراتی لە وارشۆی پایتەختی پۆڵەندا گرێ درا، ئەم پایتەختە ئاماژە بوو بۆ هاوپەیمانییەکی سەربازی و ئاسایشی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان لەگەڵ ٧ کۆماری سۆشیالیستی لە ناوەڕاستی ئەوروپا لە ساڵی ١٩٥٥ بە ناوی «هاوپەیمانیی وارشۆ»، گرێدانی ئەم کۆنگرەیەش لەو پایتەختە بە مانای ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی ناتۆ بوو بە سەر هاوپەیمانیی وارشۆدا.

لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، دوای دروستبوونی شەڕەکانی بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا و دواتریش شەڕەکانی یوگسلافیای پێشوو و ناوچەی بەڵکان، دەرکەوت دیموکراتییەت ئەو سیحرە نییە کە بە دانانی سندوقێکی دەنگدان ئاشتی پێشکەشی کۆمەڵگە بکات، ئەمە وای لە بیرمەندێکی وەك ئالان تۆرین کرد، کتێبەکەی بە پرسیارێك «دیموکراتی چییە؟» بڵاو بکاتەوە، ئایا دیموکراتییەت ئەوەیە کە سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ بە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدان ببێتە سەرۆکی یوگسلافیای پێشوو و بێجگە لە نەتەوەی «سرب» هەموو نەتەوەکانی دیکە کۆمەڵکوژ بکات؟ هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بیرمەندانی بە ئاستێك سەرسام کرد،کە ناوێکی دیکە بۆ ئەو دیموکراتییەتە بدۆزنەوە کە بە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدان میلۆسۆڤیچێك بە هاوشێوەی هیتلەر دەباتە دەسەڵات، ئەمەش بیرمەندنی ئەمریکی (فەرید زەکەریا)ی گەیاندە ئەو قەناعەتەی توێژینەوە بەناوبانگەکەی لە

**لە وڵاتیکدا کە ژێرخانی لیبراڵیزم بۆ ڕێکخستنی ماف و ئازادییەکان لە چوارچێوەی سەروەریی یاسا بوونی نەبێت، ئەوا سندوقی دەنگدان دیموکراتییەکی نەخۆش** «Illiberal Democracy» **بەرهەم دەهێنێت و ئایندەی ئازادییش دەخاتە مەترسییەوە**

**لایەنێکی دیکەی «پێکدادانی شارستانیەتەکان» کە ڕۆژئاوا زۆر کەم حیسابی بۆ کردبوو، هەڵکشانی هەستی دوژمنایەتی دژی ڕۆژئاوا و ئەمریکا بوو لەناو ژینگەی سیاسیی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیدا**

**وەک تۆماس فریدمان باسی دەکات، بەرنامەی ئەلقاعیدە بۆ شکاندنی شکۆی ڕۆژئاوا لە تەواوی جیهاندا ئەوە بووە، کە سیمبولە دیارەکانی ڕۆژئاوا بتەقێننەوە**



کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بە ناونیشانی «لیبراڵ دیموکراتی و ئیلیبراڵ دیموکراتی» لە گۆڤاری بەناوبانگی فۆرین ئەفێرز بڵاو بکاتەوە، کە تیایدا هەڵوەستەی لەسەر ئەوە کردبوو، لە وڵاتیکدا کە ژێرخانی لیبراڵیزم بۆ ڕێکخستنی ماف و ئازادییەکان لە چوارچێوەی سەروەریی یاسا بوونی نەبێت، ئەوا سندوقی دەنگدان دیموکراتییەکی نەخۆش «Illiberal Democracy» بەرهەم دەهێنێت و ئایندەی ئازادییش دەخاتە مەترسییەوە.

هەر لە دوای ڕووخانی دیواری بەرلین، ڕایەکی پێچەوانەی ڕەشبینی سەبارەت بە کۆتاییهاتنی دووجەمسەری هاتە ئاراوە و کە ڕای سامۆئیل هنتگتن بوو، کە ئەویش «پێکدادانی شارستانییەتەکان» بوو، ئەم تیۆرەی هنتگتن لەگەڵ ئەوەی هەر لە سەرەتای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان و هەنگاوهەڵگرتنی کۆمارە سۆشیالیستەکان و کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان بۆ دیموکراتی لە ناو ئاشووب و شەڕ و پێکدادانەکانی نەتەوە و گەلە جیاوازەکاندا سیمای زۆر بە ڕوونی دەرکەوت، بەڵام دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتیی ئەمریکا لەبری ئەوەی هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ و سنوورێك بۆ ئەو شەڕ و ئاشووبانە دابنێن، هاتن هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسییان زۆر فراوان کرد و گەیاندیانە سنوورەکانی ڕووسیای فیدراڵ، ڕووسیا ئەگەرچی لەو کاتە لاواز بوو و نەیدەتوانی ڕێگری لە فراوانبوونەکەی ناتۆ بگرێت، بەڵام دەیزانی ئەم فراوانبوونە هەڕەشەیەکی وجوودی لەسەر ئایندەی ڕووسیا دروست دەکات.

لایەنێکی دیکەی «پێکدادانی شارستانییەتەکان» کە ڕۆژئاوا زۆر کەم حیسابی بۆ کردبوو، هەڵکشانی هەستی دوژمنایەتی دژی ڕۆژئاوا و ئەمریکا بوو لەناو ژینگەی سیاسیی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیدا و، ڕژێمە دیکتاتۆر و داپلۆسێنەرەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیش کە لەلایەن ئەمریکا و ڕۆژئاوا پشتگیریان لێ دەکرا، هێندەی دیکە ئەم ڕق و کینەیەی هاووڵاتیانی عەرەبی و ئیسلامی زیاد کردبوو، ئەم ڕق و کینە و بوغزە دژی ڕۆژئاوا و ئەمریکا لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدەوە سەرکردایەتی دەکرا و، وەك تۆماس فریدمان باسی دەکات، بەرنامەی ئەلقاعیدە بۆ شکاندنی شکۆی ڕۆژئاوا لە تەواوی جیهاندا ئەوە بووە، کە سیمبولە دیارەکانی ڕۆژئاوا بتەقێننەوە، وەك «سەنتەری ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی لە ئەمریکا، تەقاندنەوەی بورجی ئیڤل لە فەرەنسا، تەقاندنەوەی کاتژمێری بیگ بن لە بەریتانیا و...هتد».

تەقاندنەوەی سەنتەری ڕێکخراوی بازرگانیی جیهان لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، کارەساتێکی هێندە گەورە بوو، جۆرج دەبلیو بوشی سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا زۆر بە لەخۆباییبوونەوە بە جیهانی ڕاگەیاند «ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت، دوژمنمانە»، ئەم قسەیەی بۆش جیهانی کردە دوو بەشەوە، جیهانی ئازاد لە لایەك و جیهانی شەڕ و تیرۆر لەلایەکی دیکە و داوای کرد هەموو جیهان شەڕی دژی تیرۆریستانی ئەلقاعیدە ڕابگەیەنێت.

بەڵام لە بەرانبەردا و لە ڕۆژی ١٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠١، فەرید زەکەریا لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری فۆرین ئەفێرز وتارێکی بە ناونیشانی «سیاسەتی تووڕەیی . بۆچی ڕقتان لە ئێمەیە - Politics Of Rage: Why Do They Hate Us? The» بڵاو کردەوە، ئەوجا لە بری ئەوەی ئەمریکا و ڕۆژئاوا وەڵامی ئەو پرسیارەیان بدابایەتەوە «بۆچی هاووڵاتیانی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی بەو ئاستە ڕقیان لە ئەمریکا و ڕۆژئاوایە؟» هاتن شەرعییەتی نێودەوڵەتییان بۆ هێرشەکەیان بۆ سەر ئەفغانستان وەرگرت و هێزەکانی ناتۆ بە سەرکردایەتیی ئەمریکا هێرشی کرد و ئیمارەتی تاڵیبانی لە کابول ڕووخاند، دوای ئەمەش بڕیاریان دا ئەم پرۆسەیە بەردەوام بێت و هەموو ئەو دەوڵەتانە بڕووخێنن کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە «میحوەری شەڕ» ناوزەدیان دەکرد، بۆیە دوای ئەوەی لە ٢٠٠٣ ڕژێمی بەعسی عێراقیان ڕووخاند، بەشێکی زۆر لە دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر بێت و ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەم ئاراستەیەیان بەردەوام بن، ئەوا سەرەی ئەو دەوڵەتانەی دیکەش دێت، ئەمە بووە سەرەتایەك بۆ بڵاوبوونەوەی تیرۆر و تیرۆریستان لەژێر ناو و ڕێکخراوی جیاوازدا، نەك هەر درێژەیان بە کارە تیرۆریستییەکانی خۆیان دا، بەڵکو کارێکیان کرد ئەمریکا لە شەڕی عێراق سەرکەوتوو نەبێت، بەڵکو شەڕەکەیان بردە ناو ماڵەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و ترسێکیان لە ڕۆژئاوا بڵاو کردەوە، ئەوەی ڕۆژئاواییەکان خۆیان پێی دەڵێن «ئیسلامۆفۆبیا، یان ترسی ئیسلامییەکان».

**ڕەگ و ڕیشەی لەبەریەکهەڵوەشانی سیستمی تاکجەمسەری لە جیهاندا، دروستبوونی جەمسەرێکی دیکە بوو بەرانبەر جەمسەری ئەمریکا و ڕۆژئاوا، پێش ئەوەی ڕووسیا و چین بن، ڕێکخراوە تیرۆریستەکانی ئیسلامی سیاسی بوون**

**تیرۆریستانی داعش لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ خەلافەتی ئیسلامییان لە عێراق و شام بە ناوی «داعش» ڕاگەیاند، ئەمەش دەرفەتێکی دیکەی بۆ ڕووسیا دروست کرد، کە بێتە ناو شەڕی سووریا و بەرگری لە ڕژێمی ئەسەد بکات**

**ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتیی ئەمریکا، لە دوای ٢٠١٥وە شکستی خۆی لە سیستمی تاکجەمسەری ڕاگەیاندووە و گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت خۆی لە زۆنگاوی تاکجەمسەرییەکی شکستخواردوو بێنێتە دەرەوە**

کەواتە ڕەگ و ڕیشەی لەبەریەکهەڵوەشانی سیستمی تاکجەمسەری لە جیهاندا، دروستبوونی جەمسەرێکی دیکە بوو بەرانبەر جەمسەری ئەمریکا و ڕۆژئاوا، پێش ئەوەی ڕووسیا و چین بن، ڕێکخراوە تیرۆریستەکانی ئیسلامی سیاسی بوون، کە بووە هۆکاری ئەوەی شکۆی ڕۆژئاوا وەك تاکجەمسەری هێز لە جیهاندا بشکێندرێت و ڕووسیای هان دا، کە لە ساڵی ٢٠٠٨ هێرش بکاتە سەر جۆرجیا، ئەم هێرشەی ڕووسیا و نەبوونی کاردانەوەی توند لەلایەن هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی دژی ڕووسیا بووە سەرەتای دەرکەوتنی فرەجەمسەری لە ناو سیستمی تاکجەمسەریی جیهاندا.

هاوکات هەر لە ساڵی ٢٠٠٨ کاتێك ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش ڕێککەوتنی «سۆفا»ی لەگەڵ حکومەتی عێراق ئیمزا کرد، بەوەی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ تەواوی هێزەکانی لە عێراق دەکشێنێتەوە، ئەمەش ددانپیانانێکی ڕاشکاوانەی ئەمریکا بوو، بەوەی ڕۆژئاوا چیتر ناتوانێت بە تەنیا سەرکردایەتیی جیهان بکات و، لەبەر ئەوەی هەڵەکانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لەسەر یەکتری کەڵەکە دەبوون و بێباکانە خۆیان لە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەدزییەوە، بۆیە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕاپەرینەکانی زستانی ٢٠١١ لە وڵاتانی عەرەبی کە دواتر پێیان دەگوت «بەهاری عەرەبی»، بەمەش جیا لەوەی چەندین ڕژێمی هاوپەیمانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا ڕووخێنران و بۆ ماوەیەکی درێژ ئاژاوە باڵی کێشا بە سەر وڵاتانی عەرەبیدا، لە هەمان کاتدا بووە هۆکاری ئەوەی شکۆی ڕۆژئاوا ڕوو لە داکشان بکات و، تیرۆریستان و توندڕەوی لە باڵادەستیدا بن و سەرەنجامیش بۆ بەرژەوەندیی هەر دوو جەمسەری ڕووسیا و چین شکایەوە.

لە ساڵی ٢٠١٤وە کە ڕووسیا هێرشی کردە سەر هەرێمی کریما لە ئۆکرانیا و داگیری کرد و لکاندنی بە ڕووسیاوە، دوای ئەویش هەر لە هەمان ساڵدا تیرۆریستانی داعش خۆیان ڕاگەیاند و لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ خەلافەتی ئیسلامییان لە عێراق و شام بە ناوی «داعش» ڕاگەیاند، ئەمەش دەرفەتێکی دیکەی بۆ ڕووسیا دروست کرد، کە بێتە ناو شەڕی سووریا و بەرگری لە ڕژێمی ئەسەد بکات، دژی هەوڵەکانی ڕۆژئاوا بۆ ڕووخانی ئەو ڕژێمە، ئەمەش بووە هەلێکی دیکە بۆ ئەوەی ڕووسیا بە ئاشکراتر تەحەددای سیستمی تاکجەمسەری بکات و لە بەرانبەردا جەمسەرێکی دیکە ڕابگەیەنێت.

ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتیی ئەمریکا، لە دوای ٢٠١٥وە شکستی خۆی لە سیستمی تاکجەمسەری ڕاگەیاندووە و گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت خۆی لە زۆنگاوی تاکجەمسەرییەکی شکستخواردوو بێنێتە دەرەوە، هەر بۆیە پارتی کۆماری ئەمریکا کە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦ دروشمی «جارێکی دیکە ئەمریکایەکی مەزن دروست دەکەینەوە»، هەڵبژاردنەکەیان بردەوە، بە ئاشکراش ڕایانگەیاند، جارێکی دیکە نەك هەر نایانەوێت سەرکردایەتیی جیهان بکەن، بەڵکو ناشیانەوێت سەرکردایەتیی ئەو سیستمە لیبراڵییە نێودەوڵەتییەش بکەن کە، لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ناویان لێ نا «سیستمی نوێی جیهان»، هەروەها پێش ئەمریکاش بەریتانییەکان بڕیاریان دابوو لە یەکێتیی ئەورووپا بێنە دەرەوە، ئەمەش بەو مانایەی دەوڵەتانی وەك «ئەمریکا، بەریتانیا، کەنەدا، ئوستڕالیا، نیوزلەندە» وەك ئەو دەوڵەتانی ئینگلیز دەیانەوێت پێش ئەوەی بەشێك لە جیهان وەك شارستانیەتی ئینگلیز پێکەوە کۆببنەوە.

لە ئێستادا و دوای ئەوەی ڕووسیا لە شوباتی ٢٠٢٢ هێرشی کردە سەر ئۆکرانیا و گەورەترین جەنگی لەسەر خاکی ئەورووپا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بەرپا کرد، ئیدی نەك شتێك نەماوە بە ناوی تاکجەمسەری، بەڵکو شتێکیش نەماوە بە ناوی ڕێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و وەك ڕێکخراوێکی بێ گیانی لێ هاتووە و مانای سیاسەتیش لەسەر ئاستی جیهان بووەتە مانا و پێناسەی جەمسەرە جیاوازەکان و هیچ بنەمایەکی نێودەوڵەتی کاری پێ ناکرێت.

لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتی کاتێك سیستمە کۆنەکە دەمرێت و هێشتا سیستمێکی تازە لە دایك نەبووە، سیاسەت هەموو ماناکانی خۆی لە دەست دەدات و، تەنیا یەك مانای تازە بە خۆیەوە دەگرێت، ئەویش ئەوەیە سیاسەت ئەوەیە کە بۆ نەتەوەکەی خۆت باش بێت و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەت بپارێزیت، بۆ ئەوەی لەناو گێژاوی ئەو فرەجەمسەرییەدا دەروازەیەك بۆ ئایندەی میللەتەکەت بکەیتەوە.

**دوای ئەوەی ڕووسیا لە شوباتی ٢٠٢٢ هێرشی کردە سەر ئۆکرانیا و گەورەترین جەنگی لەسەر خاکی ئەورووپا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە بەرپا کرد، ئیدی نەك شتێك نەماوە بە ناوی تاکجەمسەری، بەڵکو شتێکیش نەماوە بە ناوی ڕێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و وەك ڕێکخراوێکی بێ گیانی لێ هاتووە**

**مانای سیاسەت لەسەر ئاستی جیهان بووەتە مانا و پێناسەی جەمسەرە جیاوازەکان و هیچ بنەمایەکی نێودەوڵەتی کاری پێ ناکرێت**

**لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتی کاتێك سیستمە کۆنەکە دەمرێت و هێشتا سیستمێکی تازە لە دایك نەبووە، سیاسەت هەموو ماناکانی خۆی لە دەست دەدات و، تەنیا یەک مانای تازە بە خۆیەوە دەگرێت، ئەویش ئەوەیە کە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەت بپارێزیت، بۆ ئەوەی لەناو گێژاوی ئەو فرەجەمسەرییەدا دەروازەیەک بۆ ئایندەی میللەتەکەت بکەیتەوە**



**ماهیر سورچ**

ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# چەکدارانی پەکەکە لە هەر شوێنێک بن نائارامی و گێرەشێوێنی دەنێنەوە

# پەکەکە هیچ کات هەڵگری بیری نەتەوەیی و کوردستانی نەبووە، نە لە ئێستا و نە لە ڕابردوودا کاری بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەکردووە

**چەکدارانی پەکەکە لە بری ئەوەی لە باکووری کوردستان درێژە بە کار و خەباتیان بدەن، هاتوونەتە باشووری کوردستان و چەندین شوێنیان لە سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا وەك چیای قەندیل داگیر کردووە، ماوەیەکیشە هەوڵ و جووڵەیان بۆ ئەوەیە زیاتر بێنە قووڵایی باشووری کوردستان، بەم هۆکارەش فڕۆکەی سەربازیی تورکیا بەردەوام دێتە سەر چەندین ناوچە و دەڤەری هەرێمی کوردستان و بە بیانووی بوونی چەکدارانی پەکەکە بۆردومانی گوندەکان دەکات، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە و چەند تەوەرێکی دیکەی پەیوەندیدار گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ماهیر سورچ ئەندامی پێشووی پەکەکە ئەنجام دا .**

*** چەکدارانی پەکەکە لەبری ئەوەی جموجووڵەکانیان لە شوێنی خەباتی ڕاستەقینەی خۆیان لە باکووری کوردستان زیاد بکەن، کەچی هاتوون گرژی و پشێوی لە هەرێمی کوردستان دەنێننەوە و شانە چەکدارەکانیان ڕوویان کردووەتە ئاوەدانی و ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی، ئایا ئەمە بۆ شکستی ئەوان دەگەڕێتەوە لە خەباتیان لە باکووری کوردستان؟ بۆچی ماوەیەکە چەکدارانی پەکەکە جموجووڵەکانیان زیادی کردووە لە چەندین ناوچە و دەڤەری باشووری کوردستان و لێرە و لەوێ کاری کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن؟ ئایا هیچ وڵات و لایەنێك هەیە پشتگیریان بکات؟**

- لە سەرەتای دامەزراندنی پەکەکەوە کەس بوێی نەبووە بڵێت «چەکدارانی پەکەکە»، بەڵکو هەموو لایەکمان لە باکووری کوردستان بە دەرفەت و هەلێکمان دەزانی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان نەك تەنیا باکووری کوردستان، بەڵکو هەر چوار پارچەی کوردستان ڕزگار بکەین، ئەگەرچی بەداخەوە وا دەرنەچوو. پەکەکە چووە ناو چوارچێوەیەك بۆ بەرژەوەندیی شەخسی و دوور لە بیر و باوەڕی نەتەوەیی و کوردایەتی، لە ڕاستیدا بوونی ئەو چەکدارانەی کە ئێستا هەن و دەرکەوتووە هەموو هەوڵێکیان بۆ دۆزینەوەی دەرفەتە کە کاری تیرۆریستی ئەنجام بدەن، هەر بۆیە چەکدارانی پەکەکە لە هەر شوێنێك بن، ئەوە ماڵوێرانی و ناسەقامگیری ڕووی تێدەکات، پەکەکە و سەرکردەکانیان نازانین چ ناوێکیان لێ بنێین، تەنیا دەتوانین بڵێین لایەنێکی چەکداران بۆ دژایەتیی نەتەوە و نیشتمانی کورد و کوردستان. دەرکەوت پەکەکە دژی هەموو پارت و گرووپ و لایەنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی دیکەشە و دژی سەربەخۆیی کوردستانە، بە ئاشکرا چەکدارانی پەکەکە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیان ڕایانگەیاندووە کە دژی بیری نەتەوەیی و ئەو لایەن و حزبانەن کە بۆ سەربەخۆیی و یەکپارچەیی کوردستان هەوڵ دەدەن، ئێستا زیاتر دەرکەوتووە کە دژایەتیی

**پەکەکە چووە ناو چوارچێوەیەک بۆ بەرژەوەندیی شەخسی و دوور لە بیر و باوەڕی نەتەوەیی و کوردایەتی**

**چەکدارانی پەکەکە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیان ڕایانگەیاندووە کە دژی بیری نەتەوەیی و ئەو لایەن و حزبانەن کە بۆ سەربەخۆیی و یەکپارچەیی کوردستان هەوڵ دەدەن**

حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن، هەروەها زیاتر لە دوو ساڵ دەبێت چەکدارانی پەکەکە بە شێوەی گرووپ گرووپ لە دەڤەر و ناوچەی جیا جیای هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە دەڤەری سلێمانی و ڕاپەڕین و گەرمیان دەردەکەون و هەر ئەو جووڵانەشیانە وای کردووە کە ئەو ناوچانە بۆردومان بکرێن و خەڵکی سڤیلی ناوچەکە تووشی دڵەڕاوکێ و ناسەقامگیری بن، جگە لەوەی بەو هۆیەشەوە گوندنشینانی باشووری کوردستان شەهید و بریندار بوون و ئەو جووڵە و کارانەشیان بە دەست لەپشتدانی داگیرکەر و دوژمنانی کوردستانە، لە ماوەی ڕابردووشدا دیتمان بۆ گێرەشێوێنی و تێکدانی بارودۆخی هێمن و ئارامی هەولێری پایتەخت کارێکی ترسنۆکانەی تیرۆریستییانەیان لەسەر پردێکی پەڕینەوەی خەڵکی مەدەنی ئەنجام دا.

*** ئەم سیاسەت و بەرنامە چەوتانەی دژ بە هزری نەتەوەیی کورد و دوور لە مەنتیقی عەقڵەوە زیانی گەورەیان بە کوردانی هەر سێ پارچەی کوردستان (باکوور، ڕۆژئاوا و باشوور) گەیاندووە. ئایا تا چەند جەماوەر و لایەنگرانی پەکەکە لە باکووری کوردستان ڕووی لە داشکان و کەمبوونەوە کردووە؟**

- لە باکووری کوردستان لایەنگر و جەماوەری پەکەکە وەکو جاران نەماوە، تەنیا کۆمەڵێك گرووپی چەکداری نەزان و هەندێك جار بەرژەوەندیخواز بە دوای سەرکردە شۆڤێنی و شەڕانگێزەکانی پەکەکە کەوتوون. ئەوانەی ئەڵقە لە گوێی وڵاتانی دەوروبەر و گرووپە چەکدارەکانی دژ بە قەوارەی هەرێمی کوردستانن، پەکەکە تا سەر ئێسقان دژی قەوارەی هەرێمی نیمچە سەربەخۆی کوردستانە، ئەوان لەژێر ئەجیندا و مەرامی ئاغاکانیان کار دەکەن و دەیانەوێت دوای ئەوەی گەنجانی باکوور لە پەکەکە دوور کەوتنەوە، گەنجەکانی ئێرە فریو بدەن، بۆیە ئەم تاقمە بەکرێگیراوە تا دێت لەناو خاکی تورکیا لاوازتر دەبن و کارە چەکدارییەکانیان خستووەتە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستانەوە، تەنانەت خەڵك و ئەندام و لایەنگرانی پەکەکە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا سەری خۆیان هەڵگرتووە و ڕۆژانە بۆ ڕاکردن لە دەرفەت دەگەڕێن، تەنانەت خەڵکی ئەو گوندانەی نزیکی پەکەکەن لە ترسی هێرشی درۆن و فڕۆکە سەربازییەکانی تورکیا گوندەکانیان چۆڵ کردووە، بۆ نموونە تەنیا لە دەڤەری سیدەکان زیاتر لە (١١٥) گوند چۆڵ کراون.

*** چەکدارانی پەکەکە چۆن بوونەتە داردەستی ئەو میلیشیانەی کە دژی هەرێمی کوردستانن؟ ئایا ئەمە دژ بە بیر و هزری نەتەوەیی و نیشتمانی نییە؟**

- من بە دڵنیاییەوە دەڵێم، پەکەکە هیچ کات هەڵگری بیری نەتەوەیی و کوردستانی نەبووە، نە لە ئێستا و نە لە ڕابردوودا کاری بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەکردووە، بەڵکو ئەو چەکدارنە بوونەتە چەند گرووپێکی چەکداری بەکرێگیراو و هەر گرووپێکیان سەر بە سەرکردەیەکی ئەو حزبەن و بۆ ئەو لایەن وڵاتانەی کە داگیرکەر و دوژمنی کوردستانن کار دەکەن، لە مێژووی کورد و شۆڕشەکانیدا بیر لە تۆڵە نەکراوەتەوە، کەچی لەلایەن چەکدارانی پەکەکەوە ئەو کار و کردەوانە بەشێکی دانەبڕاوە لە پیلان و بەرنامەکانیان، لە سێ تا چوار ساڵی ڕابردوودا چەندین کاری تیرۆریستی و قێزەونیان ئەنجام داوە لە دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەوڵی تیرۆری شەخسیان داوە، تەنانەت چەکدارانی پەکەکە کاری تیرۆریستی بەرانبەر چەکدارانی خۆشیان پیادە دەکەن.

*** قەوارەی هەرێمی کوردستان بەرهەمی شۆڕش و خوێنی شەهیدان و خەباتی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستانە، ئەو هەرێمە بووەتە پێگەیەك بۆ هەموو گەلی کوردستان لەهەر چوار پارچەدا، ئایا لایەنگران و ئەندامانی پەکەکە و گرووپە چەکدارەکانیان ئەم ڕاستییە نازانن کە کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دەنێننەوە؟**

- هەموو حزب و لایەنێکی نەتەوەیی و کوردستانی کە دروست بووە، بە مەبەستی تێکۆشانە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، بۆ نموونە هەر وەك مێژوو سەلماندوویەتی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەو سەردەمەی لەسەر دەستی مەلا مستەفا بارزانی دەستی بە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی بۆ کوردستان کردووە و لە پاشان لەلایەن مەسعود بارزانی سەرۆکی

**تەنیا کۆمەڵێک گرووپی چەکداری نەزان و هەندێک جار بەرژەوەندیخواز بە دوای سەرکردە شۆڤێنی و شەڕانگێزەکانی پەکەکە کەوتوون**

**ئەندام و لایەنگرانی پەکەکە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا سەری خۆیان هەڵگرتووە و ڕۆژانە بۆ ڕاکردن لە دەرفەت دەگەڕێن**

**خەڵکی ئەو گوندانەی نزیکی پەکەکەن لە ترسی هێرشی درۆن و فڕۆکە سەربازییەکانی تورکیا گوندەکانیان چۆڵ کردووە، بۆ نموونە تەنیا لە دەڤەری سیدەکان زیاتر لە (١١٥) گوند چۆڵ کراون**

**چەکدارانی پەکەکە کاری تیرۆریستی بەرانبەر چەکدارانی خۆشیان پیادە دەکەن**



کوردستانەوە بەردەوامی بووە و ڕووبەرووی هەموو هێرش و مەرام و پیلانێکی ناحەزانی کورد بووەتەوە، لە هەموو قۆناغەکانی خەباتیشدا هەرگیز نەبوونەتە هۆی نانەوەی بارودۆخی نەخوازراو بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان. کەچی چەکدارانی پەکەکە بەپێچەوانەوە لەو ڕۆژەوە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان بەتایبەت لەو چەند ساڵەی دوایی لە بری ئەوەی لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان کە باکووری کوردستانە کار و خەبات بکەن، هاتوونە ناو سنوور و خاکی باشووری کوردستان، پەکەکە نەیانهێشتووە نزیکەی (٦٠٠) گوند لە ناوچە سنوورییەکان ئاوەدان بکرێنەوە.

*** ئایا هۆکار چی بوو کە چەکدارانی پەکەکە هەوڵ و پرۆسەی ئاشتییان لەباربرد، کە جەنابی سەرۆك بارزانی هەموو هەوڵ و توانای خۆی بۆ تەرخان کردبوو؟**

- چەکدارانی پەکەکە لەگەڵ ئاشتی و لێبووردەیی نین، ئەگینا لەو کاتەی کە جەنابی سەرۆك بارزانی وەك کارێزما و مەرجەعی گەلی کوردستان هەستا بە دەستپێشخەرییەکی گونجاوی هاوچەرخ کە کێشەی کوردی باکووری کوردستان لەگەڵ حکومەت و وڵاتی تورکیا لە ڕێگای گفتوگۆو و لەیەکترگەیشتن بە ئاشتی چارەسەر بکات، چەکدارانی پەکەکە لەبری بەدەنگەوەهاتنی ئەو هەوڵە، هەستان شەڕی خەندەقیان لە باکووری کوردستان لە بەرانبەر سوپای تورکیا ئەنجام دا، کە بووە هۆی ئەوەی گەلی کوردستان لە باکوور زەرەر و زیانێکی گیانی و دارایی زۆر بکەن و پرۆسەکەی ئاشتییش لەبار بەرن، لە لایەکی دیکەوە لەو کاتەوە جەنابی سەرۆك بارزانی شەڕی کورد لەگەڵ کوردی حەرام کردووە، چەکدارانی پەکەکە ئەو فەرمان و بڕیارە نەتەوەیی و نیشتمانییەیان قۆزتووەتەوە و لێرە و لەوێ شەڕ بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەفرۆشن، تەنیا بۆ ئەوەی ئارامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان تێك بدەن.

**لەو کاتەوە جەنابی سەرۆک بارزانی شەڕی کورد لەگەڵ کوردی حەرام کردووە، چەکدارانی پەکەکە ئەو فەرمان و بڕیارە نەتەوەیی و نیشتمانییەیان قۆزتووەتەوە و لێرە و لەوێ شەڕ بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەفرۆشن**



## تاڤگە عومەر ڕەشید:

# دەستەی مافی مرۆڤ لە هیچ حاڵەتێکی پێشێلکاری بێدەنگی هەڵنەبژاردووە، ئەگەر ڕووماڵی میدیایی بۆ کرابێت، یان دوور لە میدیاکان بووبێت

**تاڤگە عومەر ڕەشید، بەڕێوەبەری گشتیی یاسا و مافی مرۆڤ لە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کە دەکاتە ١٠ی کانوونی یەکەم، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گولان، باس لە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان دەکات و، تیشك دەخاتە سەر ئەو کارانەی کە دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ لە سۆنگەی ئەرکەکانیدا ئەنجامیان دەدات.**

**گولان: کۆمەڵایەتی**

*** سەرەتا با لەو پرسیارەوە جەوهەرییەوە دەست پێبکەین، ئایا دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بەو دەسەڵاتەی کە پێی دراوە، تا چ ئاستێك توانیویەتی مافی هاووڵاتیان بە هەموو چین و توێژەکانیەوە لە پێشێلکاری بپارێزێت؟**

- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ هەر لە سەرەتای دەست بەکاربوونیەوە بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتەی پێی دراوە بەپێی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٠، توانیویەتی تا ڕادەیەکی باش کار لەسەر بەدواداچوونی پێشێلکارییەکان و وەرگرتنەوەی مافی هاووڵاتیان بکات لە سەرجەم سێکتەرەکاندا، دیارە ئەمەش بەو شێوازە میکانیزمەی دەستە دیاری کردووە، تاوەکو هاووڵاتیان بتوانن سەردانی دەستە و نووسینگەکانی بکەن و، سکاڵای خۆیان لەسەر بوونی هەر پێشێلکارییەك پێشکەش بکەن و بەڵگەی تەواو بخەنە ڕوو، بە گوێرەی یاساش دەستە دەتوانێت لایەنی ئەنجامدەری پێشێلکاری لێ ئاگادار بکاتەوە بە شێوازی فەرمی و بەدواداچوونی پێویست بکات، تاوەکو چارەسەری کێشەکە دەکرێت و هاووڵاتی مافی خۆی وەردەگرێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە ئەو بابەتانەی کە مافی گشتین لەکاتی بوونی پێشێلکاری لەسەر مافی هاووڵاتیان بە شێوەیەکی گشتی، دەستەی مافی مرۆڤ چ لە ڕێگەی سەردانی تیمەکانی چاودێری و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی پێویست لەسەر پێشێلکارییەکان، یان بانگەوازی بەپەلەی دەستە بۆ بەهاناوە هاتنی لایەنە پەیوەندیدارەکان و پێشکەشکردنی ڕاسپاردە و پێشنیاری گونجاو بۆ چارەسەری گرفتەکان دەخاتە ڕوو، لە

هەموو حاڵەتێکدا دەستەی مافی مرۆڤ لە هیچ حاڵەتێکی پێشێلکاری بێ‌دەنگی هەڵنەبژاردووە، ئینجا ئەگەر ڕووماڵی میدیایی بۆ کرابێت، یان دوور لە میدیاکان بووبێت.

*** جیا لە پاراستن و چاودێریکردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ، دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ خزمەتەکانی بە چ ئاراستەیەك چڕ دەکاتەوە؟**

- شێوازی دیکەی ئەرکەکانی دەستە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی پێشێلکارییەکان، کە ئەم ڕاپۆرتانەش کار لەسەر دەرخستنی پێشێلکارییەکان بە شێوەیەکی گشتی دەکەن و کەیسە کەسییەکان تەنیا بە شێوازی داتا بڵاو دەکاتەوە، ئەم ڕاپۆرتانەش دەگاتە هەموو دەسەڵاتەکانی هەرێم و لایەنی نێودەوڵەتییش و هەر دەزگایەکیش بەپێی تایبەتمەندیی خۆی و بە گوێرەی ڕاسپاردەکانی دەستە، کار لەسەر پێشێلکارییەکان دەکات و دەستە لە پوختەی کاری ئەنجام دراو ئاگادار دەکاتەوە.

*** وەك ئاشکرایە توندوتیژیی خێزانی و پێشێلکردنی مافەکانی تاك بەتایبەت منداڵ و ئافرەت لە هەڵکشاندایە، بۆ ڕێگریکردن لەو هەڵکشانە، دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ لە کوێی بابەتەکەدایە؟**

- لە ماوەی کارکردنی ئەمساڵدا دەستە جیا لە کارکردن لەسەر پلانی کارکردنی خۆی، هەوڵی دا کە بە شێوەیەکی تایبەت کار لەسەر هەندێك دۆسیە بکات کە وەکو جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی نێودەوڵەتی لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە گرنگیدانی دەستە بە توێژە فەرامۆش کراوەکان، بەتایبەتی منداڵ و ئافرەت کە لەم ڕووەوە دەستە بە هاوکاریی ڕێکخراوی یونسیف توانی بۆ یەکەم جار بەشی پاراستنی منداڵ لە دیوانی دەستە و نووسینگەکانی بکاتەوە، کە ئەوەش بە واتای ئەوە دێت کە دەستە بە شێوازێکی زانستییانەتر کار لەسەر دۆسیەی پاراستنی منداڵ دەکات لە هەرێمی کوردستان بە هاوکاری و پاڵپشتیی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکان و هەروەها دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم.

جگە لەوەش ١٢ توێژینەوەی زانستی دیوانی دەستە و نووسینگەکانی ئەنجامیان داوە، تاوەکو بتوانین لەسەر بنەمای زانستی کار لەسەر پێشێلکارییەکان بکەین و خاڵە لاوازەکان دەستنیشان بکەین و ڕاسپاردەی گونجاو پێشکەشی لایەنی پەیوەندیدار بکەین.

ئەوەی پەیوەستە بە ئافرەتانیش دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بە بەردەوام کاری لەسەر ئەم پرسە کردووە، بە تایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بە لایەنی یاسایی لەبەر ئەوەی دەزگای ئێمە دەزگایەکی جێبەجێکار نییە و دەزگایەکی چاودێرە، بۆیە بەردەوام کاری لەسەر چاکسازییەکانی ئافرەتان و شەڵتەرەکان و خانەی بەساڵاچووان و سەنتەرەکانی پاراستنی خێزان کردووە و هەوڵی داوە، کەموکورتی و کێشەکانیان دەستنیشان بکات و لە هەمان کات چارەسەریش، هەروەها ئەو ئافرەتانەی کە سکاڵا تۆمار دەکەن، بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتیی داواکاری گشتی و بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی خێزان و نووسینگەکانیان و کاری جددی لەسەر سکاڵاکانیان کراوە.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە دەستە بە هاوکاریی ڕێکخراوی هارتلاند ئەلایەنسی نێودەوڵەتی سکاڵای هاووڵاتیانی کرد بە شێوازی ئۆنلاین، تاوەکو بتوانن بە ئاسانترین شێوە سکاڵاکانیان پێشکەش بکەن و دەستە و نووسینگەکانی بەدواداچوونی پێویستی بۆ بکەن.

*** دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە ئاست پاراستن و گێڕانەوەی مافی کەسانی خاوەنپێداویستیی تایبەت چ ڕۆڵێکی هەبووە؟**

- بابەتی خاوەن پێداویستیی تایبەت یەکێکە لەو پرسانەی کە دەستە لە ساڵی ڕابردووی لە پێشینەی کارەکانی بووە، جگە لە بەدواداچوون و سەردانە هەمیشەییەکانی لە ساڵیادی جاڕی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، کە زۆر گرنگیی بەم توێژە داوە و هەوڵی داوە لایەنی سەرەکیی چالاکییەکە بن و بتوانن لە زاری خۆیانەوە کێشەکانیان بخەنەڕوو تاوەکو بە هەموو لایەك ڕێگەچارەی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

ئەمە جگە لە چەندین دۆسیەی وەکو مافی پێکهاتەکان و ڕەوشی میدیا و ئازادیی ڕادەربڕین و ئاوارە و پەنابەران و کرێکاران و ژینگەش کە دەستە بەردەوام کاری لەسەر کردوون و توانیویەتی لەم پێناوەشدا کاری باش ئەنجام بدات، هاوکات کاری بەدواداچوونی دۆخی بنکەکانی گرتن و گواستنەوە و چاکسازییەکانی هەرێم و بەندیخانەکانی ئاسایش کاری بەردەوامی سەرۆکایەتیی دەستە و تیمەکانی بووە و، لەم بوارەشدا دەستە ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە چاککردنی دۆخ و گوزەرانی ڕاگیراوان و سزادراوان و چارەسەرکردنی کێشە مرۆیی و یاساییەکانیان.

*** لە ئێستادا دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

- بە گوێرەی بەدواداچوونەکانی ئێمە و ئەو ڕاپۆرت و توێژینەوە و دیراساتانەی کە لەبەر دەستن و ئەو داتا و زانیارییانەی کە دەستە بڵاوی کردووەتەوە، ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئاستی پێویست نییە و پێشێلکاری لە هەموو سێکیتەرەکان هەیە و، زۆربەیان بە هۆی ئەو قەیرانە ئابوورییەوە بووە کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، کە کاریگەریی خراپی لەسەر ڕەوشی ئابووریی هاووڵاتیان و تەندروستی و پەروەردە و فێرکردن و دەرەنجام زۆربوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش بووە. هەروەها

گرفتی ژێرخانی هەندێك لە دەزگاکان و نەبوونی سەرچاوەی مرۆیی پێویست، وای کردووە کە پێشێلکاریەکان بەردەوام بن و کەمیی بەدواداچوونی کێشە و گرفتەکان و وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی پێویست دیوێکی دیکەی کێشەکانە، هەر چەندە ئێمە بۆ ساڵی داهاتوو پلانێکی گشتگیرمان ئامادە کردووە و دەخوازین زیاتر کار لەسەر هوشیارکردنەوە بکەین، کە یەکێك لە ئەرکەکانی دەستەیە، جگە لە چاودێری و پاراستن، چونکە چەند هاووڵاتیان هوشیار بن، ئەوەندە پێشێلکاری لەسەر مافەکانیان کەمتر دەبێتەوە و بەتایبەتیش هوشیاریی یاسایی.

**بەو شێوازە میکانیزمەی دەستە دیاری کردووە، تاوەکو هاووڵاتیان بتوانن سەردانی دەستە و نووسینگەکانی بکەن و، سکاڵای خۆیان لەسەر بوونی هەر پێشێلکارییەک پێشکەش بکەن و بەڵگەی تەواو بخەنە ڕوو**

**دەزگای ئێمە دەزگایەکی جێبەجێکار نییە و دەزگایەکی چاودێرە، بۆیە بەردەوام کاری لەسەر چاکسازییەکانی ئافرەتان و شەڵتەرەکان و خانەی بەساڵاچووان و سەنتەرەکانی پاراستنی خێزان کردووە**

**ئەو ئافرەتانەی کە سکاڵا تۆمار دەکەن، بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتیی داواکاری گشتی و بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی خێزان و نووسینگەکانیان و کاری جددی لەسەر سکاڵاکانیان کراوە**



# ئەو خێزانانەی منداڵی ئۆتیزمیان هەیە، بە بارودۆخێکی سەختدا تێپەڕ دەبن

سەیران حاجی دایکی دوو منداڵە و وەك خۆی باسی کرد، هەر دوو منداڵەکەی نەخۆشیی ئۆتیزمیان هەیە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ماوەی ١١ ساڵە هاوسەرگیریم کردووە و دایکی دوو کوڕی ئۆتیزمم، گەورەکەیان تەمەنی نۆ ساڵە و بچووکەکەش حەوت ساڵانە، زۆر بەداخەوە بە هۆی پەروەردەی دوو منداڵم کە ئۆتیزمیان هەیە، زیاتر لە چوار ساڵە بە ناچاری وازم لە پیشەی مامۆستایی هێناوە، کە هەمیشە ئارەزووم ئەوە بووە، منداڵان بە زانست ئاشنا بکەم، کەچی هاوسەرەکەم لە بری ئەوەی هاوکارم بێت، منداڵەکانیشی بەسەرمدا بەجێهێشت، خوا خێری حکومەتەکەمان بنووسێ، تا ئێستا مووچەی مامۆستاییم بۆ سەرف دەکەن، ئەوە نەبووایە، خوا دەیزانێ لە چ مەینەتی و نەهامەتییەك دەژیاین».

سەیران لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا بۆ گوڵان، باسی کێشە و ئاریشەکانی ڕۆژانەی ژیانی خۆی و منداڵەکانی دەکات و سەبارەت بە چۆنیەتی جیابوونەوەشی لە هاوسەرەکەی دەڵێت: «دوو ساڵە هاوسەرەکەم بێ ئاگاداری خۆم تەڵاقی داوم و من و ئەو دوو منداڵە نەخۆشەی بەجێهێشت و ژنێکی دیکەی هێنایەوە، ئەوەندەی لەماڵەوەش

**بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO)و بانکی نێودەوڵەتی زیاتر لە ملیارێك کەس لە جیهاندا بە شێوەیەك لە شێوەکان خاوەن پێداویستیی تایبەتن، بەوەش ١٥٪ی دانیشتووانی جیهان پێکدێنن.**

**هەر بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی زیاتر لە ٦٧ ملیۆن کەس لە جیهاندا تووشی نەخۆشیی ئۆتیزم بوون، ژمارەی تووشبووانی نەخۆشیی ئۆتیزم لە کوردستانیش لە هەڵکشاندایە و بەپێی ئامارێکی کۆمەڵەی ئۆتیزمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ زیاتر لە ٣٠٠٠ منداڵی ئۆتیزم لە کوردستان هەن.**


**دایکێك کە منداڵەکانی نەخۆشیی ئۆتیزمیان هەیە، بەسەرهاتی خۆی بۆ گۆڤاری گوڵان دەگێڕێتەوە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە هاوسەرەکەی تاقەتی ئەوەی نەماوە خزمەتی منداڵەکانی خۆی بکات و بە جێی هێشتوون. ئەو دایکە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە دایکان هەمیشە زیاتر لە باوکان ئامادەن باجی ئازارەکانی منداڵی خۆیان بدەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



وەکو هاوسەر بە یەکەوە بووین، هیچ خزمەتێکی منداڵەکانی نەدەکرد، تەنانەت بێزیشی لێ دەکردنەوە، چونکە منداڵەکانم ناتوانن بە دەستی خۆیان نان بخۆن، ناتوانن بە خۆیان بچنە سەرئاو و خۆیان پاك بکەنەوە، جگە لەوەی ناتوانن قسەش بکەن. بێگومان نەخۆشیی ئۆتیزم و دەرهاوێشتە کۆمەڵایەتییەکانی زۆرن، ئەرکە قورسەکەش کەوتووەتە سەر خێزان و بەتایبەتی دایکان، واتە دایك ڕۆڵی سەنتەر و پزیشك و مامۆستای تایبەت دەبینێت».

ڕەحمان عەلی بەرپرسی سەنتەری ئۆتیزم لە سلێمانی، سەبارەت بە منداڵانی تووشبووی ئۆتیزم تایبەت بۆ گوڵان گوتی: «ڕەفتاری کەسانی تووشبووی ئۆتیزم تەواو جیاوازە بەراورد بە کەسانی دیکە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بە هۆی هەموو نیشانە و هەڵسوکەوتەکانی منداڵی ئۆتیزم کە هەیەتی، وادەکات خێزان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگە دابڕێت، ئەوەش بە جۆرێك کاریگەری لەسەر دەروونی هەمووان دادەنێت، بەتایبەتی لەسەر باری دەروونیی دایکەکە، چونکە نەخۆشیی ئۆتیزم وەك هیچ حاڵەتێکی دیکەی نەخۆشی نییە، لە بەر



ڕەحمان عەلی:

**زۆربەی ئەو دایکانەی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتیان هەیە، بۆ ئارامبوونەوەیان چارەسەری دەروونی وەردەگرن**



دیمەن محەمەد:

**ئەرکی دایکی تووشبوویەکی ئۆتیزم دە بەرانبەری دایکی منداڵێکی ئاساییە، تا بتوانێت نەوەیەکی تا ڕادەیەک تەندروست پەروەردە بکات و پێی بگەیەنێت**



ئیمان محەمەد شێرکاوەیی:

**کەسانی ئۆتیزم دەتوانن دەروونتدروستییەکی باشیان هەبێت و سوود لە بەهرەو زیرەکییان وەربگرن، بە مەرجێک کە لە ژینگەیەکی زانستیی دیاریکراودا پەروەردە بکرێن**

ئەوەی چاکبوونەوەی نییە و پێویستی بە خزمەت و چاودێریی بەردەوام هەیە»، ئەوەشی دووپات کردەوە کە «ئۆتیزم یەکێکە لەو حاڵەتانەی نەخۆشی کە کاریگەرییەکی قورس لەسەر خێزان دروست دەکات، بەتایبەت دایك و باوك، کە زۆر جار پێداویستییە ماددییەکان لە توانای خێزاندا نییە، ئەو کاریگەرییەش بە حوکمی ئەوەی دایك پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ منداڵەکانیدا هەیە، بە پلە یەك دەکەوێتە ئەستۆی خودی دایك، ئەوەش وادەکات دایك زیاتر بیر لە هەنگاوەکانی چارەسەری بکاتەوە، بەبێ ویستی خۆیشی ناچارە بۆ خزمەتکردنی منداڵە نەخۆشەکەی، گرنگیپێدان بە ئەندامانی خێزانەکەی کەم بکاتەوە، تەنانەت خودی خۆیشی پشتگوێ دەخات، چونکە زۆربەی باوکان بە هۆی ناهۆشیاری لە دابەشکردنی ئەرکەکانی خێزان، خزمەتکردنی منداڵی نەخۆش بە ئەرکی سەرشانی دایك دەزانن و لەو واقیع و بەرپرسیارێتییە ڕادەکەن، بۆیە هەندێك جاریش کێشەی نێوان ئەو دوو هاوسەرە دەگاتە ئاستی جیابوونەوە، هەر چەند ڕێژەکە ئەوەندە زۆر نییە و نەبووەتە دیاردە، بەڵام وەکو حاڵەت چەند کەیسێکی لەم شێوەیەمان هەیە، هەندێك هاوسەریش هەن بێدەنگییان هەڵبژاردووە و درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن و لە چوارچێوەی یەك ماڵدا دەژین، بێ ئەوەی لە یەکتر جیا ببنەوە، بەڵام پەیوەندییەکەیان زۆر لاوازە و ڕەنگە گەیشتبێتە ئاستێك کە پەیوەندیی سۆزداریی نێوانیان لە بەین چووبێت». گوتیشی: «بەپێی ئەو توێژینەوانەی ئەنجاممان داون، دەرکەوتووە، زۆربەی ئەو دایکانەی منداڵی خاوەن پێداویستیی تایبەتیان هەیە، بۆ ئارامبوونەوەیان چارەسەری دەروونی وەردەگرن، بەداخەوە تا ئێستا حکومەت نەیتوانیوە بۆ باشترکردنی ڕەوشی توێژی کەمئەندام و بەساڵاچووان سیستەمێکی تۆکمەی هەبێت و خزمەتگوزاریی تەندروستیی پێویست دابین بکات و لە هەڵگرتنی ئەو قورساییە هاوکاری خێزانەکان بکات».

دیمەن محەمەد توێژەری کۆمەڵایەتییە و یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە بە بارودۆخی تووشبووانی ئۆتیزم نیگەرانە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئۆتیزم ئەو نەخۆشییە سەردەمییەیە کە بە جۆرێك لە جۆرەکانی نەخۆشی و کێشە گەشەییەکان دادەنرێت، کە لە ئەنجامی گەشەی ناتەندروست و ناسرووشتیی مێشکەوە دروست دەبێت و کاردەکاتە سەر گشت لایەنەکانی ژیانی تووشبوو، بەتایبەتی ژیانی کۆمەڵایەتی و کارامەییەکانی پەیوەندییە زارەکی و ڕەفتارییەکانی لە ڕووی هەڵسوکەوت و بە کۆمەڵایەتی بوون و پەروەردە و فێربوونی، لە تەمەنی سێ ساڵییەوە دەرکی پێ دەکرێت و تا ئێستا هۆکارەکەی دیاری نەکراوە. هەندێك توێژینەوە بە نەخۆشییەکی بۆماوەیی لە قەڵەمی دەدەن و هەندێکیش دایك و خێزان تاوانبار دەکەن، بە هۆکاری بوونی ئەو نەخۆشییە، بەڵام هەموومان دەزانین کە منداڵان بە ئایندەی مرۆڤایەتی و هێزی کۆمەڵگە دادەنرێن و بنەمای گەشەسەندنی کۆمەڵگەکانن، منداڵانی ئەمڕۆ، گەنج و لاوی دواڕۆژن و بەرپرسیاریەتی پێگەیاندن و گەشەسەندنی کۆمەڵگەیان لە ئەستۆدایە، بەڵام تووشبووانی ئۆتیزم هەر لە منداڵییەوە لەو ئەرك و بەرپرسیارییەتە بێبەشن بە هۆی ئەو کێشەیەی لە مێشکیان هەیە و لە ڕووی هەستەوە دوورن لەو لایەنەی ژیان لەبەر ئەوەی توانای دەربڕینی هەستەکانیان نییە و ناتوانن ببن بە کەسێکی ئاسایی و لە کۆمەڵگە ژیانی ئاسایی خۆیان بکەن».

ئەو توێژەری کۆمەڵایەتییە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئەرکی هەرە سەرەکیی پەروەردەکردن و بەرپرسیارییەتیی ئەو توشبووانە هەر لە منداڵییەوە تا گەورەبوون و پێگەیشتن لەسەر خێزانە، بەتایبەتی دایك، لەبەر ئەوەی لە هەموو کەس زیاتر پەیوەستن بە دایکیان و بەرپرسیارییەتی و ئەرکی دایکیش لە چاودێریکردن و پەروەردەکردنی منداڵێکی ئۆتیزم زۆر قورسترە لە منداڵێکی ئاسایی، چونکە تووشبووی ئۆتیزم لە هەموو ڕووەکان کێشەی هەیە، وەك تەندروستی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و پێویستە دایکی منداڵێکی ئۆتیزم دانبەخۆداگرتوو و ئارام بێت لە گەڵ منداڵەکەی و هەست بە بێتاقەتی و بێزاری نەکات و، بەردەوام لە هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری بێت لەسەر بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکەی بە شێوەیەکی تەندروست و هەماهەنگیی تەواوی هەبێت لەگەڵ تەواوی ئەو سەنتەر و شوێنانەی تایبەتن لە پەروەردەکردنی ئەو توشبووانە لە ڕووی دانانی خشتەیەکی خواردنی تەندروست و ڕێکخراو کە بگونجێت لەگەڵ تەندروستیی منداڵەکەی، هەروەها بەکارهێنانی چالاکی و هۆکانی فێربوون لە ڕێگای وێنە و ناساندنی دەوروبەری بە شێوەی وێنە، لە لایەکی دیکەوە گرنگی پێدانی بە فێربوونی زمانی دایك لە بری زمانی بێگانە و بوونی سیستەمی هاندان و پاداشت لە کاتی ئەنجامدانی ڕەفتاری باش و سزای تەندروست لەکاتی ئەنجامدانی ڕەفتاری خراپ، بەڵام کارنەکاتە سەر لایەنی دەروونی و نەبێتە هۆکاری دروستبوونی تووڕەیی و

توندوتیژی لەبەر ئەوەی تووشبووی ئۆتیزم ناتوانێت هەستەکانی بە زمان دەرببڕێت، پێویستە دایك لە هەستەکانی بگات، لە کاتێك تووڕە دەبێت و هاوار دەکات و ڕەفتارێکی ناتەندروست ئەنجام دەدات، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەرانبەرەکەی بۆ لای خۆی و جێبەجێکردنی داواکارییەکانی. هەر لەبەر ئەوە ئەرکی دایکی تووشبوویەکی ئۆتیزم دە بەرانبەری دایکی منداڵێکی ئاساییە، تا بتوانێت نەوەیەکی تا ڕاددەیەك تەندروست پەروەردە بکات و پێی بگەیەنێت».

ئیمان محەمەد شێرکاوەیی، قوتابی بەشی دەروونزانییە لە زانکۆی سۆران و سەبارەت بە هەمان پرس هێما بۆ ئەوە دەکات کە «نەخۆشییە دەروونییەکان بریتین لە گۆڕانی دەروونی، هەست، بیرکردنەوە و ڕەفتار، واتا پەیوەندی هەیە بە کێشەی دەروونی و کاری کۆمەڵایەتی، بەپێی کۆمەڵەی پزیشکی دەروونی ئەمریکا، نەخۆشیی دەرونی ئەگەری هەیە لە هەموو تەمەنێك ڕووبەڕووی تاك ببێتەوە و حاڵەتێکی کاتییە و دەتوانرێت چارەسەر بکرێت، بەڵام ئۆتیزم نەخۆشییەکی ئاڵۆزی مێشکە و بەهۆی کێشە لە کۆئەندامی دەماری ڕوودەدات، کە بریتییە لە تێکچوونی باری گەشەکردنی ئەقڵ و کاریگەری لەسەر مێشك دروست دەکات لە ڕووی چالاکیی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیەکانی دەوروبەری. هەر لەبەر ئەمەش نەخۆشییەکانی گەشەکردن وەك ئۆتیزم جیاوازن لە نەخۆشیی دەروونی و هەمان شت نین. ئۆتیزم بە شێوەیەکی گشتی لە کاتی لەدایکبوون» یان لە تەمەنی سێ ساڵی یەکەمی منداڵدا دەردەکەوێت. نەخۆشییەکانی گەشەکردن وەك ئۆتیزم نەخۆشیی هەمیشەیین. هاوکات دەڵێت: «بێگومان نارێکی لە گەشەکردنی مێشك کاریگەری لەسەر تاك دروست دەکات بۆ فێربوون، یان تێگەیشتن لە بیرکردنەوەی دیاریکراودا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەسانی ئۆتیزم دەتوانن دەروونددروستییەکی باشیان هەبێت و سوود لە بەهرەو زیرەکییان وەربگرین، بە مەرجێك کە لە ژینگەیەکی زانستیی دیاریکراودا پەروەردە بکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری ئەوانەی کە هەڵگری ئۆتیزمن ڕووبەڕووی نەخۆشیی دەروونی دەبنەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پەیوەندی هەیە لە نێوان ئۆتیزم و نەخۆشیی دەروونی. ڕێکخراوی خێرخوازیی ئۆتیزم لە ساڵی ٢٠٢٢ ئەوەیان دەرخست کە حەوت لە هەر دە کەسی ئۆتیزم نەخۆشیی دەروونیان هەیە، وەك دڵەڕاوکێ، ADHD، خەمۆکی، OCCD و نەخۆشی کەمیی چالاکیی سەرنج، هەتاوەکو ئێستاش پزیشکانی پسپۆڕ هۆکاری سەرەکیی ئۆتیزمیان دەستنیشان نەکردووە، بەڵام بەشێکیان دەڵێن بۆماوەییە، هەندێکتریشیان دەڵێن ژینگە هۆکارە وەك بەرکەوتن بە ماددە ژەهراوییەکان لە ماوەی دووگیانیدا کە ئەگەری تووشبوونی کۆرپە بە ئۆتیزم زیاد دەکات.

تاوەکو ئێستاش هیچ دەرمانێك وەکو چارەسەر بۆ نەخۆشییەکە نەدۆزراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك ڕێگا هەیە، کە یارمەتیی کەسی توشبوو دەدات، بۆ ئەوەی حاڵەتەکە لەلای ئاسایی ببێتەوە، بۆ ئەوەی دەروونددروست بێت وەکو: وەرزشکردن لە شێوەی ڕاهێنان، خواردنی باش، خەوتنی ڕێك و پێویست، قسەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دەیانناسێت و متمانەیان پێ هەیە.

لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن، کە ئۆتیزم زیاتر لە نێو کوڕاندا بەربڵاوە وەك لەنێو کچاندا، هەروەها بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی زیاتر لە ٧٠ ملیۆن کەس هەڵگری نەخۆشیی ئۆتیزمن، لە هەرێمی کوردستانیش زیاتر لە ٣٤٩٠ منداڵی ئۆتیزم هەن.

ماوەتەوە بیڵێم: ئۆتیزم نەخۆشیی دەروونی نییە، بەڵکو بارودۆخێکی گەشەکردنی مێشکە کە کاریگەری دروست دەکات لەسەر چۆنیەتی جیهانبینی و چۆنیەتی کارلێکردن لەگەڵ کەسانی دی».



**بە هۆی هەموو نیشانە و هەڵسوکەوتەکانی منداڵی ئۆتیزم کە هەیەتی، وادەکات خێزان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگە داببڕێت**

**زۆربەی باوکان بە هۆی ناهۆشیاری لە دابەشکردنی ئەرکەکانی خێزان، خزمەتکردنی منداڵی نەخۆش بە ئەرکی سەرشانی دایک دەزانن و لەو واقیع و بەرپرسیارێتییە ڕادەکەن**

**بەداخەوە تا ئێستا حکومەت نەیتوانیوە بۆ باشترکردنی ڕەوشی توێژی کەمئەندام و بەساڵاچووان سیستەمێکی تۆکمەی هەبێت**

# ئالین بۆگوڵان: هونەری کوردی هۆکاری پاراستنی زمان و کلتوورمانە

**خانمە هونەرمەند ئالین لە ڕۆژئاوای کوردستان لە دایکبووە، ماوەیەکی زۆرە لە وڵاتی ئەڵمانیا ژیان بەسەر دەبات، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو دەیان گۆرانی و کلیپی پێشکەش کردووە، کە دواییینیاندا سروودی (بابێ مێرخاس بارزانی) بوو، کە لە ساڵیادی لە دایکبوونی باوکی ڕۆحی کورد (بارزانی نەمر) پێشکەشی کرد. چەند پرسیارێکمان ئاراستەی ئالین کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە.**



*** هونەری کوردی چ ڕۆڵێکی لە پاراستنی کلتووریدا کوردی هەبووە؟**

-لە دێر زەمانەوە ئێمەی میللەتی کورد هەمیشە ڕووبەڕووی بندەستی و داگیرکاری بووینەتەوە، تا ئێستاش ئەم بابەتە چارەسەر نەکراوە، تەنیا بەشێکی کوردستان ئازادە، ئەویش لە چوارلاوە دەورە دراوە و دوژمنان بەردەوام هەوڵ دەدەن بە شێوازی جیاجیا لە ناوی بەرن، ئەگەر باس لە هونەر بکەین، بە درێژایی مێژووی کورد ڕۆڵێکی گرنگی

هەبووە لە پاراستنی زمان و کلتووردا، ئێمە کورد خاوەن کلتوورێکی دەوڵەمەندین، هۆکاری مانەوەی زمانەکەمان بە زیندووی بە درێژایی ئەو هەموو ساڵەی نەهامەتی و داگیرکاری بۆ هونەری کوردی دەگەڕێتەوە، بە هەموو شێوازەکانی و لە هەموو پارچە و شوێنەکانی کوردستان.

*** پێتوایە لە کام پارچەی کوردستان هونەری کوردی زیاتر پێشکەوتووە؟**

- سەبارەت بە پێشکەوتنی هونەر لە پارچەکانی کوردستان، ناتوانین بە ڕەهایی بڵێین لەم پارچە هونەری کوردی پێشکەوتووە یان لە پارچەکەی دی پێش نەکەوتووە، چونکە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی هەر پارچەیەکی کوردستان جیاوازە و کاریگەریی خۆی هەبووە لەسەر پێشکەوتن و دواکەوتنی هونەری کوردی لە هەر پارچەیەك بێت، بەڵام ئەوەی جێگەی شانازییە، لە هەر سەردەمێك و لە هەر پارچەیەك کە گەلی کوردستان زیاتر ڕووبەڕووی چەوسانەوە و لەناوبردن بووەتەوە، هونەر ڕۆڵی خۆی بینیوە لە بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە میللەتەکەمان بە زیندوویی بمێنێتەوە و زمانی کوردی هەر بە ڕەسەنی و بە زیندووی بمێنێتەوە، هونەر لە سەردەمێکدا یەکێك بووە لە هۆکارەکانی خەبات دژی داگیرکەرانی کوردستان، ئێستاش لە هەندێك پارچەی کوردستان هەمان ڕۆڵی هەیە و هۆکارێکە کە میللەتی کورد لە ڕێگەی هونەرەوە گوزارشت لە مافە ڕەواکانی خۆی بکات و بەرگریی لێ بکات.

*** بۆ تۆ کاری هونەری لە ئەوروپا چەند زەحمەتە؟**

-کاری هونەری لە ئەورووپا و کوردستان جیاوازییەکی زۆری هەیە، ڕەنگە هەندێك جار بڵێین لە ئەوروپا ئیمکانیات زۆرترە، بەڵام یەك شت هەیە کە پێویستە لە بەرچاو بگیرێت، ئەویش ئەوەیە هونەرمەندی کورد لە هەر شوێنێك بێت بەشێکی زۆری ئەرکی جێبەجێکردنی کارە هونەرییەکانی دەکەوێتە ئەستۆی خۆی، واتە خۆی سپۆنسەری کارەکانی دەکات، یەکێك لە گرفتەکانی ئێستای هونەری کوردی نەبوونی سپۆنسەرە، ئەمەش بۆ هونەرمەند زۆر سەختە، بۆ نموونە کۆکردنەوەی مۆزیسیان و ئامادەکردنی مووزیك ئاسان نییە، کەچی لە هەر پارچەی کوردستان دەتوانیت بە ڕۆژێك تیپێکی تەواو ئامادە بکەیت، لە ئەوروپا جیاوازە لەوانەیە تۆ پێویستیت بە شەش ژەنیار هەبێت هەریەکیان لە وڵاتێکن، کۆکردنەوەی ئەو هەموانە ئەرکێکی زۆری دەوێ لە ڕووی ماددی و جەستەییشەوە ماندووبوونێکی زۆری دەوێ، بۆیە لە ئەورووپا یان لە دەرەوە هونەرمەندی کورد ڕووبەڕووی ئاستەنگی جیاجیا دەبێتەوە.

*** لە کارە هونەرییەکانتدا زیاتر هەست بە لایەن نەتەوەی دەکرێت، ئایا ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- من شانازی بەوەوە دەکەم کە هونەر بۆ خزمەتی میللەتەکەم، گەلەکەم و وڵاتەکەم بەکار دەهێنم و لە ڕێگەی هونەرەوە خەبات دەکەم بۆ پێشخستنی میللەتەکەم، بە هەر شێوازێك بێت من ئیستا هونەرم کردووەتە ئامرازێك بۆ ئەم مەبەستە، لایەنی نەتەوەیی بۆ هونەرمەند زۆر گرنگە دەبێ هونەرمەند پێش هەموو شتێك خۆی بناسێت و، درك بە ئاستەنگ و ناهەموارییەکانی میللەتەکەی خۆی بکات، درك بەوە بکات کە میللەتەکەی ڕووبەڕووی چەوسانەوە بووەتەوە، ئەمەش کارێکە لە هونەری مندا لە ستایلی مندا هەستی پێ دەکرێت و شانازتیشی پێوە دەکەم.



خۆشەویستیی هونەرمەند بۆ هونەر و وڵاتەکەی، گەورەترین هاندەری بەردەوامبوونیەتی لە کارکردنی بەردەوام بۆ پێشکەشکردنی کاری جوان بە جەماوەرەکەی و، خزمەتگەیاندن بە کوردستان لە ڕێگەی هونەرەوە، بەتایبەتی لەو قۆناغە مێژووییەی ئێستا کە میللەتی کورد پێیدا تێپەڕ دەبێت و، ئەو پیلانە هەمە لایەنانەی کە دژی گەیشتن بە ئاواتەکان لەلایەن دوژمنانەوە دادەڕێژرێن، دیارە هونەر و هونەرمەندانی کورد ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبووە لە دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردستان و پاراستنی ناسنامە و زمانی میللەتی کورد، چونکە دوژمنان بەرلەوەی خاکمان داگیر بکەن، هەوڵیان داوە زمان و کلتوورەکەمان لە ناو ببەن و بیشێوێنن، بۆیە پێویستە لەسەر ئێمەی نەوەی ئێستا کە درێژەپێدەری خەباتی هونەرمەندانی پێش خۆمان بین و، ڕێگە نەدەین دوژمنان بە مەرامی خۆیان بگەن.

# نەوال زوغبی: خۆزگە تەمەنی منداڵیم دەگەڕایەوە



خانمە هونەرمەندی ناسراوی لوبنانی (نەوال زوغبی) لە دیمانەیەکدا تیشکی خستە سەر چەند لایەنێکی ژیانی تایبەتی خۆی، بەتایبەتی ژیانی منداڵی و دووبارە چوونەوە نێو ژیانی هاوسەری.

نەوال لە بارەی پێشبینیی

## ئەنجلی

دوای جیابوونەوەی ئەنجلینا جولی بە قۆناغێکی سەختدا تێپەڕی، پێدەچێت تا ئێستاش بەدەستیەوە بناڵێنێت، ئەستێرە جیهانییەکە دوای جیابوونەوەی لە براد پێت، ئازارەکانی ئاشکرا کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە وردە وردە واز دەهێنێت.

ئەنجلینا سەبارەت بە ئازارەکانی دوای جیابوونەوە دەڵێت: «جەستەم کاردانەوەی توندی هەیە، تووشی سترێس دەبم و شەکری خوێنم بەرز و نزم دەبێت، جیابونەوەم لە پڕ پاش ئیفلیج بووم».

ئەنجلینا جولی ڕوونیشی کردەوە کە ژیانێکی کۆمەڵایەتیی نییە، ئەو کەسانەی پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵدا هەیە، تەنیا منداڵەکانین، هەروەها هەستەکانی خۆی لەم قۆناغەی ئێستادا بە وشەیەك ئاشکرا کردووە، کە جەماوەری هانداوە هاوسۆز بن لەگەڵیدا.

لەلایەکی دیکەوە ئەنجلینا جولی ئاماژەی بە

ئەستێرەناسی و بورجەکان گوتی: «بە هیچ شێوەیەك بۆ من گرنگ نییە، چونکە دڵنیام ئەوەی پەروەردگاری جیهانەکان نووسیویەتی، ئەوە ڕوو دەدات».

سەبارەت بە کەسایەتیی خۆی دەڵێت: «حەز دەکەم شتە باشەکان لە کەسایەتیی مندا بمێننەوە، وەك تازەیی و دڵی سپی و ڕاشکاوی و خۆشەویستی بۆ مرۆڤەکان و گۆڕینی هەندێك لەو شتانەی کە زیانی پێ دەگەیەنن، خۆشەویستی نەك کوێرانە متمانەکردن بە مرۆڤەکان، هەندێك جار وەك ئەوەیە هەموویان سرووشتێکی باشیان هەبێت مامەڵەیان لەگەڵ بکەم، بەڵام سەرم سووڕ دەمێنێت کە هەندێك کەس شایەنی ئەم متمانەیە نین، متمانە پێکردن زیانی زۆر گەورەی پێ گەیاندووم، من بێتاوان بووم و متمانەم بە زۆر کەس هەبوو کە شایەنی نەبوون، بەڵام ژیان قوتابخانەیەکە زۆر شتی فێر کردم، هێشتا مرۆڤم خۆش دەوێت و هەندێکیان لە نزیکەوە دەهێڵمە، لە بەرامبەردا بۆ هەمیشە لە کەسانێك دوور کەوتمەوە، ئێستا دەزانم ئەم چ کەسێن جێی متمانەیە و چۆن دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکەم و سنوورێکی بۆ دابنێم».

نەوال زوغبی سەبارەت بە دایکایەتی دەڵێت: «منیش وەك هەر ئافرەتێك، مێینەیی و دایکایەتیم هەیە.. بەهێز و بێ دۆڕان، چونکە باوەڕێکی زۆر بەهێزم هەیە و متمانەم بەخۆم بەرزە، توانای ئەوەم هەیە بەسەر کەشوهەوای نەرێنی دەوروبەرمدا زاڵ بم، هەرچییەك بێت و بیکەم بە کەشێکی ئەرێنی».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا دەیەوێت چ قۆناغێکی ڕابردووی بگەڕێنیتەوە، نەوال دەڵێت: «قۆناغەکانی منداڵی و هەرزەکاری، چەندین ساتی دایکایەتی، ئەو سەرکەوتنە زۆرانەی بەدەستم هێنا، و ئەو خۆشەویستییە گەورەیەی مرۆڤەکان کە هەستم پێ دەکرد، کە هەرگیز لە مێشکم دەرناچێت و تا ئەمڕۆش بەردەوامە، لە بەرامبەردا قۆناغی زۆر هەیە کە ئاواتەخوازم بیسڕمەوە، زۆر کەس لەگەڵ من و هاوڕێکانمدا کاریان کردووە و بە ژیانمدا تێپەڕیون، کە خۆزگە وایان نەکردبا.. قۆناغی ناتەبایی هاوسەرگیری و جیابوونەوە یەکێکە لەو قۆناغانەی کە من حەزم لێی نییە بۆ ئەوەی لەبیرم بێت، یان لەگەڵمدا دووبارە ببێتەوە».



## ـــــنا جولی بیزار بووە

نیازی خۆی بۆ وازهێنانی لە کاری هونەری کرد و گوتی: «ئەمڕۆ نابمە ئەکتەر، کاتێك دەستم بە کاری هونەری کرد، چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد کەسایەتییەکی گشتی بم و بەشداریی زۆر لە کارەکان بکەم».

ئەنجلیناوە خۆی دەڵێت کچی خێزانێکی هونەرییە، لەم بارەوە دەڵێت: «لەبەرئەوەی لە ژینگەی هۆلیوود گەورە بووم، هەرگیز سەرسام نەبووم پێی، هەرگیز بە گرنگ نەمبینیووە، چونکە خۆم لە ژینگەکەدا گەورە بووم، تەنانەت لە سەرەتای کاری هونەریمدا تووشی خەمۆکی بووم و لە هەندێك کاتدا مەیلی خۆکوشتنم هەبوو».

سەبارەت بە پەیوەندیی سەفەرکردن بە جیابوونەوەکەیەوە، ئەنجلینا جولی دەڵێت: «دوای جیابوونەوەم توانای ژیان و گەشتکردنم بە ئازادی لەدەستداوە، سەرەڕای ئەوەش هەر کاتێك بتوانم دەجووڵێم، من لە شوێنێکی لێلتر لە هەموو شوێنەکانی جیهان گەورە بووم، هۆلیوود شوێنێکی تەندرووست نییە بۆ ژیان».

لووتکەی ناخۆشییەکانی ژیانی هونەریی ئەنجلینا ئەو کاتە بوو کە دایکی بەهۆی شێرپەنجەوە گیانی دەدا، لەم بارەشەوە دەڵێت: «بێرتراند فێری کردووم چۆن جانتای پشتەوە هەڵبگرم، ئەمەش هەنگاوێکە کە یارمەتی داوم خۆم لەگەڵ ئەو بابەتەدا بگونجێنم»، هەروەها گوتیشی: «ئەو کەسانەی کە بە سەختییەکاندا تێپەڕیون ڕاستگۆتر و کۆمەڵایەتیترن، من زیاتر هەست بە ئاسوودەیی دەکەم لەگەڵیاندا، پێم خۆشە کات لەگەڵ کەسانێك بەسەربەرم کە پەنابەر بوون و لە ژیاندا ماون، چونکە ڕووبەڕووی سەختییەکانی ژیان بوونەتەوە».



## ماڵی مەقام

# سەکۆیەک بۆ پێگەیاندنی مەقام بێژان و زیندوو هێشتنەوەی مەقام


ئامانج لە کردنەوەی ئەم ماڵە گرنگیدانە بە مەقام وکردنەوەی خولی تایبەت بە مەقام و زیاتر ناساندنی جۆرەکانی مەقام. لە بارەی کردنەوەی ماڵی مەقامی جیهان، ئەندازیار بورهان سابیر سەرۆکی دەزگای ڕۆشنبیریی زانکۆکانی جیهان ڕایگەیاند: «مەقام یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی هونەر و پێویستە هونەرمەندان شارەزای بنەچە و جۆر و شێوازەکانی مەقام بن، ئامانج لە کردنەوەی ئەو ماڵە زیاتر خزمەتکردنە بە ڕەسەنایەتیی مەقام و، پێگەیاندنی ژمارەیەك هونەرمەندی گەنج و بە توانا و بەهرەمەند بۆ داهاتوو، دەمێك بوو بیرمان لە کردنەوەی ئەو ماڵە کردبووەوە، بۆ ئەوەی زۆرترین خزمەت بە بواری هونەر بکەین لە کوردستان» بورهان سابیر زیاتر گوتی: «جگە لەوەش لەم ماڵەدا گرنگی بەو بەهرەدارانە دەدەین کە دەنگیان خۆشە دروستیان دەکەین بۆ داهاتوو، بەرنامەی زیاتریشمان دەبێت، دەمانەوێ زۆرترین خزمەت بە مەقام بکەین لە ڕێگەی ئەو ماڵەی کە دروستمان کردووە».

لای خۆشیەوە دکتۆر نەوزاد یەحیا باجگر سەرۆکی ئەمینداریەتی ئەنجومەنی زانکۆکانی جیهان لەبارەی ئەو ماڵە گوتی: «ماڵی مەقام ماڵی هەمووانە، جیهانی مەقام جێهانێکی پڕ لە نەوا و نەغمەی هونەری ڕەسەنە، ئێرە ماڵی هەموانە بێ جیاوازی، هاوکاریی هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە ئارەزوو دەکەن لەو ماڵەدا فێری مەقام بن، هەردوو ستۆدیۆی تەلەفزیۆن و دەزگای ڕۆشنبیری دەخەینە خزمەت ئەو هونەرمەندانەی کە دەیانەوێ مەقام و گۆرانییەکانیان تۆمار بکەن، داوا لە هەموو هونەرمەندان دەکەین ببنە ئەندام لەو ماڵەدا و بە ماڵی خۆیانی بزانن، چونکە ئامانج و مەبەستی سەرەکیمان لە دامەزراندنی ماڵەکە، خزمەتکردنی هونەری ڕەسەنی کوردییە، ئەندام بوون لەو ماڵە بە گرنگ دەزانین، بۆ هەموو هونەرمەندان».

لەلایەن خۆیەوە زیاد کەریم بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی زانکۆی جیهان،











**به ئامادەبوونی، بەڕێزان ئاریان سەڵاحەدین بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و فەرهەنگ غەفوور بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر و، (د. نەوزاد یەحیا باجگر) سەرۆکی ئەمینداری ئەنجومەنی زانکۆکانی جیهان و ئەندازیار بورهان سابیر سەرۆکی دەزگا ڕۆشنبیریی زانکۆکانی جیهان و ژمارەیەك لە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران، ماڵی مەقامی نەوای جیهان لە دەزگای ڕۆشنبیریی زانکۆکانی جیهان کرایەوە.**

**لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی ئەو ماڵەدا ژمارەیەك وتار پێشکەش کران و، ئاهەنگێکی مەقام و گۆرانی لەلایەن ژمارەیەك هونەرمەندی کورد و عەرەب و سریان و تورکمانەوە پێشکەشی ئامادەبووان کران.**

سەبارەت بە کردنەوەی ئەو ماڵە گوتی: «ماڵی نەوای مەقامی جیهان، ماڵێکە بۆ زیاتر ناساندنی جۆرەکانی مەقام و پایەکانی، ئامانجمان لە کردنەوەی خزمەتکردنە بە ئارەزوومەندانی مەقام و ئەو هونەرمەند و گۆرانیبێژانەی کە شارەزاییەکی ئەوتۆییان نییە لەو هونەرە ڕەسەنەدا، بە کردنەوەی خول و ئەنجامدانی سیمینار لەلایەن کەسانی شارەزا و پسپۆر لەو بوارەدا، دەرگای ئەو ماڵە کراوەیە بۆ هەمووان لە هەر نەتەوە و ئاینێك بن».

هەر لەم چوارچێوەیەدا فەرەیدون عەزیزی بەرپرسی ماڵی مەقام گوتی: «مەقام وەك بەشێکی گرنگی زانستی مۆسیقا، ڕۆڵێکی پڕ بەهای هەیە لە هونەری ڕەسەنی گەلاندا، لەبەر ئەو گرنگییە ئێمە بە پێویستمان زانی ئەو ماڵە لە زانکۆی جیهان و دەزگا ڕۆشنبیرییەکەی بکەینەوە، وەك ماڵێکی پڕ لە نەواو ڕەسەنایەتی، لەو ماڵەدا گرنگی بە هەموو شێوەکانی مەقام دەدەین و زانستییانە کاری لەسەر دەکەین».

لڤین نووری

یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی دەربەندیخان:

# پەرە بەتواناکانم دەدەم بۆ بەدەستهێنانی خەونەکانم



یانەی دەربەندیخان یەکێکە لەو یانانەی سنووری پارێزگای سلێمانی کە گرنگی بە وەرزشیی ئافرەتان دەدات، بە سەرجەم یارییە وەرزشییەکانەوە، ماوەی چەند ساڵێکە یانەکە گرنگیی زۆر بە یاریی باڵەی لاوان دەدات لە ئاستی کچان، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانن بەم تیپە کێبڕکێ لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەن، لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکەی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق ئەویش (لڤین نووری)یە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٧ی قەزای دەربەندیخانە و پاشەڕۆژێکی باش چاوەڕوانیەتی لە داهاتوو، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.

دیمانە: کارزان کانەبی




* چۆن بوو وەرزشی تۆپی بالەت هەڵبژارد؟

- لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە حەز و ئارەزووم بۆ یاریی بالە هەبووە، بەڵام بە شێوەیەکی بەردەوام ئەنجامم نەداوە.

* هەست ناکەیت وەرزشێکی قورست هەڵبژاردوە؟

- هەموو وەرزشێك قورسی و نەهامەتیی تایبەت بە خۆیی هەیە، بەڵام خۆشەویستیم بۆ یارییەکەم ئەو قورسییەی کەمتر کردووە لەسەر شانم.

* بۆچی یاریی بالە لە ئاستی پێویست دا نییە؟

- یاری بالە تەنیا لە وڵاتی ئێمەدا لە ئاستێکی پێویستدا نییە، هیوادارم لە داهاتوودا بەرەو باشتر بوون بڕوات.

* هۆکارەکە چییە کە ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان پێشوازیی باشی لێ نەکراوە؟

- دەربارەی شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان بیرۆکەم نییە، بەڵام لە قەزای دەربەندیخان بە شێوازێکە زۆر باش پەرەی پێ دراوە و بەرەوپێش دەچێت.

* ئاستی یاریی بالە چۆن دەبینی لە کوردستان ؟

- بە بۆچوونی من لە ئاستێکی مام ناوەنددایە.

* چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی کچانی وەرزشکار ئەم یارییە؟

- زۆر خۆشە کە خەڵکێکی زیاتر بەشداریی وەرزش بکەن بەبێ ترس، بۆ ئەمەش پێویستە ژینگەیەکی گونجاو دابین بکرێت، ئەوەش بێگومان پشتگیریی کۆمەڵگەی پێویستە.

* بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێکی لاو؟

- من وەکو کچە یاریزانێك پلانم زیاتر پەرەدانە بە وەرزشەکەم تا هەنگاوێك نزیکتر بم لە بەدەستهێنانی خەونەکەم.

* یانەی دەربەندیخان بە چ شێوازێك هاوکاریتان دەکات؟

- درێغی لە هیچ شتێك ناکەن، ئەوەی لە توانایانبێت دەیکەن بۆ کچانی شارەکەیان.

* خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزانێك؟

- خەونم ئەوەیە بتوانم بگەمە ئاستێکی زۆر باشتر و کەسانی دیکە فێر بکەم.

* هەستت چۆنە ئەگەر هەڵبژاردەی تۆپی بالەی کچانی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك لە یاریزانەکانی هەڵبژاردەکە بیت؟

- بێگومان ئەوە حەزی هەموو یاریزانەکانی کوردستانە.

* ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەم دەرفەتەی کە بەمنی دا، سوپاس بۆ ئەو هەموو خزمەتە.



ئەستێرەیەکی یاری بیسبۆڵ گرێبەستێکی خەیاڵی واژۆدەکات و ڕیکۆردی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و لیۆنێل مێسی دەشکێنێت.

شۆهێی ئۆتانی یاریزانی ژاپۆنی و ئەستێرەی یاری بیسبۆڵ بڕیاریدا پەیوەندی بە یانەی لۆس ئەنجلۆس دۆجەرسەوە بکات و گەورەترین گرێبەستی وەرزشی لە مێژوودا واژوو کرد.

دوای تەواوبوونی وەرزی ٢٠٢٣ گرێبەستی ئۆتانی لەگەڵ یانەی لۆس ئەنجلۆس ئەنجڵس تەواوبووە و بووە بەهادارترین یاریزانی ئازاد لە یاری بیسبۆڵدا هەردوو یانەی لۆس ئەنجلۆس دۆجەرس و تۆرۆنتۆ بلو جەیس گرێبەستیان پێشکەشی یاریزانەکە کرد لە کۆتاییدا ئۆتانی بڕیاریدا پەیوەندی بە دۆجەرسەوە بکات گرێبەستی یاریزانەکە بۆ ماوەی ١٠ ساڵە و لەو ماوەیەدا بڕی ٥٥٨ ملیۆن پاوەند لە یانەکە وەردەگرێت، بەمشێوەیەش ئۆتانی ڕیکۆردی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و لیۆنێل مێسی دەشکێنێت و گەورەترین گرێبەستی وەرزشی لە مێژوودا مۆردەکات.

گەورەترین گرێبەستی کاروانی وەرزشی ڕۆناڵدۆ لەگەڵ یانەی نەسڕی سعودییە، کە بڕی ٤٢٧,٥ ملیۆن پاوەند لە یانەکە وەردەگرێت بەهادارترین گرێبەستی مێسی لەگەڵ بەرشلۆنە بوو، کە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٧ بۆ ٢٠٢١ بڕی ٥٣٧ ملیۆن پاوەندی لە یانەکە وەرگرت.



# یاریزانێکی بیسبوول ڕیکۆردی میسی و ڕۆناڵدۆی شکاند



# ماچێک تووشی گەورەترین سزای کرد

یەکێتی تۆپی پێی جیهانی فیفا هەوڵ دەدات سزایەکی قورستر بەسەر لویس ڕۆبیالێس سەرۆکی پێشووی تۆپی پێی ئیسپانیا بسەپێنێت. ڕوبیالێس بۆ ماوەی سێ ساڵ لە سەرجەم چالاکییەکانی پەیوەست بە تۆپی پێ ڕاگیرا، دوای ئەوەی تۆمەتی ئەوەی خرایە پاڵ، کە بەبێ ڕەزامەندی لێوی جینی هێرمۆسۆی ماچکردووە، ئەمەش دوای ئەوە بوو، کە هەڵبژاردەی ئیسپانیا لە مانگی ئابی ڕابردوو لە یاری کۆتایی جامی جیهانی خانمان لە ئینگلتەرای بردەوە.

فیفا لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا گوتی: بەهۆی ئەو لێکەوتانەی، کە هەست پێدەکرێت لێژنەی تێهەڵچوونەوە لە فیفا بیر لە سەپاندنی سزایەکی قورستر بەسەر ڕۆبیالێس دەکاتەوە، چونکە ئەو ڕووداوە دۆخێکی نالەبەر و نەرێنی لەسەر فیفا و وەرزشی خانمان دروست کردووە.

فیفا ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە لێژنەی لێپێچینەوە بۆ ڕێگەگرتن لە دووبارەنەبوونەوەی ئەو حاڵەتە دەیانەوێت تۆمەتباری کەیسی ماچکردنەکەی هێرمۆس سزای سڕکردنی ٣ ساڵی بەسەردا بسەپێنن.

کاتێک فیفا بۆ یەکەمجار لە مانگی تشرینی یەکەمدا لە دوای ماچکردنەکەی هێرمۆس سزای سڕکردنی بەسەر ڕۆبیالێس سەپاند، ئەوکات ڕوبیالیس تانەی لە بڕیارەکە دا، کە دەرفەتی بەرگریکردنیان پێنەداوە.

ڕۆبیالێس لە بەیاننامەیەکدا لە سۆشیال میدیا ڕایگەیاند بوو هەموو ڕێگەیەك دەگرێتە بەر بۆ دادپەروەری و ئاشکرابوونی ڕاستییەکان.

لێژنەی تێهەڵچوونەوە لە فیفا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هەرگیز ناتوانن کاریگەریی ماچەکەی ڕوبیالێس لەسەر لایەنی تەندروستی و دەروونی و ژیانی وەرزشی هێرمۆسۆ پشتگوێ بخەن.

لێژنەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ڕوبیالێس چەواشەکاری کردووە و باسی هەندێك شتی کردووە، کە هێرمۆسۆ نەیگوتووە و ڕەزامەندیشی نەداوە، کە ڕەگەزی بەرامبەری ماچی بکات.



## هاندەرانی ئەرسناڵ یارمەتی یانەی وێستهام دەدەن

یانەی ئەرسناڵ بە گرێبەستێك بەبڕی ١٠٥ ملیۆن پاوەند دێکلان رایس یاریزانی ئینگلیزی و ئەستێرەی پێشووی یانەی وێستهامی گواستەوە ڕیزەکانی و بووە گرانترین گرێبەست لە مێژووی یانەکە لەو کاتەدا بەشێك لە میدیاکان و هاندەرانی تۆپی پێ بڕی گرێبەستەکەیان بە گاڵتەجاڕی ناوبرد و بەشێکیان باسیان لەوە دەکرد، کە ئەرسناڵ لەو گرێبەستەدا فێڵی لێکراوە و رایس شایەنی ئەو بڕە پارە زۆرە نییە، کە پێیدراوە.

لەو کاتەوەی پەیوەندی بە ئەرسناڵ کردووە ڕایس توانیویەتی بە ئاستە نایابەکەی بەخێرایی بچێتە دڵی هاندەرانی یانەکە و خۆشەویستی ئەوان بەدەست بهێنێت یاریزانەکە لەم وەرزە بە ئاستە ناوازەکەی توانیویەتی یارمەتی یانەکەی بدات و ڕۆڵێکی سەرەکی هەبێت لەوەی ئەرسناڵ لە پێشەنگی ڕیزبەندیی خولی ئینگلیزی بێت.

لە دوایین یاری یانەکەیدا بەرامبەر لوتن تاون، ڕایس جارێکی دیکە بە ئاستە باشەکەی هەمووانی سەرسامکرد و توانی لە دواخولەکی یارییەکە بە گۆڵێک سەرکەوتن بۆ یانەکەی بەدەستبهێنێت و پێگەی ئەرسناڵ لە پێشەنگی خولەکە قایمتربکات.

دوای یارییەکە هاندەرانی یانەی ئەرسناڵ خۆشحاڵی خۆیان بەبوونی ڕایس لە یانەکەدا دەربڕی و تەنانەت بەشێك لە هاندەرانی ئەرسناڵ لە سۆشیاڵ میدیا باس لەوەدەکەن، کە پێیان وایە ڕایس شایستەی زیاتر لەو پارەیەیە، کە پێیدراوە و بەشێکیان بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز دەڵێن: دێکلان رایس شایستەی زیاتر لە ١٠٥ ملیۆن پاوەندە و ئێمە پێمان وایە یانەکەمان لەو گرێبەستەدا فێڵی لە وێستهام کردووە.

بۆ ئەم مەبەستە چەند هاندەرێکی ئەرسناڵ لە یەکێك لە ماڵپەڕەکاندا بانگەشەی کۆکردنەوەی بڕی ٢٥ ملیۆن پاوەند دەکەن تا بۆ یانەی وێستهامی بنێرن لە ماڵپەڕەکەشدا نووسیویانە: بەهۆی ئەو دزییەی لە یانەی وێستهام یۆنایتد کراوە داوا لە هاندەرانی ئەرسناڵ دەکەین کۆببنەوە بۆ ئەوەی بڕی ٢٥ ملیۆن پاوەند کۆبکەینەوە و بۆ یانەی وێستهامی بنێرین وەك قەرەبوویەك بۆ ئەو بڕە پارەکەمەی، کە بۆ گرێبەستی دێکلان رایس بە یانەکە دراوە.


بەشێك لە هاندەرانیش کۆمێنتیان کردووە، یەکێکیان دەڵێت: ٢٥ ملیۆن پاوەند زۆر کەمە.

یەکێکی دیکەش دەڵێت: ئێمە دەبێت هەموو ساڵێك ٢٥ ملیۆن پاوەندیان بۆ بنێرین.



# هەولێر دەست بۆ برینەکانی دەبات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر لەم وەرزەی خولی ئەستێرەکانی عێراقی تووشی گرفتی گەورە بووەتەوە لە ڕووی بەدەست نەهێنانی ئەنجامی شایستە لە یارییەکانی ئەم وەرزە، دوایین یاریی هەولێریش لە سەر یاریگای خۆی و لەبەردەم هاندەرانی یانەکەی، بەرامبەر یانەی جەوییە تووشی شکستێکی گەورە بووەوە، بە ئەنجامی (٤-١)گۆڵ دۆڕا، لە دوای ئەم شکستە ژمارەیەکی زۆری هاندەرانی وەرزشی داوای دەستلەکارکێشانەوەی کارگێڕیی یانەکە و ستافی هونەریی تیپەکەیان دەکرد، لەم ناوەشدا هەریەك لە عەباس عوبێدی ڕاهێنەر و حوسام فەوزی یاریدەدەری ڕاهێنەر و سەردار محەمەد ڕاهێنەری هێزی لەشی یانەکە دەستیان لە مەشقی تیپەکە کێشایەوە، ڕاهێنەری یانەکەش هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەکەی بۆ هۆکاری دارایی گەڕاندووەتەوە، کە سێ مانگە شایستە داراییەکانیان وەرنەگرتووە، لە ئێستادا کارگێڕیی یانەی هەولێر عەبدولقادر حوسێنی یاریدەدەری یانەکەی بە شێوەیەکی کاتی وەکو ڕاهێنەر دیاری کردووە، بۆ ئەوەی یارییەکانی دیکەی یانەکە بەردەوامی پێ بدەن لە خولەکە، تاکو دیاریکردنی ڕاهێنەرێك، لە ئێستادا چەندێن ڕاهێنەر ناویان هەیە لە کارگێڕیی یانەی هەولێر، بۆ ئەوەی بە فەرمی مەشقی یانەکە وەربگرن، بەڵام هێشتا هەولێر خۆی یەکلای نەکردووەتەوە بۆ دەستنیشانکردنی ڕاهێنەرێك، بۆ بەڕێوەبردنی مەشقی یانەکە، سەرچاوەیەکیش لە یانەی هەولێر دەڵێت، هەریەك لە ڕاهێنەران عەبدولغەنی شەهد و قەحتان جسیر هەردوو ڕاهێنەر عێراقین و ئەوەی یەکەمیان نزیکترە لە یانەکە، هەولێر چاوی لەسەر ڕاهێنەر نیبۆشا یۆڤۆڤیچ ڕاهێنەری مۆنتێنیگرۆیی ڕاهێنەری پێشووی شورتەشە، بەڵام تاکو ئێستا یەکلا نەکراوەتەوە.



# ئافرەتانی دهۆک ستافی تیپی فوتساڵیان دەستنیشان کرد

بە مەبەستی بەشداریکردن لە یارییەکانی خولی نایای فوتساڵی کچانی یانەکانی کوردستان، کە وا بڕیارە ڕۆژی ٢٣ی ئەم مانگە بە بەشداریی ژمارەیەك لە یانەکانی شارەکانی کوردستان یارییەکانی بەڕێوە بچێت، تیپی فوتساڵی ئافرەتانی دهۆك ئەم وەرزە ستافێکی تازەی دیاری کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەنجامێکی شایستە بە دەست بهێنێت لەم وەرزەی خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان، دەستەی کارگێڕیی یانەی ئافرەتانی دهۆك گرێبەستی لەگەڵ هەریەك لە (خەیری ئەحمەد وەکو ڕاهێنەر و دلۆڤان محەمەد وەکو یاریدەدەری ڕاهێنەر، دەریا یونس ڕاهێنەری گۆڵپارێز و هەریەك لە یاریزانان سیپەل یونس، ئیڤان فەرهاد، دەلال تاڵب، دڵپاك جبوور، ڕۆژین ئیبراهیم، دلڤین ڕەفیق، مەروا جیهان، هەیفا هاشم، یوسرا ئیبراهیم، ڕاژان قادر) کردووە، تیپەکە دەیەوێت بەم یاریزانانە کێبڕکێ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکات لە خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان.



# هەندرێن پشت بە ڕاهێنەرێکی لاو دەبەستێت

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەندرێن ئەم وەرزە ئامادەکارییەکی پێویستی کرد، بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، دوای ئەنجامدانی هەشت یاری، یانەکە خاوەنی ١٣ خاڵە و سێ یاریی براوە بووە و سێ یاری یەکسان بووە و سێ یاریش دۆڕاوە، لە دوایین یاری یانەکەش بەرامبەر یانەی ئاکرێ، دڵشاد مەعروفی ڕاهێنەری یانەکە بە فەرمی دەستلەکارکێشانەوەی لە ئەرکی ڕاهێنەرایەتیی یانەکە ڕاگەیاند، کارگێڕیی یانەی هەندرێن لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا بە فەرمی بڕیاریدا بە دەستنیشانکردنی (ڕەوەند عەبدولخالق) ڕاهێنەری لاوی لاوانی یانەی هەولێر، بۆ ڕاهێنەریی تیپی تۆپی پێی یانەکە، لە ئێستادا ستافی ڕاهێنەرانی تازەی یانەکە بە گوڕ وتینێکی زۆرەوە دەستیان بە ئەنجامدانی یەکە مەشقییەکان کردووە، بۆ ئەوەی بتوانن تیپەکە سەرلەنوێ ڕێك بخەنەوە و بتوانن کێبڕکێ لە سەر بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوە بکەن، کۆمەڵێك یاریزانی تازەشیان هێناوە بۆ ئەوەی بتوانن بەم یاریزانانە شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەن، یاریزانانی یانەکەش خاوەن ڕۆحییەتێکی بەرزن و سەرۆکی یانەکەش بەردەوام لە سەر هێڵی یاریگا پشتی یاریزانانی دەگرێت و هانی تیپەکە دەدات لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە، ئامانجی کارگێڕیی تیپەکەش گەڕانەوەیە بۆ ڕیزی پێشەوەی ڕیزبەندی یانەکان، لە یەکەم یارییشدا لەگەڵ یانەکە لە بەرامبەر هەولێر براوە بوو و سێ خاڵی گرنگی بەدەست هێنا.



# شەش پشکنین کە پێویستە ساڵانە ئەنجام بدرێن

تەندرووستیی باش گەورەترین سامانی مرۆڤە، بۆیە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان، پێویستە کە هەموو هەنگاوەکان پەیرەو بکرێن، هەروەها ساڵانە چەند پشکنینێکی گرنگ ئەنجام بدرێن بۆ بەسەرکردنەوەی تەندرووستی، بەمەبەستی خۆپاراستن و زوو دەستنیشانکردنی هەر گرفتێك و زوو چارەسەرکردنی.

پشکنینە پێویستەکان بریتین لە:

- پشکنینی گشتیی خوێن CBC کە زۆر گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی هەوکردنەکان، کەمخوێنی، ئاستی بەرگریی لەش، ژمارەی خڕۆکە سوور و سپییەکانی خوێن، ڕێژی هیمۆگلۆبین، لەگەڵ ژمارەی خەپلەکانی خوێن Plate-lets.
- پشکنینی خوێن بۆ ئاستی شەکری خوێن و HbA1c، ڕێژەی کانزای کالسیۆم، یوریا، ڤیتامین D و B12، چەورییەکانی خوێن.
- پشکنین بۆ فرمانی جگەر Liver function test کە گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشیی جگەر لەگەڵ ئاستی چەند ئەنزیم و پرۆتینێکی خوێن.
- پشکنین بۆ فرمانی گورچیلە Kidney function test بۆ دیارکردنی تەندرووستیی گورچیلە و توانای فلتەرکردنی خوێن بۆ زوو دەستنیشانکردنی فرمانی گورچیلەکان، کە پشکنینی خوێن و میز دەگرێتەوە.
- هەڵسەنگاندنی تەندرووستیی ئێسك، بۆنموونە تێستی سکانی DEXA بۆ دیارکردنی چڕیی ئێسك، بەمەبەستی زووتر ڕێگرتن لە ئەگەری شکانی ئێسك و پووکانەوەی ئێسك.
- پشکنینی فرمانی گلاندی دەرەقی کە زۆر گرنگە بۆ دیارکردنی ئاستی هۆرمۆنەکانی گلاندی دەرەقی، کە ئاستی وزەی لەش ڕێك دەخەن.



# ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵ لە منداڵدا



بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵ کە هۆکارێکی گەورەیە بۆ نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك، وا نەبێت کە تەنیا لە گەورەکاندا ببینرێت، بەڵکو لە لە منداڵیشدا بەدی دەکرێت، بۆنموونە پسپۆڕان لە نەخۆشخانەی سەرەکیی منداڵ لە فیلادیلفیا و بەشی نەخۆشییەکانی منداڵ لە زانکۆی کۆلۆرادۆ، ئاماژەیان بەمە کردووە کە یەك لە هەر ٥ منداڵ لە تەمەنی ٦-١٨ساڵیدا لە وڵاتە یەکگرتووەکان تووشی ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵ دەبنەوە. بەرزبوونەوەی کۆلیستیرۆڵ بێ نیشانەیە و تەنیا بە پشکنینی خوێن دەستنیشان دەکرێت، بۆیە بووەتە ڕیسکێکی شاراوە لە منداڵاندا. ئەگەرچی تووشبوونی منداڵ بە نۆرەی دڵ زۆر دەگمەنە، بەڵام بەگشتی ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵ لە منداڵیدا هاندەرە بۆ ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵ لە تەمەنی پێگەیشتندا، ئەوسا وەکو فاکتەرێکی ڕیسکی بەهێز ئەگەری تووشبوون بە نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك بەرزدەکاتەوە، بۆنموونە هەتا لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا ئەگەری تووشبوون بە ڕەقبوونی خوێنبەرەکان لە ئەنجامی کۆلیستیرۆڵی بەرز لە پزیشکیدا بەدی دەکرێت، واتە لە تەمەنێکی گەنجتر، بۆیە ئەگەر حاڵەتەکە لە منداڵیدا زوو دەستنیشان بکرێت، ئەوا دەتوانرێت تا ڕادەیەکی زۆر لە ئایندەدا ڕێگە لە ڕەقبوونی خوێنبەرەکان و تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك بگیرێت. بە ڕێنمایی پسپۆڕانی تەندرووستیی منداڵ، زوو دەستنیشانکردن و کۆنترۆڵکردنی ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵ لە منداڵدا زۆر گرنگە لە ڕێگەی سکرینکردنیان Screening لە تەمەنی ٩-١١ ساڵیدا، ئینجا دووبارە پاش پێنج ساڵ، پاش دەستنیشانکردن دەتوانرێت کە حاڵەتەکە زۆر بە باشی چارەسەر بکرێت لە ڕێگەی: کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، گۆڕینی ستایلی ژیانی ڕۆژانە، مەشقی وەرزشی، هەڵبژادنی خۆراکی درووست، هەروەها بەکارهێنانی دەرمان بۆ دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن.

## کانزای زینک بەرگریی لەش بەهێز دەکات

کانزای زینك یان تۆتیا Zinc
ڕۆڵی لە گەلێك فرمانی گرنگی لەشدا هەیە وەکو:
بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش دژ بە هەوکردنە ڤایرۆسی و بەکتریاییەکان، هاندانی کرداری میتابۆلیزم، هاندانی چاکبوونەوەی برین و کرداری مەیینی خوێن، فرمانی گلاندی دەرەقی، هەستی بۆن و چێژ، پاراستنی تەندرووستیی پێست، هەروەها هاندانی گەشە هەر لە کۆرپەوە تا دەگاتە قۆناغی نەوجەوانی و هەرزەکاری. زینك لە هەموو خانەکانی لەشدا هەیە و یارمەتی گەشە و دابەشبوونی خانە دەدات، هاوکات لەگەڵ چالاکیی ئەنزیم و پڕۆتینەکان و DNA یان جینەکان. خۆراکە دەوڵەمەندەکان بە زینك: گۆشت، پەلەوەر، ماسی و خۆراکی دەریایی، دانەوێڵەی تەواو، پاقلەمەنییەکان، کاکڵەکانی وەکو باوی و گوێز و کازۆ، تۆوەکان بەتایبەتی تۆی کوولەکەی زستانە، هەروەها شیر و بەرهەمەکانی بەتایبەتی ماست.
نیشانەکانی کەمیی زینك لە لەشدا: قژهەڵوەرین، سکچوون، دواکەوتنی پێگەیشتن لە هەرزەکاراندا، گرفت لە پێست و چاودا، لەگەڵ کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن. پێویستیی ڕۆژانەی زینك بۆ کەسانی پێگەیشتوو بریتییە لە ١١ ملگم بۆ پیاو و ٨ ملگم بۆ ئافرەت. زیاد وەرگرتنی زینك لە ڕێگەی دەنك کە ڕۆژانە لە ٤٠ ملگم زیاتر بێت، بە بێ ڕێنمایی دکتۆر لەوانەیە کە ببێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی زینك لە لەشدا کە هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی چەند نیشانەیەکی وەکو: هێڵنج و ڕشانەوە، سکچوون، ئازاری گەدە، لەگەڵ سەرئێشە.







# گرنگیی پاقلەمەنییەکان بۆ دابەزاندنی کێشی لەش

لێکۆڵینەوەکان دەردەخەن کە خواردنی پاقلەمەنییەکان Legumes هاندەرە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش، بۆیە پێویستە کە بخرێنە ناو ڕیجیمی دابەزاندنی کێشی لەش. پاقلەمەنییەکان بەگشتی دەوڵەمەندن بە ڕیشاڵی تەواوە،پرۆتین، لەگەڵ کۆمەڵەی ڤیتامین B، مەگنسیۆم، لەگەڵ ماددەی گرنگیی دیکە. ڕێژە بەرزەکەی مەگنسیۆم و کۆمەڵەی ڤیتامین B هاندەرە بۆ دروستکردنی ATP کە بریتییە لە یەکەی وزەی لەش، واتە سەرچاوەی وزەیە بۆ سەرفکردن و خەزنکردن لەسەر ئاستی خانەکانی لەشدا، بۆنموونە کە ئاستی وزە بە بەرزی دەمێنێتەوە ئەوا هانی لەش دەدات بۆ زیادکردنی چالاکیی بەدەنیی ڕۆژانە. ڤیتامینەکانی B زۆر گرنگن بۆ میتابۆلیزمی وزە و هێشتنەوەی بەردەوامی سەرچاوەی وزە لە ئاستێکی هاوسەنگدا، کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ هێشتنەوەی ستایلێکی ئاکتیڤی ژیان بۆ دابەزاندنی کێشی لەش، کانزای مەگنسیۆمیش ڕۆڵی هەیە لە ڕێکخستنی هەستییاری خانەکانی لەش بۆ هۆرمۆنی ئینسولین، واتە زیادکردنی توانای لەش بۆ بەکارهێنانی شەکری گلوکۆز وەکو سەرچاوەیەکی وزە و ڕێگرتن لە خەزنکردن و گۆڕینی بۆ چەوری. ڕێژە بەرزەکەی پرۆتین و ڕیشاڵی تواوەی پاقلەمەنییەکان هاندەرە بۆ هێشتنەوەی هەستی تێربوون بۆ ماوەیەکی باش و لەسەرخۆکردنەوەی کرداری هەرسکردن، واتە کەمتر وەرگرتنی کالۆری لە خۆراکەوە، کە پێویستە بۆ دابەزاندنی کێش. لە لایەکی دیکە، پاقلەمەنییەکان نیشاستەی بەرگەگر Resistant starch لەخۆدەگرن، کە لە ڕیخۆڵەی گەورە و دەبێتە خۆراك بۆ گەشەی بەکتریای سوودبەخشی ڕیخۆڵە Microbiome، ئەمەش ڕۆڵی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش.



# دابەزینی پەستانی خوێن مەترسیی هەیە!

دابەزینی پەستانی خوێن Hypoten-sion واتە ڕێژەی پەستانی کەمتر لە ٩٠/٦٠ ملم جیوە، کە پەستانی خوێن دادەبەزێت هاوشێوەی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن زیان بە تەندرووستی دەگەیەنێت. دابەزینی توندی پەستانی خوێن مەترسیدارە، چونکە هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی گەیشتنی خوێن و ئۆکسجین بە هەموو بەشەکانی لەش، ئەمەش زیانی زۆر بە ئەندامە هەستیار و گرنگەکان دەگەیەنێت، وەکو مێشك و دڵ، لەوانەشە مەترسی بخاتە سەر ژیان ئەگەر زوو چارەسەرنەکرێت. نیشانە باوەکانی دابەزینی پەستانی خوێن: سەرسووڕان و هەستکردن بە سووکبوونی سەر -Lightheaded-ness بەتایبەتی لەکاتی هەڵسانەوە پاش دانیشتن بۆ ماوەیەك، هێڵنج، ساردبوون و شێداربوونی پێست لەبەر کەمبوونەوەی هاتووچۆی خوێن لە پێستدا، خێرابوونی هەناسە (هەناسەڕاوکێ) واتە هەناسەوەرگرتن و دانەوە زیاتر لە ٢٤ جار لە یەك خولەکدا وەکو کاردانەوەی لەش بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمبوونەوەی ئۆکسجین بۆ ئەندامەکان، هەستکردن بە ماندووبوون و بێهێزی، هەستکردن بە تێنووبوون کە نیشانەیەکی زۆر باوە بۆ دابەزینی پەستانی خوێن، هەندێك نیشانەی دیکە کە مەرج نییە لە هەموو تووشبووان بە دابەزینی پەستانی خوێندا بەدی بکرێن، وەکو: لێڵبوون یان ناڕوونیی بینین، گرفت لە تەرکیزکردندا، هەستکردن بە شێوان، دڵەکوتێ، هەروەها دابەزینی مەزاج.



# چۆن مامەڵە لەگەڵ خەوزڕاندا دەکەیت؟

خەوزڕان Insomnia گرفتێکی باوە، بریتییە لە گرفت لە چوونە خەو یان بەردەوامبوونی خەو. هەر چەند خەوزڕان ببێتە مایەی نارەحەتی و بێزاری، هەرگیز نابێت کەپەنا ببردرێتە بەر بەکارهێنانی هاندەرەکانی خەو وەکو ئەو دەرمانانەی کە هۆرمۆنی میلاتۆنین Melatonin (هۆرمۆنی خەو) لەخۆدەگرن یان دەرمانی خەوێنەر و ئارامبەخش. هەنگاوە درووستەکان بۆ سووککردن و مامەڵەی درووست لەگەڵ خەوزڕاندا: ڕێکخستنی کاتی چوونەخەو کە هەموو شەوێك لە هەمان کاتدا بێت و ڕۆژانە لەخەوڵسان لە هەمان کاتی بەیانیدا، دوورکەوتنەوە لە خواردنەوە کافائینییەکانی وەکو چای و قاوە و کاکاو بەگشتی ٦- ٨ کاتژمێر پێش کاتی نووستن، ڕاگرتنی هەر مەشقێکی وەرزشی یەك کاتژمێر پێش کاتی نووستن، دوورکەوتنەوە لە ژەمی گەورە و زیاد خواردنەوەی هەر شلەمەنییەك بەلای کەم دوو کاتژمێر پێش کاتی نووستن، دوورکەوتنەوە لە نووستنی پاش نیوەڕۆ، بەتایبەتی لە کاتەکانی نزیك ئێوارە، ڕێکخستنی پلەی گەرمیی ژووری نووستن، دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و ڕووناکی و مۆسیقای بەرز پێش نووستن، خۆدانە بەر تیشکی خۆر لەکاتی ڕۆژدا، ئەگەر پاش ٢٠ خولەك لە کاتی دیاریکراو بۆ نووستن هەرچوونەخەو ڕوونەدات، ئەوا پێویستە کە چالاکیی هێورکەرەوە ئەنجام بدرێت وەکو: داگیرساندنی مۆمێك، هەڵمژینی هەوایەکی فرێش، مەشقی یۆگا، وەرگرتنی دووش، نووسینەوەی هەستەکان.



# ڕۆبۆتە خزمەتگوزاری

ئەگەر لە داهاتووشدا ڕۆبۆت جێگرەوەی مرۆڤ نەبێت، بێگومان هاوکار و یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ مرۆڤ و کارئاسانی زۆر دەکات. ڕۆبۆتەکان دەکرێ لە هەموو شوێنە خزمەتگوزارییەکان،

## ڕۆبۆتی پاکک

ڕۆبۆتی جۆری yarbo پاککەرەوەیەکی هەمە کارەیە، بەفر پاك دەکاتەوە و چیمەن دەبڕێتەوە و گەڵای دار و شتی زیادی لە باخچەکان ڕادەماڵێ. سێ ئەرکی پاککردنەوە لە ڕۆبۆتێکدا.

کۆمپانیای بەرهەمهێنی ڕۆبۆتەکە ڕایدەگەیەنێ، ناکرێت بۆ هەر ئەرکێکی پاککردنەوەی ئامێرێکی تایبەتی دروست بکرێ، چونکە هەم تێچووی زۆر بۆ بەکارهێنەری دەبێت و هەم شوێن دەگرێت، بۆیە یاربۆ سێ ئەرك ئەنجام دەدات.

بەشی Yarbo Snow-blower S1 ئەو بەشە تایبەتە بە ڕاماڵینی بەفر، ئەو مەودایەی بە سیستەمی GPS بۆی دیاری دەکرێت، بە باشی لە بەفری پاك



## ڕۆبۆتی پاککەرەوەی حەوزی مەلەوانگەکان

پاککردنەوەی مەلەوانگەکان بە مرۆڤ زۆر ئەستەمە، بەتایبەتی ئەگەر مەلەوانگەکە قووڵ بێت، لە کاتی وادا یا دەبێ مەلەوانگەکە لە ئاو بەتاڵ بکرێت، یان دەبێت ئامێرێکی تایبەت هەبێت بۆ پاککردنەوە.

ڕۆبۆتی جۆری Doheny›s Advantage Pro تایبەتە بە پاککردنەوەی مەلەوانگەکان، تەنانەت ئەگەر قوڵاییان ٦ مەتریش بێت. ڕۆبۆتەکە دەچێتە ناو قوڵایی ئاوەکە، لە دەرەوە بەکارهێنەر بە مۆبایل کۆنترۆڵی دەکات، نە تەنیا قوڵایی ئاو بەڵکو بە دیواری مەلەوانگەکەش هەڵدەزنێت و پاکی دەکاتەوە. دەکرێت بەهۆی ئاپێکی مۆبایلەوە، ڕۆبۆتی ناوبراو کاتی بۆ دیاری بکرێ و لە کات و ساتی خۆیدا دەست بکات بە خاوێنکردنەوە. ڕۆبۆتەکە ستایلەکەی و ئەرکەکەی وەك گەسکی کارەبایی وایە و هەمان ئەرکیش ئەنجام دەدا، بەڵام لە ناو ئاودا.



# یەکانی پاککەرەوە

**شوێنە ئەمنییەکان، شوێنە بازرگانییەکان و..تاد سوودیان لێوەربگیردرێ.. لێرەدا نموونەی چەند ڕۆبۆتێك دێنینەوە کە لە بوارەکانی پاککردنەوەی (چیمەن، بەفر و ئاودا) سوودیان لێوەردەگیردرێت.**

## ەرەوەی هەمەکارە

دەکاتەوە و هەڵیدەگرێ و بۆ چەندین مەتر لە خۆی دوورتر فڕێی دەدات.

بەشی Yarbo Lawn Mower M1 ئەو بەشە تایبەتە بە ڕێککردنی چیمەن و سەوزایی باخچەکان، دەتوانێت مەودای چوار دۆنم باخچە چیمەنەکەی بدورێ و ڕێکی بخات، چەندین جۆر تیغی هەیە، هەروەها زیرەکە و زیان بەو گیاندارانە ناگەیەنێت کە لەناو چیمەنەکەدا هێلانەیان کردووە.

بەشی Yarbo Blower B1 تایبەتە پاککردنەوەی گەڵای وەریوی داری باخچەکان، خێرایی بابیەکەی ١١٩ مایل لە کاتژمێرێکدایە، بۆیە دەتوانێت ئەوەی لە پێشی بێت ڕایبماڵێت.

## ڕۆبۆتی تایبەت بە چیمەن بڕینەوە

چیمەن بڕینەوەی باخچەکان هەم کەسی شارەزای دەوێ و هەم ئامێری پێویست، بەڵام بەهۆی ڕۆبۆتی luba نە پێویستت بە کەسی شارەزای و نە ئامێری گونجاو. ڕۆبۆتەکە زیرەکە بەهۆی سیستەمی Wi-fi و GPS ئەرکەکان بە باشی ئەنجام دەدات، بەکارهێنەر دەتوانێت مەودای جوگرافی یا دوو مەودای بۆ دیاری بکات و بۆ هەرکام لەو شوێنانە کات دیاری بکات و لەکاتی خۆیدا ڕۆبۆتەکە دەست دەکات بە چیمەن بڕینەوە. بەکارهێنەر دەتوانێت ئەندازەی چیمەنەکە دیاری بکات. لەکاتی باران و کەشەوای نالەبەردا خۆکار دەگەڕێتەوە بۆ شوینی خۆی و هەروەها لە کاتی تەواو بوونی شەحندا خۆکار خۆی شەحن دەکاتەوە. بە بەرزاییەکانیشدا هەڵدەگەڕێت و گژوگیای ئەستووریش دەبڕێتەوە. لە کاتژمێرێکدا ٣ دۆنم پاکدەکاتەوە.







# هیدفۆنێکی ناوازە و باندێک بۆ تەندروستی





هیدفۆن کاتژمێر دوو ئامێری پێکەوە ناتەبان و هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، بەڵام هیدفۆنی جۆری Aipower Wearbuds نازانین پێی بڵێین باندی زیرەك یا هیدفۆنی ناوازە. چونکە لە ڕاستیدا باندێك یا کاتژمێرێکی زیرەکە و لە دەست دەکرێ و لە هەردوولای سەرێ و خوارێی باندەکە دوو هیدفۆن هەن لە ڕێگای Hi-Fiوە پێکەوە پەیوەند دەدرێن. کێشی ئامێرەکە نزیکەی ٢٠٠ گرامە. هیدفۆنەکە لە ڕێگای باندەکەوە شەحن دەبێتەوە. دەنگێکی ناوازەی بێ خشە و خش و دەنگی زیادی هەیە.

باندەکە واتە کاتژمێرە زیرەکەکە بۆ کۆنترۆڵ کردنی تەندروستی جەستە، وەك لێدانی دڵ، چاودێری کاتەکانی نووستن، پێوەری هەنگاو، کالۆری پێو و چەند حاڵەتێکی دیکەی چاودێری تەندروستی سوودی لێوەردەگیرێت. بە تەڕبوون تێکناچێت و زانیارییەکانی سەر شاشەکە ڕاستەوخۆ بۆ هیدفۆنەکە دەنێرێت، جگە لەوەش لەسەر شاشەکە زانیارییەکان دەبیندرێن.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک


**بەڕێزێك دەپرسێت چۆن لە فایلێکی word دا دوو ژمارە لاپەڕەی جودا دابنێم، یان لە ناوەند لاپەڕەی بێ ژمارە دابنێم؟**

خوێنەری بەڕێز فایلەکەت چەند لاپەڕەیە گرنگ نییە، دەبێ لەسەرەتادا دیاری بکەی لە ژمارەی چەندی لاپەڕەکەت دەتەوێ ژمارەکە جودا یا بێ ژمارە بێت، دواتر بچوو سەر بەشی layout و دواتر دوگمەی breaks دابگرە و دواتر next page لێبدە، ئەوکات لەو بەشەی دیاریت کردووە لاپەڕەکان دەبنە دوو بەش، لە هەرکام لەو بەشانە page number دابگری و دەبنە دوو بەشی سەربەخۆ لە لاپەڕە دانان و تەنانەت دەتوانی ئاراستەی ژمارەکەش بگۆڕی، جگە لەوەش دەتوانی بەبێ ژمارەش لاپەڕە دابنێی.

# پرۆگرامەکانی تایبەت به تەندروستی لە مۆبایلدا

مۆبایل بەهۆی بچووکی و کێشی کەم و ئاسانهەڵگرتنی زۆر ئەرکی گرنگ ئەنجام دەدا، یەکێك لەو ئەرکانە چاودێری تەندروستی بەکارهێنەرەکەیەتی، لێرەدا ئاماژە بە چەند پرۆگرامی تایبەت بە تەندروستی لە مۆبایلدا دەکەین.

گوگل لەمبوارەشدا پێشەنگە، ئەپی Google Fit بە ئاسانی کە لە سیستەمی ئەندرۆیدا بەردەستە، دەتوانێت ڕێژەی لێدانی دڵ، ئاستی ئۆکسجین لەناو خوێندا، پێوانی کالۆری، چالاکییە وەرزشییەکانی وەك پایسکل سواری و مەلەکردن و ڕاکردن و زۆر ئەرکی دیکەش لەم ئەپەدا هەیە. بە ئاسانی دەتوانی لە گوگل پلەی وەریبگری.



ئەپلکەیشنی Breath Counter تایبەتە بە چۆنییەتی هەناسەدان، چۆنییەتی سوود لێوەرگرتنی ئەپەکە بەم شێوەیە، دوایی کردنەوەی پرۆگرامەکە دوگمەی start دابگرە و لەسەر زگی دابنێ، دوای یەك خولەك ژمارەکە چەند بوو چۆنییەتی هەناسەدانت بەم شێوەیە.



# درۆنێک بچووکتر لە مۆبایلێک


درۆنەکانی وێنەگرتن، بەتایبەتی درۆنەکانی تایبەت بە فیلم و وێنە هەڵگرتنی پیشەیی قەوارەیان ئەوەندە گەورەیە لە بەرك و گیرفاندا جێگایان نابێتەوە. درۆنی بچووکی جۆری ZANO لە مۆبایلێك بچووکترە و دەکرێت لە بەرك یا جانتای بچووکیش بخرێت. کێشی لە سەد گرام کەمترە. بەڵام کامێرایەکی بچووکی HD لەسەرە، دەکرێت لە هەموو شوێنێك فیلم و وێنە هەڵبگرێتەوە و دواتر لەسەر بەری دەستی بەکارهێنەرەکەی بنیشێتەوە. درۆنەکە بە دوای بەکارهێنەر یا سوژەی وێنە و فیلمەکان دەکەوێت. لەگەڵ هەردوو سیستەمی مۆبایلی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس پەیوەند دەدرێت و لە ڕێگای ئەوانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. وێنەکان ڕاستەوخۆ بۆ مۆبایل بەرێ دەکات. خاڵی جێگای سەرنجی درۆنەکە تەنیا بچووکی و کەم کێشیەتی.



## ماڵپەڕی کۆگای ماڵپەڕەکانی ژیری دەستکرد

ژیری دەستکرد هەموو شوێنێك و کون و کەلەبەرێکی ژیانی گرتۆتەوە، بازنەیەکە لەداهاتوویەکی نزیکدا بە دەوری ژیانی ڕۆژانی مرۆڤدا خول دەخوات. ماڵپەڕی theresanaiforthat.com کۆگای گشت ماڵپەڕە زیرەکەکانە. لەو ماڵپەڕەدا ماڵپەڕەکانی ژیری دەستکرد ڕیزبەندی کراون و هەر ڕیزەی بۆ بەشێك تەرخان کراوە. ئۆگرانی ژیری دەستکرد پێویست ناکات یەکە یەکە بەدوای ماڵپەڕی لەو شێوەیەدا بگەڕێن و بەڵکو لەو سایتەدا هەموویان کۆکراونەتەوە. وەك ماڵپەڕەکانی تایبەت بە وێنە، ڤیدیۆ، دەق و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان. نووسینی پرۆگرام و کۆدەکان. دروستکردنی وێب سایت بە ژیری دەستکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ماڵپەڕەکە بەردەوام نوێ دەکرێتەوە و لینکی ماڵپەڕی دیکەی بۆ دادەنرێت.

# تەبلێتێک پەیوەندی مانگی دەستکرد وەردەگرێ



تەبلێتی MatePad Pro 11 کۆمپانیای هواوی یەکەمین تەبلێتە لە جیهاندا کە پەیوەندی دوو خستەڕوو، لایەنەی مانگی دەستکرد وەردەگرێت. واتە ئەم هەم بەرێ دەکات و هەم وەردەگرێت. پەیوەندی لە ڕێگای مانگی دەستکردەوە بە سوود وەرگرتن لەمانگی دەستکردی بایدۆ تا بەرزایی ٣٦ هەزار کیلۆمەتر داهێنانێکی نوێیە کە هواوی لەو تەبلێتە نوێیەدا ئەو خزمەتگوزارییەی بەرجەستە کردووە، لەگەڵ ئەوەیدا وەك تەنکترین تەبلێت لە جیهاندا ناسراوە، بارستاییەکەی تەنیا ٥,٩ ئینجە. کێشی تەبلێتەکە ٤٤٩ گرامە. شاشەکە لە جۆری OLEDیە. و لە شەحنی خێرا سوود وەردەگرێت. ڕامەکەی ١٢ گیگابایتە و هاردەکەی ٥١٢ گیگایە.

# ڕۆژانە پێویستە چەند جار دەموچاوت بشۆیت؟




شۆردنی دەموچاو بە یەکێك لە گرنگترین ئەنجامەکانی چاودێریی پێست دادەنرێت، کە دەبێت ڕۆژانە بەردەوام بیت لە گرنگی پێدانی، سەرەڕای ئەوەش زیاد لە پێویست شۆردنی دەموچاو دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە پێست و چەندین کێشەی پێست درووست دەکات.

بە شێوەیەکی گشتی پێویستە ڕۆژانە دووجار دەموچاوت پاك بکەیتەوە، بەیانیان و ئێواران، ئەوەش بە سەرنجدان بەوەی کە پێست بە شێوەیەکی سرووشتی بە درێژایی ڕۆژ چەوری و شێدارکەرەوە بەرهەم دەهێنێت، ئەمە جگە لە کاریگەرییەکانی ماکیاژ و تۆز و پیسی، کە بە درێژایی ڕۆژ لەسەر پێست کۆ دەبێتەوە.

بۆ ئەوەی پێستت بەردەوام نەرم و شێدار بێت، ئەم ڕێنماییانە پەیڕەو بکە.

- دەموچاوت بە ئاوی شلەتێن تەڕ بکە.
- لە کاتی شۆردنی دەموچاو سەری پەنجەکانت بدە لە پێستت و، بە جووڵەی بازنەیی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بیگوازەرەوە.
- بەتایبەتی سەرنج بدە بە ناوچەی (T)ی دەموچاو، واتە نێوچەوان بەرەو خوارەوە.
- دەموچاوت بە باشی بە ئاو بشۆرە و بە بەکارهێنانی خاولییەکی پاك، بە نەرمی وشکی بکەرەوە.

# ڕاهێنانی یۆگای دەموچاو بۆ ئەوەی پێستت گەنجتر نیشان بدات



پێویستە بە چاوی داخراوەوە دەستێکت بخەیتە سەر نێوچەوانت، کاتێك چاوەکانت دەکەیتەوە گرنگی بە چۆنیەتی جووڵەی نێوچەوانت بدە، بە ئەگەرێکی زۆرەوە لەگەڵ کردنەوەی چاوەکانتدا کە فراوانتر و فراوانتر دەبن، وا هەست دەکەیت کە پێستت بەرەو سەرەوە دەڕوات، ئامانجی ئەم مەشقە ڕاگرتنی ئەو جووڵەیە، ئەم دۆخە بۆ ماوەی پێنج چرکە ڕابگرە.

**شێوەی پیتی(O) بۆ نەرمکردنی چرچ و لۆچی نێوچەوان**

بۆ ئەنجامدانی ئەم ڕاهێنانەی دەموچاو سەرەتا دەمت بکەرەوە بۆ ئەوەی شێوەی (O) درووست بکات، دواتر بە پەنجەی ئاماژەت لە نزیك دەمەوە فشار بخەرە سەر لە هێڵی چەناگەت بەرەو لووت، ئەم ڕاهێنانە بۆ بەهێزکردنی ماسوولکەکانی دەوروبەری دەم زۆر بەسوودە.

**وەرزشی پێی باڵندە بۆ ماوەی یەك خولەك**

ئەگەر دەتەوێت دەرکەوتنی چرچیی قەراغی چاو کەم بکەیتەوە، ئەم ڕاهێنانە شوێنێکی باشە بۆ دەستپێکردن، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت پەنجەی ناوەڕاستت لەسەر گۆشەی ناوەوەی چاوەکانت دابنێیت بە فشارێکی مامناوەند، پاشان پەنجەی ئاماژەت زیاد بکە بۆ گۆشەی دەرەوەی چاوەکانت بە فشارێکی سووك.

چاوەکانت بکەرەوە و سەیری سەرەوە بکە (بەڵام ئەوەندە دوور نەبێت کە هەست بە جووڵەی برۆکانت بکەیت) پاشان لەو شوێنەی هەست دەکەیت کەمێك ماسولکەکان دەلەرزن، چاوەکانت دابخە، بۆ چەند چرکەیەك ئەم دۆخە ڕابگرە، پاشان چاوت بتروکێنە، ئەمەش ئەنجامێکی بەسوودی دەبێت.



**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**



# ڕێگەکانی پاراستنی پێست لە مەترسیی کاتی خۆگەرمکردنەوە لە زستاندا

خۆگەرمکردنـەوە لـە وەرزی زسـتاندا ئاڵنگارییەکـی گـەورە بـۆ پێست درووست دەکات و کاریگەریی نەرێنیی دەبێـت، بەمـەش پێسـت زیاتـر ئامـادەی وشـکبوونەوە و توێژهەڵـدان دەبێـت، بۆیـە پێویسـتە ڕۆتینـی چاودێریـی پێسـتت بگۆڕیـت بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ کەشـوهەوای سـاردی زسـتاندا بگونجێـت.

پێسـتی تەندرووسـت یارمەتیـدەرە بـۆ کاردانـەوەی زیاتـر بەرامبـەر گۆڕانـی کەشـوهەوا و لـە کاریگەرییەکانـی تووشـبوون بـە کێشـەکانی پێسـت، وەك وشـکبوونەوەی پێسـت (پێسـتی وشـك) یـان ئەکزیمـا (خـوران، وشـکبوون، یـان سـووربوونی پەڵـە یان برین لەسەر پێست) کەم دەکاتـەوە، کـە دەتوانێـت لـە توندتریـن بارودۆخـدا جیـاواز بێـت بـۆ پاراسـتنی پێسـت لـە مەترسـیی گـەرم بـوون لـە زسـتاندا.

چەند ئامۆژگارییەك بۆ پاراستنی پێست لە کەشوهەوای سارددا

١- شێدارکردنی پێستت.

٢-دوورکەوتنەوە لە ئاوی گەرم.

٣-پێسـتت لـە بەرکەوتـن بـە بـا بپارێـزە.


٤- خواردنـی تەواوکـەری ڤیتا میـن D.

٥-بـە زەیتـی سرووشـتی پێسـتت مەسـاج بکـە.

٦-خواردنـەوەی بـڕی پێویسـتی ئـاو.


٧- شـەوانە گەرمکـەرەوەی وەك (سـپلیت) بکوژێنـەوە کـە هـۆکارە بـۆ وشککردنەوەی شێ.

# فیستیڤاڵی کریسمس بۆ ساڵی تازە لە کوردستان بەڕێوەدەچێت












ساڵانە لە کوردستان فیستیڤاڵی جۆراجۆر بە بۆنەی هاتنەوەی سەری ساڵی تازەوە بەڕێوە دەچن، لە چەند ساڵی ڕابردوودا فیستیڤاڵەکان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بەڕێوە چوون، دواترینیان فیستیڤاڵی سەری ساڵ لە دریم سیتی هەولێر کرا، ئەمساڵیش لە ١٢ی مانگەوە تا شەوی سەری ساڵ لە پارکی سامی عەبدولڕەحمان و لە بەردەم پیشانگەی نێودەوڵەتیی هەولێر دەکرێتەوە، لە سەرەتای کردنەوەی فیستیڤاڵەکەدا قەشەنگترین دیکۆر و بازاڕێکی خنجیلانە بە ڕێوڕەسمێکی جوانەوە کرایەوە، سەرلەئێوارەوە تا درەنگانی شەو فیستیڤاڵەکە بەردەوام بوو، چەندین چالاکیی جۆراوجۆریش لەو شوێنەدا پێشکەش دەکرێن، وەک: شانۆگەری، گۆرانیی منداڵان و جمناستیک و میوزیک و گەورەترین داری کریسمس دانراوە، لە شەوی سەری ساڵیشدا یارییە ئاگرینەکان ئاسمانی هەولێر ڕووناک دەکەنەوە، کە بریتییە لە ٦٠ کیوسکی قاوە و چای خەڵووز و خواردنی خێرا، بۆ ئەوانەی حەز بە نۆشکردنی خواردن و خواردنەوە لە کەشی سەرمادا دەکەن، ئەم فیستیڤاڵە بۆ ماوەی ١٧ ڕۆژ لە ٥ی ئێوارە بۆ ١٢ شەوە و لە ڕۆژی یەکەمی سەری ساڵی تازەوە کۆتایی دێت.







## یۆرانیۆمی کارەسات و دەگمەن

ئەو ماددەیە لەگەڵ چەند ماددەیەکی دیکە بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆم بەکاردێت، لەگەڵ ئەوشدا زۆر سوودی بە مرۆڤایەتی گەیاندووە لە بواری پزیشکی و وزە و.. هتد، بەڵام کێبڕکێی وڵاتان بۆ ئەوەی یەکەمە، یۆرانیۆم ماددەیەکی دەگمەنە لەسەر زەویدا، دەگوترێت لە ئاسمانەوە کەوتووەتە سەر زەوی، ڕێژەکەی زۆر کەمە، بەڵام زۆر کاریگەرە بەهۆی ئەوەی ئەلیکترۆن و پرۆتەنەکانی ناو گەردیلەکانی لە کاتی تەقینەوە و بەرکەوتنی بە ماددەی دیکە، بەردەوام دەبن لە جیابوونەوە و دەرکردنی هێز و شەپۆلەکانی گاما و بێتا و ئەلفا، بۆیە لە بواری وزە و تەقەمەنیدا بەکار دەهێنرێت.



## کرێنی کایشۆی بە تێن و بەهێز



توانای ئامێرە میکانییەکییەکان لە هەندێ حاڵەت و کاردا، دەبێتە جێی سەرسوڕمانی مرۆڤ، چونکە لە توانا و هەڵگرتنی کەرەستە و کەلوپەکان هێندە بەهێزن، وەك کارێکی ئەستەم دەردەکەوێت، توانای کرێنی زەبەلاحی کایشۆ، کە کرێنێکی زەبەلاحی لەنگەرگرتووە، توانای بەرزکردنەوەی ٤١٠٠ تۆنی هەیە، وێنەکەش لە کاتی پرۆسەی دانانی گومەزییەك بۆ مۆزەخانەی دەریایی ئۆساکا گیراوە کە کێشی ١٢٠٠ تەنە و، لە شاری ئۆساکا - ژاپۆن لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٨ دەردەکەوێت.



## کاریکاتێر

باس لەو کەسانە دەکات تا تەمەنێکی درەنگ و گەورەوە بە منداڵی دەمێننەوە و گەورە نابن، یان نایانەوێت گەورە ببن.



## دیمەنە سەیرەکان

دیمەنی هەنارێکە کە تەمەنی کە ٣٢٠٠ ساڵە و لە گۆڕی توت عەنخ ئامون لە وڵاتی میسر دەرهێنراوە و تا ئێستا پەلکەکەی نەرزیوە، تەنیا دنکەکانی وشك بوونەتەوە، کە ئەوەش مۆمیا کراوە.



# فیلی زیرەک و خۆپارێز

فیلەکان بە مێرووله و گیانداره خشۆك و بچووکەکان بێزار دەبن، بەهۆی ئەوەی دەچنە ناو گوێچکە و لووتیان، ئەم فیلە نائاساییە شفرە درێژە کە بە کرایگ (Craig) ناسراوە، یەکێکە لە بەناوبانگترین فیلەکان و زۆرترین وێنەی هەیە. ئەم فیلە لە ساڵی ١٩٧٢ لەدایك بووە و ئێستا تەمەنی ٥١ ساڵە، هەروەها گەورەترین و بەتەمەنترین فیلی زیندووە لە جیهاندا، فیلەکان کاتێك تۆز و خۆڵ بەسەر پێستیاندا دەرژێنن، خۆیان لە مێرووەکان و پێستیان لە تیشکی سووتێنەری خۆر دەپارێزن.



# یاسا

**خیانەتی هاوسەری**

ئایا ئەگەر پیاو زانی کە هاوسەری کاری بەدڕەوشتی کردووە، دواتر سەرجێی لەگەڵ کردەوە! مافی هەیە شکاتی لێ بکات؟ وەڵامی ئەو کەیسە ئەوەیە: دوای ئەوەی پیاو دەزانێت ژنەکەی زینای کردووە و دواتر سەرجێی لەگەڵ دەکاتەوە، مافی نامێنێت نە شکات لە ژنەکەی نە ئەو پیاوەی تریش بکات، چونکە ڕازیبوونی پیاوەکە دەردەخات کە جدی نییە لە شکایەتکردن.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، پێویستە زیاتر هەوڵ بدەیت، تەنیا خۆت بۆ دەرفەت و چانسەکان هەڵنەگریت، لەلایەنی سۆزدارییەوە خۆشەویستەکەت پێویستی بەوەیە زیاتر هەست و سۆزی نیشان بدەیت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ڕێگە مەدە فشاری کەسانی دیکە کاریگەریی هەبێت لەسەر مامەڵەکردنت لەگەڵ خۆشەویستەکەت، لەلایەنی پیشەییەوە زانیارییەکی زۆر بەدەست دەهێنیت و کار لەسەر پرۆژەکانی ڕابردوو دەکەیتەوە، دووربکەوەرەوە لە دەمەقاڵێ لەگەڵ کەسانی چواردەورت و نەرمتر ڕەفتار بکە.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

لەگەڵ خۆشەویستەکەت ڕاستگۆبە، هەوڵ بدە متمانەی لەدەست نەدەیت، لەلایەنی پیشەییەوە دووربکەوەرەوە لە تووڕەیی و ڕەخنەگرتن، هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو شتانە بدە کا ماوەیەکی زۆرە خەونیان پێوە دەبینیت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئەگەر کەسێکی دیاریکراو لە دڵتدا هەیە، کەواتە بۆچی هەستەکانتی نیشان نادەیت؟ ئەگەر زۆر دوای بخەیت پەشیمان دەبیتەوە، لەلایەنی پیشەییەوە خۆت مەبەستەرەوە بە کارێکی دیاریکراوەوە و هەوڵ بدە کاری جیاواز تاقی بکەیتەوە، تواناکانت لە چوارچێوەی سنوورێکدا دیاری مەکە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

سەرکێشی مەکە و دووربکەرەوە لەوەی بێ بیرکردنەوە ڕەفتار بکەیت، دەنا خۆشەویستەکەت نیگەران دەبێت و دووردەکەوێتەوە، لەلایەنی پیشەییەوە کاربکە بۆ ئەوەی بگەیت بە پلەیەکی بەرز، متمانەت هەبێت دەگەیت بە خەونەکانت.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

بیر لەوە بکەرەوە گۆڕانکاری ئەنجام بدەیت و ئەزموونی زیاتر تاقی بکەیتەوە، مەترسە لەوەی کاری جیاواز بکەیت، خۆشەویستەکەت دڵخۆشە بەو کاتانەی لەگەڵ تۆدا بەسەری دەبات، تۆش زیاتر گرنگیی پێ بدە و فەرامۆشی مەکە.

بۆ زانیاریت

# ئایرباگ




کیسەکانی هەوای ئایرباگ airbag ناو ئۆتۆمبێلەکە پڕن لە خوێی سۆدیۆم ئازید NaN3 کە ماددەیەکی زۆر ژەهراوییە، بەڵام کاتێك پێکدادانێك ڕوو دەدات، هەستەوەرەکانی ئۆتۆمبێلەکە پەستانی کارەبایی بەرهەم دەهێنن و لە بەشێکی کەمی چرکەیەکدا پلەی گەرمی ئەم خوێیانە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز دەکەنەوە، بەم جۆرەش ئەم خوێیانە شی دەبنەوە و دەبنە گازی نایترۆجینی بێ زیان، کیسەکەش فراوان دەبێت و بە خێرایی هەوا دەچێتە ناو ئایرباگەکەوە.

فیلم

## بۆستنی سەمەرە - Boston Strangler



فیلمێکی خەیاڵی و مایسترییە، باس لە ڕیپپۆرتەرێك یان ڕاپۆرت نووسێك دەکات کە پەیوەندیی لەگەڵ کەسێکی بکوژ دەبێت، کە ڕاپۆرتەکانی دەبنە سەرچاوەی شاری بۆستنی سەمەرە، کە چۆن ئەو هەموو هەواڵەی مردن و کوشتنەی زانیوە، فیلمەکە باسی سەردەمی ساڵانی ١٩٦٠ی شاری بۆستنی ئەمریکا دەکات کە لووتکەی ڕووداوی تاوان و کوشتن لەو شارەدا بوو، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٥٢ خولەکە، لە دەرهێنانی مات ڕوسکین، لە مانگی سێی ئەوساڵ بەرهەم هاتووە، کەچی بەهۆی بوونی ڕەخنە لەسەر فیلمەکە دواجار لە ئێستادا نمایش دەکرێت، لە نووسینی بێن کوتشینس و نواندنی: کایرا نایتلی، کاری کۆن، دەیڤید داستمالاچیان، ئەلیساندرۆ نیڤۆلا، مۆرگان سپێکچەر.



## پەند و وتە

مای سارتۆن، کە نازناوی ئیلیانۆر ماری سارتۆن ڕۆماننووسی بەلجیکی و خاوەن ڕەگەزنامەی ئەمریکی، لە ساڵی ١٩١٢ لە ساری گینت لە بەلجیکا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٩٥ لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی تەنیایی و دوورە پەرێزی دەڵێت: «تەنیا واتا هەژاریی دەروون و بێزاری و نەهامەتییەکەی، بەڵام دوورەپەرێزی واتە دەوڵەمەندی و بەرزیی دەروون».



## یاریی وێنە

لەم تابلۆ - وێنەدا، دیمەنێکی سرووشتی هەیە، هەروەها گیاندارێك دەردەکەوێت، هەوڵ بدە بزانیت گیاندارەکە ڕاستەقینەیە یان وێنەیکێشراوە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

بەدوای دەرفەتێکدا بگەڕێ بۆئەوەی سوودی لێ ببینیت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت، بەڵام ئارام بگرە، چونکە کاتی زۆری پێویستە، متمانەت بە خۆت هەبێت، کاتێك ڕووبەڕووی ڕەخنەی کەسانی دیکە دەبیتەوە، مەڕوخێ و دەستبەرداری ئامانجەکانت مەبە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

خۆشەویستەکەت لەبارەی چەند شتێکەوە دەدوێت و ڕەنگە ئەمەش تۆ بێزار بکات، بەڵام وشەکانی لە سوودی تۆدایە و ئەو باشترینی دەوێت بۆ تۆ، هەندێك بەربەست دێتە بەردەمت، بە بەهێزییەوە ڕووبەڕوویان بەرەوە و تواناکانت مەشارەوە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

گرنگی بە خۆت و ستایلی خۆت بدە، چونکە کاریگەریی زۆر باشی هەیە لەسەر متمانەبەخۆبونت، زۆر نزیکیت لە گەیشتن بە خەونەکانت، تەنیا چاوەڕێی کاتی گونجاو و دەرفەتی باش بکە، هەوڵ بدە زیاتر هەنگاوەکانت بە ئاراستەی کاری جدی بن.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


دووربکەوەرەوە لە توڕەبوون لە هاوپیشەکانت، ئەگەر کارێکی هەڵەیان بەرامبەر کردی، کاتی ئەوەیە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ درووست بکەیت، چەندین سوپرایزی جۆراوجۆر چاوەڕێت دەکات، تەنیا ئارام بگرەوە و چاوەڕێبە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کاتێکی خۆش لەگەڵ کەسە نزیکەکانت بەسەرببە و چێژ لە ڕۆژەکەت ببینە، چونکە ئەو کاتانە هەرگیز ناگەڕێنەوە، ئەگەر لە شتێك ڕازی نیت لە شوێنی کارەکەت، هەوڵبدە ڕێگەی ستراتیژییانە بەکار بهێنیت بۆ چارەسەرکردنیان.


### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە لایەنی سۆزدارییەوە هێشتا ئەو کەسەت نەدۆزیوەتەوە کە بە ڕاستی دەبێت بە خۆشەویستت، تەندرووستیت باشە، لەلایەنی پیشەییەوە پێویستت بە پشوو وەرگرتن هەیە، لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە کەمێك بەرپرسیارانەتر ڕەفتار بکە و هەستی کەسانی دیکە بریندار مەکە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
December 18, 2023 Issue,No.1394


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626